# زمان ، وێژە

# و

# فولكلۆری كوردی



ح.س.سۆران

**2009**

# زمان

# وێژە

# فولکلۆر

نووسینی : ح . س، سۆران

soransa@hotmail.com

ناسنامەی کتێب :

ناو : زمان ، وێژە و   فولکلۆری  کوردی

نووسەر : ح.س.سۆران

چاپەمەنی : ئێلێکترۆنیک

ساڵی بڵاو کردنەوە : 2009

بە هاوکاری هونەری کاک نادر فەتحی ( شوانە ) .

زمان: کوردی

تیراژ : 2000

# پێشەکی

**بە ناوی کوردستانی گەورە**

ئەم پەڕتووکە ، بریەتیە لەو وانانەی ،کە بە زاراوەی سۆرانی دەمنووسین و لەسەر ئەرکی رێزدار کاک نادر فەتحی ( شوانە) ، بەرپرسی بەڕیزی ماڵپەڕی هێژای بۆکان/رۆژهەڵات لە ئەلمان ، لەو ماڵپەڕەدا ، بڵاو دەبوونەوە . وانەکان لە بەستێنی زمان ، وێژە و فۆلکلۆری کوردی دا بوون و ئەم کارە بە ئامانجی پەرەدانێکی سەرەتایی زمان و فەرهەنگی کوردی ئەنجام دەدرا .

ئێستا لەگەڵ سپاس و دەست خۆشی لە کاک نادر فەتحی (شوانە )، بۆ ئەوەی کە لە بەرگێک دا کۆ ببنەوە و کەڵکی زیاتر لە وانەکان وەربگیررێن ، پاش تۆزێک ئاڵوگۆڕ ، لەم کتێبەدا بڵاوم کردنەوە .

بە هیوام بە خشڵی سەرنجی زمانە وانان و وێژەوانانی زمانی کوردی بڕازێتەوە ولە راست کردنەوەی هەڵە کان و پڕ کردنەوەی کەلێنە کانیشی دا تێ بکۆشن ، چون هەمووما‌ن دەزانین ، هێشتا پێویستە زمانی کوردی بە چەشنی هەمەلایەنە ، کاری زۆری لەسەر بکرێ ، تا ببێتە زمانێکی جێکەوتو . ح.س.سۆران

تێبینی: لەم پەڕتووکە دا ، تەورەی سەرەکی لە روانگەی زمان ناسیوە ، پتر لەسەر بستۆی زاراوەی سۆرانیە . پێویستە ئەمەش روون بکەمەوە، کە نووسیی زمانی کوردی وەک زانستی کامپیوتێر ، بە چەشنی بنەوەشت بەرەو گۆڕان و پیتاندن دەڕوا و ئەگەر لەم نووسراوانەدا ، بۆچوونە زمانە وانیە کانی منیش ، لەگەڵ هێندێک لە نووسراوەکانی دیکەم ، کە هی سی چل ساڵ پێشن ( بۆ وێنە کتێبی زمان و ئەدەب ، باڵە کۆلارە ، داری مازو و ... ) ، تۆفیری ببێ ، دەبێ بە شتێکی ئاسایی و چاوەڕوان کراو بزانرێ ، کە لە پێناو پەرە سەندن و پیتاندنی زمانی کوردی دا هاتوونەتێ گۆڕێ .

ح.س.سۆران - 2009

soransa@hotmail.com

# بەشی یەکەم : "زمان"

# ئەلفوبێ :

زمانی کوردی یەکێک لــە زمانــە ئاریاییــە کانــە . ئــەم زمانــە و زمانگەلی فارسی ، بلووچی ، دەری ، تاجیکی و چەنــد زمــانی دیکــە ، گشــیان لــە لــق و پــۆپی زمــانی ئاریــایین . بەڵــگەی زماننناسی زۆر مان بەدەســتەوەیە ، کــە دەســەلمێنن ، زمــانی فارسی کە بۆخۆی لە زمانە ئاریاییەکانە ، لە زمانی کوردی کۆن جوێ بوەتەوە .

زمانی کوردی ، خاوەنی زۆر زاراوە ، بن زاراوە و تەنانەت بنی بن زاراوەشە . سێ زاراوەی هەرە سەرەکی زمانی کوردی ، کە زۆرتر بەم زاراوانە دەنووسن ، ئەمانەن :

1- سۆرانی .

2- بادینی .

3- گۆرانی .

ئێمە لەم زنجیرە وانانەدا و لەم بەرگەدا ، لە پێش دا خەریکی فێرکاری و راڤە کردنی سۆرانی دەبین . زاراوەی سۆرانی، کە لە ناوچەگەلی نێوەندی و لای سەرەوەی باشووری کوردستانی گەورە قسەی پێدەکەن و زمانی فەرمی دەوڵەتی هەرێمی کوردستانی باشوورە ، بە ئەلفوبێی عارەبی { فارسی} دەنووسرێ ، بەڵام بۆ نیشاندانی تۆفیری چەشنی دەربڕینی وشە ، دروشمی { v } لەسەر یا بن ئەم پیتانە دادەنێن : { ر } ، { ل } ، { و } و { ی } .

**ئەو دروشمە لە سەر یا بن هەر پیتێک دابنرێ ، چەشنی دەربڕینەکەی دەگۆڕرێ . بۆ وێنە : گڵ { خۆڵ } یا گل { ژان } .**

**پیتگەلی ئەلفوبێی چەشنی سۆرانی زمانی کوردی ئەمانەن :**

**ا ، ء ، ب ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر، ڕ، ز، ژ ، س ، ش، ع ، غ ، ف ، ڤ ، ق ، ک ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، و ، ۆ ، وو ، ە ، ی ، ێ .**

هێندێک کەس ، بڕێک لە پیتەکان جێ گۆڕکێ پێ دەکەن ، بۆ وێنە پیتی " ا" ، " ء" و "ە " - یانی ریزی ( تەرتیبی ) نووسینی پیتەکان بە لەونێکی دیکە دەنووسن .

**چەند کورتە سەرنج :**

1 - **هەر وەک دەبینن ،ئەم پیتگەلە، لە** ئەلفوبێی عاربی **زمانی کوردی دەرهاوێژراون :**

ث ، ذ ، ص، ض ، ط ، ظ .

2-**لە زمانی کوردی دا پیتێک هەیە ، بە ناوی { ڤ } کە لە زمانی فارسی و عارەبی دا نیە ، وە { گۆڤار } .**

3- **لە زمانی کوردی دا ، پیتی { آ } ی فارسی ، بەم چەشنە دەنووسن :**

**{ ئا } ، وەک {ئاوێنە } .**

4- لــه زمــانی کــوردی دا ، بزووتنــەوه بــه پیتــه ، یــانی هــەر وشەیەک ،هەر چۆن دەنووسرێ،هەر واش دەخوێندرێتــەوە، وەک { سەر } ، {تێر} ، { تۆڕ} .

5- قەت پیتگەلی { ا } ، { ە } ، { ڕ} ، { ڵ} ،{ ۆ} ، وو، و {ێ } لەهەوەڵی وشە دا نانووسرین . یانی ئەمانە هەڵەن :

{اسرین}،{ەویر} ،{ ڕاست }، {ڵاڵ} ، { ۆشک } ، ووشە و { ێک} .

لە باتی ئەمانە دەبێ بنووسین:

ئەسرین ، هەویر ، راست ، لاڵ ، وشک ، وشە و یەک .

6- ئەمانە پیتی دەنگدارن :

{ا }،{ و} ، {ۆ } ، وو، ،{ە}،{ ی } ،{ ێ } . پیتەکانی دیکە ، گشتیان بە بێ دەنگ دادنرێن .

7- پیتی {ە} بە دو چەشنە :

- ئەگەر دو چاوە بێ ، بێ دەنگە ، وەک : { هاوین } و { بەهار} .

- ئەگەر یەک چاوە بێ ، دەنگ دارە ، وەک : { تەوژم } و کەرەسە } .

8- لــه شـێوه نووسـینی لاتینـی کـوردی دا ، بـۆ ئـەو بزوێنـه (بزرۆکه) چکۆلانانه که له نێوان پیته کـان دا هـەن ، دروشـمی " i "، دادەنێن ، وەک pisht ، بـەڵام لـه نووسینی بـه پیتـی عارەبی دا،شتێک بۆ نیشان دانی ئەو بزوێنه چکۆله نانووسن و هەر دەنووسن " پشت " .

- پیتگـەلی "و " ، "ی " و" ێ " ، جـاری وا هەیـه ، بـه بـێ دەنگ دەژمێرررێن : وەک له وشەی " کـەو " ، " بـەی " و " دوێ" دا .

9- ئـەم وانەگەلـەی ئێمـه لێرەدا ، بـه زاراوەی سۆرانی و پیتـی عارەبین ، بەڵام هـەروەک دەزانین کوردی چەند زاراوه و بن زاراوه و بنی بن زاراوەی هەیه و بە لای کەمەمەوه ، له زۆر جێگـه بـه ئـەلفوبێی لاتـین دەنووسـرێ و لـه هێنـدێک جێگەش به ئەلفوبێی سیریلیک یا کریلیک .

# رێزمان .

**چەشنگەلی وشە لە رێزمانی کوردی دا ، نۆ دانەن :**

- **ناو {ئیسم} . وەک : ئامێد ، خەبات و کوڕ .**
- **چۆنایەتی { سیفەت } . وەک : زل ، چاک و چالاک .**
- مەرج ( **قەید** ). **وەک : توند ، بە پەلە و نەرمە نەرمە .**
- **هاوەڵ ناو { زەمیر }. وەک : من ، ئەو و ئێوە .**
- **کار=کردار { فێعل } . وەک : نووسین ، خواردن و کوژران .**
- **کەرەسەی گرێ دان { حەرفی رەبت } . وەک : و .**
- **دروشمی سەرسووڕمان{ عەلامەتی تەعەجوب }. وەک : های ! ، هاوار! ، هۆی! .**
- **دروشمی پرسیار { علامت استفهام } . وەک : چۆن؟، بۆ؟ ، بۆچی ؟.**

q ژماره (ژمارش) . وەک : یەک ، حەڤدە ، هەزار .

**ئێستا چەند رستە دەنووسین ، کە ئەو نۆ چەشنە وشەیەی سەرەوەیان تێدایە:**

1- **ناو** :

- **ئامێد شارێکی زلەیە .**

- **من خەباتم دی .**

- **رزگار پێنووسی دا بە خەبات .**

2- **چلۆنایەتی** :

- **شاری زل .**

- **کتێبی باشتر .**

- **چالاکترین کوڕ .**

3- **مەرج ( قەید ):**

- ژینۆ توند دەڕوا .

- ئەو به پەلە وانەکەی نووسی .

- من نەرمەنەرمە ماشین لێ دەخۆڕم .

4- هاوەڵ ناو :

- ئەو دەخوێنێ .

- ئەمان دەنووسن .

- ئێمە دەرۆین .

5- کردار (فعل ) :

- خوێندن زۆر باشە .

- بۆ سەرکەوتن تێکۆشە .

- ئەوان کاریان کرد .

6- کەرەسەی گرێ دان :

- من و عەلی .
- ئەو لەگەڵ ئەمان .
- سمکۆ یا ئەوین .

7- دروشمی سەرسوورمان :

- های بەفرین ، نەکەویتە بیرەکەوە !
- هاوار سووتان !
- هۆی کاوە وەرە !

8- دروشمی پرسیار :

- چۆن بنووسم ؟
- بۆ زو نایەی بۆ کلاس .
- بۆچی ئەوەندە کزی ؟

9-ژماره :

- دوی ڕێبەندان ، جەژنی نەتەوەی کوردە .

- هەوەڵی مانگی خاکەلێوە نەورۆزە .

- پازدەی ڕێبەندان ، نیوەی زستانە .

**تێبینی** : **چون له زمانی کوردیدا ، ئەو وشانە هێشتا بە باشی جێ نەکەوتوون ، ڕەنگە لە هێندێک کتیبدا** ، ناویان **بڕێک تۆفیران ببێ** . **بۆ وێنە لە جێگەی کردار ، کار** یا شتێکی دیکە **بەکاربەرن و** ...

# ناو

وشەی وا لە زمانی کوردی دا هەیە ، کە هێشتا بە چەشنی دروست کەڵکی لێ وەرناگیررێ ، کە یەکێک لەوانە وشەگەلی { ناو } و {نێو }ە .

زۆر کەسی وا هەیە ، کە وشەی { ناو } لە جێی وشەی {نام} ی فارسی یا { اسم } ی عەرەبی بە کار دەبەن ، هی واش هەیە ، کە لە بەکاربردنی وشەی {ناو } و وشەی { نێو } دا ، شتەکەیان لێ دەشێوێ و ئاڵوگۆڕی دەکەن . هەر لەبەر ئەمە ، بە پێویستم زانی کە ئەم باسەی خوارەوەتان ، بۆ روون بوونەوەی مەبەستەکە ، پێشکەش بکەم :

لە روانگەی زمان ناسیەوە ، وشەی { ناو} هەر هەمان وشەی { نام }ی فارسیە ، کە وەک وشەگەلی { داو = دام } و { خاو = خام } ، لە زمانی فارسی دا ، پیتە { و } ەکە گۆڕاراوە و بوە بە پیتی { م } . کە وابێ ، وشەی { ناو } هەر وشەی { نام }ی فارسی و { اسم } ی عارەبیە . وەک : کەسایەتی {ناو} دروست دەکا ، نەک { ناو } کەسایەتی .

وشەی { نێو } هەر هەمان وشەی { میان } ی فارسیە . وەک لە وشە گەلی { نێو نەتەوەیی } ، { نێوان } و { نێوبژیکار } دا هاتوە . کەوابێ ، وشەی { نێو } هەر وشەی {میان} ی فارسیە ، وەک : ناوی ماموەستا قانع ، لە {نێو } هۆنەرانی کورد دا ، وەک رۆژ دەدرەوشێتەوە . بەم چەشنە ، وشەگەلی

**{نێوەرۆک } ، {نێواخن } و ... دروستن ، نەک { ناوەرۆک} ، {ناواخن } و ...**

ناو بۆ ناسینی خەڵک و شت و ... بەکاردەبرێ . کە ئەویش دو چەشنە :

1- ناوی گشتی : وەک ، پیاو ، بەرد ، چۆم ، ئەستێرە .
2- ناوی تایبەت : وەک زانا ، ژینۆ ، کوردستان .

تێبینی: ناوی گشتی بۆ گشت کەس و شتێک بە کار دەبرێ و مەبەست لە کەس یا شتێکی تایبەت نیە ، بەڵام ناوی تایبەت بۆ کەس یا شتی تایبەت بەکەر دەبرێ . بۆ وێنە ، " پیاو " مەبەست لە گشت پیاوێکە ، باڵام " زانا " مەبەست لە پیاو یا کوڕێکی تایبەتە . ناو دەتوانێ هەم ناوی تاک بێ ، هەم ناوی کۆ – وەک " پیاو" و پیاوگەل " .

## چلۆنایەتی { سیفەت } :

هەروەک لە وانە کانی پێشودا وتمان ، یەکێک لە ئەندا مگەلی رێزمانی زمانی کوردی ، چلۆنایەتی { سیفەت } ە . چلۆنایەتی، بۆ ئەوە بە کار دەبرێ ، کە چلۆنایەتی یا سیفەتی ناو دیاری بکا . بۆ وێنە ، ئەمانە چلۆنایەتین :

سپی ، جوان ، رێک و باش ، وەک : تەختەی سپی ، گوڵی جوان ، هێلی رێک و کچی باش . کە ئەم چلۆنایەتیانە ، سیفەتی ناوە کان دیاری دەکەن و سیفەت یا چلۆنایەتی ناوگەلی تەختە ، گوڵ ، هێڵ و کچن . هەر وەک دەبینن ، لە زمانی کوردی دا ، زۆر تر ناو دەکەوێتە پێش چلۆنایەتیەوە ، بەڵام جارجار دەشڵێن : رەشە کەوتەیی ، یا کورتە چیرۆک ، کە لێرەدا ، چلۆنایەتی دەکەوێتە بەر ناوەوە . چلۆنایەتی بەم چەشنەش بەکا دەبرێ ، وەک حەمە رەش ، عەلیە سوور و شتی وا .

لە زمانی کوردی دا ، چلۆنایەتی یا ساکار{ موتڵەق } ، بەرزتر { تەفزیلی} ، بەرزترین { عالی } یا هەرە بەرزە ، وەک :

کتێبی باش ، کتێبی باشتر ، باشترین کتێب و کتێبی هەرە باش.

وەک :

شەرەفنامە کتێبێکی باشە ، شارەفنامە لە زۆر کتێبی مێژی دیکە باشترە ، رەنگە باشترین کتێبی مێژوی کورد شەرەفنامە بێ و

**کتێبی هەرە باشی مێژووی کورد ، شەرەفنامەیە . {باش }یانی هەر بۆخۆی باشە و مەبەست هەڵسەنگاندن لەگەڵ هیچ کتێبێکی دیکە نیە . { باشتر} مەبەست ئەوەیە ، لە کتێب یا کتێبلگەلێکی دیکە باشترە ،{ باشترین} یانی لە هەمو کتێبان باشترە . {هەرە باش}یانی لە ئەوسەری باشی دایە .**

**نووسینی پیتی { و } لە زمانی کوردی دا :**

# نووسینی پیتی{ و }

**با هەمو ساڵێک چەند میلیۆن پیتی { و }ی زیادی نەنووسین .**

**با لە زمانی کوردی دا ، پیتی { و } بەم چەشنە بنووسین :**

- **ئەم چەشنە پیتە { ۆ } ە ، کە هەر هەمان پیتی { o} ی لاتینە ، قەت لە هەوەڵی وشەوە نایە ، بەڵکە لە نێوەڕاست و لە ئاخری وشەوە دێ . بۆ وێنە :**

**گۆران ، سۆران ، بۆران ، تۆران ، کۆساڵان ، ، دیاکۆ ، بەمۆ ، شەمۆ ، کۆ ، چەکۆ ، شانۆ ، لالۆ ، بابۆ ، حەسۆ ، هەڵۆ ، هۆ ، باهۆ ، دهۆ و ...**

- **ئەم چەشنە پیتە { و } ە ، هەمان پیتی ئاسایی {و} ی عارەبی و فارسیە و هیچ تۆفریری نیە و هەروەک ئەوان دەنووسرێ و هەم لە هەوەڵ ، هەم لە نێوەڕاست و هەم لە ئاخری وشەوە دێ ، بۆ وێنە :**

**ویستن ، وتن ، وانە ، وێژە ، کورمانج ، خوتە ، کوتین ، کول ، قوڕ ، قوت ، قورس ، گوڕ ، کوڕ، دو ، بو ، چو ، گوڕو ، شو ، مو .**

- ئەم چەشنە پیتە { وو } ە  کە بە دو دانە پیتی {و} لە پەنای یەکەوە  دەنووسرێ ، دەنگی { و }ی  درێژ دەدا و بە پێی ئەم بۆچونە تازەیە ، قەت لەم جێگەگەلەدا نانووسرێ:

- هەوەڵی وشە .

- ئاخری وشە .

- پێش پیتی دەنگدار لە وشەدا  .

بەڵام  لەم کاتانە دا دەنووسرێ :

سووک ، بووک ،  کوور ،  تووک ، چوون ، بوون .

سەرنج : هەروەک دەزانین ، ئێستا لە رێنووسی کوردی ئاسایی دا ، پیتی {و} بەو چەشنەی لێرەدا نووسراوە ، نانووسن . بەڵام من لێرەدا وەک بۆچوونێکی تازە ، ئەم پێشنیارەم دا  ، تا خۆشەویستانی هێژا بیخوێننەوە و ئەگەر پێیان باش  بو ، ئەوانیش لەمەو دوا ، بەم  چەشنە بینووسن ، تا هەمو ساڵێک لە نووسنی چەند میلیۆن پیتی { و } ی نا پێویست  بەرگری بکەین .

روون کردنەوەیەکی پێویست :

تۆفیری ئەم پێشنیارەی من لەگەڵ رێنووسی ئێستای کوردی ئەمەیە ، کە لەو جلگەگەلەدا ، کە پێویست نیە ، ئیدی هەمیشە لە جێی دو دانە پیتی { و } یەک دانە دەنووسین ،  کە هەروەک وتم  ئەم جێگەگەلەن :

q هەوەڵی وشە : وەک وێنە ، وزە ، وریا ، وشە – کە جار جار بە دو دانە پیتی {و} دەیان نووسن .

q ئاخری وشە : وەک بو ، چو ، شو ، خەسو ، جو ، مو ، جو ، دو ، مێژو.

q پێش پیتی دەنگدار: وەک بوار ، بوێر ، بوین ، بوە ، چوە .

دەلیلم چیە ؟ :

چون لەو سێ جێگەیەی سەرەوەدا ، چ یەک دانە پیتی { و } بنووسین ، چ دو دانە پیتی { و } ، هەر بە چەشنێک دەخوێنرێتەوە و تۆفیر ناکا و وەک چرای بەر خۆر وایە. بۆ وێنە دەنگی دەربڕینی ئەم چەشنە نووسینانە ، هەر وەک یەک وایە :

وشە = ووشە ، وریا = ووریا ، دو = دوو ، چو = چوو ، مێژو = مێژوو ، خوێن = خووێن ، جوان = جووان ، شوان = شووان .

دیارە نزیکەی سی ساڵ پێشیش ، چەند ئاڵ و گۆڕی پێویست لە رێنووسی کوردیدا پێک هات ، کە یەکێکیان نووسینی دروشمی حەوت لە ژێر پیتی {ڕ} لە باتی بان پیتی { ر } بو . یەکیشیان ئەمە بو ، کە لە باتی نیشان دانی دەنگی پیتی { و}ی درێژ، بە کێشانی خەتێک لەسەر پیتەکە ، ئێستا بە دو دانە پیتی { و } ، دەینووسن .

**تکام ئەوەیە ، ئەگەر بۆچوونێکی جیاوازتان هەیە ، پێم بڵێن تـــا کەڵکی لێ وەربگرم .**

## خاڵێکی تایبەت لە زمانی کوردی دا :

خوێنەرانی هێژا و خۆشەویست ! لە وانەی ئەم جارە دا ، بە خاڵێکی زۆر ناسک لە زمانی کوردی دا ئاماژە دەکەم ، کە بە هیوام لە پێناو پتەوتر کردنی بناغەی ئەم زمانە دا ، جێگەی سوود و کەڵک وەرگرتن بێ .

کاتێ لە وشەگەلی { چوون } و { بوون } رادەمێنین ، بەم چەشنەی خوارەوە ، هەر کامیان دو دانە مانایان هەیە :

q وشەی *چوون* وەک چاوگە ( مەسدەر ) ، بە مانای رۆیشتن و وشەی *چوون* ، بە مانای رۆیشتوون ، وەک کەسی سێهەمی کۆی کاتی رابوردوی دوور { شەخسی سێهەمی جەمعی زەمانی مازی بەعید }ی چاوگەی چوون . کە هەم دەربڕینیان تۆفیری هەیە و هەم مانایان ، بۆ وێنە :

1 - هاتن و چوون یان لە ژێر چاوەدێری پۆلیس دا بو ، کە واتە هاتوچۆیان لە ژێر چاوەدێری پۆلیس دا بو .

2- قوتابیەکان زۆر لە مێژە ، چوون بۆ زانستگە ، کە واتە قوتابیەکان زۆر لەمێژە ، رۆیشتوون بۆ زانستگە .

دیارە دەزانین کە دەربڕینیان تۆفیری هەیە . جا ، بۆ ئەوەی نووسینی هەر دووکیان وەک یەک نەبن ، وا باشە کە وشەی چوون ، لە خاڵی (2) دا بە چەشنیک دیاری بکەین ، تا چەشنی

**نووسینی وشەکانیش تۆفیریان ببێ ، دەنا لە ماناکردنەوەی قانوون ، وێژە و شتی وا دا کۆسپ دروست دەبێ ، بۆ وێنە دەتوانین بنووسین : قوتابیە کان زۆر لە مێژە ، {چو/ون} بۆ زانستگە یا بە لەونێکی جیاوازی دیکە ، تا لێمان نەشێوێن .**

**پێویستە بڵێم ، کە وشەی بوون یش هەر دەکەوێتە بەر ئەم یاسایە .**

**ئەم وشانەی خوارەوەش ، کە لەو دو چاوگەیەی سەرەوە جوێ دەبنەوە ، هەر بەم چەشنەن :**

**من دوێنێ چووم ، کە واتە من دوێنێ رویشتم .**

**من دەمێکە چووم ، کە واتە من دەمێکە رۆیشتووم .**

**وشەی بووم و بووم یش هەر دەکەوێتە بەر ئەم فۆڕمووله .**

**سەرنج : دەبێ بزانین ، کە ئەم باسە لە باسی جیناسی تەواو ئەدەبی جوێیە . چون لە جیناسی تەواو دا ، نووسین و دەربڕینی وشەکە هەر یەکن ، وەک وشەی { بەیان}کە بە مانای سبەینێ زوە لەگەڵ وشەی { بەیان } ، کە بە مانای کێوی بەیانە ، بەڵام لێرە دا ، دەربڕینی وشە کان تۆفیری هەیە ،کەچی وەک یەک دەیان نووسن .**

## مۆڕفۆلوژی { گۆڕانکاری } :

لە وانەی ئەمجارە دا باسێکی زمان ناسیتان پێشکەش دەکەم بە ناوی مۆڕفۆلۆژی . لە زانستی زمان ناسی دا ، مۆڕفۆلۆژی بە زانستی گۆڕانی وشە دەڵێن . مۆڕفۆلۆژی وشەیەکی فەڕەنگیە، کە عارەبیەکەی دەبێتە {تەتەوور} .

هەروەک دەزانین ، وشەی زمانگەلی جۆربەجۆر دەچنە نێو یەکەوە و لە ڕێبازی ئەم هاتوچۆیە دا ، هێندێک لەو وشانە دەگۆڕرێن و دەتوانین بە هۆی کەرەسەی زانستی مۆڕفولۆژی ، ئەم گۆڕانکاریە راڤە بکەین .

هەر لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ، دەبینین زۆر وشەی کوردی چوەتە نێو زمانی فارسی ، یا زۆر وشەی عارەبی ، تورکی یا فەڕەنگی هاتوەتە نێو زمانی کوردی . هۆی ئەوەی کە وشە کوردیەکان لە نێو زمانی فارسی دان ئەمەیە، کە ئەم دو زمانە بەیەکەوە زۆر نزیکن ، یا بە واتایەکی دیکە زمانی تازەی فارسی، لە بنەڕەت دا ، لە زمانی کۆنی کوردی جوێ بوەتەوە و بەم چەشنە هەر لە زوەوە ، زۆر وشەی کوردی لە نێو زمانی فارسی دا هەیە، بەڵام زمانی عەرەبی ، تورکی وفەڕەنگی ،بە هۆی ئەوەوە کە زمانی {زاڵ } بوون ، هاتونەتە نێو زمانی کوردی . دیارە زمانی فارسیش ، لە ناوچەگەلێکی کوردستان زمانی زاڵە، بەڵام زوربەی وشە هاوبەشە کانی زمانی کوردی و فارسی ، بەر لە زاڵ بوونی رامیاری یا فەرهەنگی زمانی فارسی لە کوردستان، لە نێو فارسی دا بوون . ئەو وشانەی کە بە هۆی زاڵ بوونی گەلی فارس لە ناوچەی کوردە واری هاتوونەتە نێو زمانی

کوردی ، زۆریان وشەی بووڕۆکڕاتیک ، رامیاری و شتی وان ، کە ئەوانیش زۆرتریان فارسە کان لە عارەبیان وەرگرتوون ، زۆر لەم وشانە ، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کە لە ژێر دەستەڵاتی عارە بدا بوە ، راستەو خۆ ، هەر لەعارەبیەوە { بە چەشنی رەسەن تر } هاتوونەتە نێو زمانی کوردی ، وەک :

جەریمە ،ماڵیات ، دوخانیات و هەزاران وشەی دیکە .

هەر وەک وتم ، لە زمانی تورکی و فەڕەنگی و زمانە کانی دیکەشەوە ، وشە هاتوەتە نێو زمانی کوردی ، بۆ وێنە :

- تورکی : یاسا ، قۆرغ ، قەبرغە و سەدان وشەی دیکە .
- فەڕەنگی : عەلی گوپتێڕ !!! { هێلی کۆپتێڕ } ، تڕاکتور ،رادیۆ و سەدان وشەی دیکە ،
- رووسی : لۆتکە ، ڤۆدکە ، ئەسکیناس و بە دەیان وشەی دیکە .

بەڵام هەروەک وتم ، ئەو وشانەی کە لە زمانی کوردیەوە چونەتە نێو زمانی فارسی، یەکجار زۆرن و زوربەشیان لە چورچێوە یاسایەکی تایبەت دا ، گۆڕانکاریان بە سەردا هاتوە ، بۆ وێنە :

q **پیتی { و } ی وشەی کوردی ، لە فارسی دا بوەتـە { ب } ، وەک :**

**شەو { شەب } ، لێو { لەب } ، تەو { تەب } و زۆر وشەی دیکە .**

q **پیتی { و} ی وشەی کوردی ، لە فارسی دا بوەتە { م } ، وەک :**

**داو { دام } ، ناو { نام} ، تەواو { تەمام } و زۆر وشەی دیکە .**

**دیارە نەک هەر لە روانگەی وشەوە ، بەڵکە لە باری چوارچێوەی گرامێریشـەوە ، ئـەم شـتانە هەیـە و جێـی سـەرنجن . زۆر مەبەستی دیکەش لە بواری مۆرفۆلۆژی دا هەیـە ، کـە لـە نـاو چوارچێـوەی ئـەم نووسـراوە کورتـەدا ، جێگـەی نابێتـەوە و دەتوانین چەندین کتێیب لەم بەستێنەدا بنووسین .**

**کوردی کرمانجی (کورمانجی )یا کوردی شکاکی :**

**لە جیهانی ئەمڕو دا ، هێندێک شت هەن کە بەهەڵە کەوتونەتە سەر زاران . بۆ وێنە وشەی { بەڕوار } ، کە زۆر کەس لە زمانی کوردی دا ، بۆ { تاریخ } بەکاری دەبەن ، بۆ وێنە دەڵێن { بەڕواری دوی رێبەندانی 1946 } . کەچی ئێستا دەزانین ریشەی ئەم وشەیە لەوەوە هاتوە ، کە کەسێک بەهەڵکەوت ، لە ناوچەی { بەڕواری } ەوە نامەیەکی نووسیوە بۆ کەسێکی دی و لەهەوەڵی نامەکەوە ، بۆ ئەوەی کە وەرگری نامەکە بزانێ ئەم نامەیە لە چ شوێنێک نووسراوە، نووسیویەتی{ بەڕواری ... }. ئێدی لەو کاتەوە ، ئەم وشەیە بە هەڵە لە جێگەی وشەی { تاریخ } بەکاربراوە . لە پاشان بۆ ئەوەی ئەم هەڵەیە راست بکەنەوە و لە جێگەی وشەی بیانی عارەبی { تاریخ }، وشەیەکی رەسەنی کوردی بەکاربەرن، وشەی {تاریخ } یان کردوەتە { رێکەوت } و ئێستا زوربەی خەڵک بەکاری دەهێنن .**

**لە بەستێنی نـاوی زاراوە کوردیـەکانیش دا ، ئـەم هەڵـەیە روی داوە. بۆ وێنە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، بە هەڵـە بـە زار اوەی {کرمانجی =کورمانجی } دەڵێن زاراوەی شـکاکی . ئـەم هەڵـەیە زورتر لەمەوە هاتوە ، کە چون هۆزی {شکاک} ی ناوچەی ورمێ بـە زاراوەی {کرمـانجی} قسـە دەکـەن و سـەرۆکی نەتـەویی کورد ،نەمر سمکۆ لەم هۆزە بوە و لە لایەکی دیکەوە هۆزێکی زۆر پڕ حەشیمەت و بەدەستەڵاتن ، خەڵکە کە بەهەڵە پێیان وابـوە ، کە ئەم زاراوەیە، زاراوەی شکاکیە . کەچی ئەمە هەڵەیە .**

**بن زاراوەی شکاکی ، بۆ خۆی یەکێک لە بن زاراوەکانی { کرمانجی } زمانی کوردیە ، کە رەنگە نیوەی گەلی کورد ، بە زاراوەی {کرمانجی } و بە بن زاراوە جۆربەجۆرەکانی قسە دەکەن. جا کەوایە نابێ بە زاراوەی { کرمانجی } زمانی کوردی بلێین زاراوەی { شکاکی } . بۆ وێنە کوا زاراوەی خەڵکی ئامێد ، قووچان یا قامیشلی شکاکیە ؟ .**

**دروشمی حەوت {v} لە ڕێنووسی زمانی کوردی دا :**

**دانانی دروشمی حەوت {v} لەسەر هێندێک لە پیتگەلی کوردی ، مێژوولکەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە ، کە ئێستا کە لێرەدا بۆتاتی دەگێڕمەوە :**

**ساڵی 1978 ، ماموەستای مەزن تەوفیق وەهبی ، لە شاری لەندەن بۆی گێڕامەوە :**

**" لە کاتی پادشایەتی مەلیک مەحموود بەرزنجی دا ، لە شاری سلێمانی ، دادگەی کوردستان پێک هاتبو . ڕۆژێک کابرایەک لە دادگە ، سکاڵای لە کابرایەکی دیکە کردبو ، کە {{ سی }} دیناری پێ قەرزادرە و نادیاتەوە . لە دادگەوە دەنێرن ، کابرای قەرزدار دەهێنن و پێی دەڵێن ئەو { 30} دینارەی فڵانە کەس بۆ نادەیتەوە ؟ کابراش وەڵام دەداتەوە و دەڵێ ، من {3} دینار بەو کابرایە قەرزدارم و ئامادەم بیدەمەوە . دادگە کە دەڕوانێتە قەبز{ ڕەسید} ی لای کابرای خاوەن قەرز ، دەبینێ نووسراوە { سی } دینار قەرزدارە ، کە بەم چەشنە هەم { 3 } دینار دەخوێندرێتەوە و هەم { 30 } دینار و دادگە لە روی ئەم قەبزەوە ، ناتوانێ بزانێ کە لەراستی دا ، قەرزەکە {3} دینارە یا { 30 } دینار . جا مەلیک مەحموود بە ڕووناکبیرەکانی ئەو کاتە دەفەرموێ ، فکرێ بۆ ئەم شتە بکەن " . بەم چەشنە ڕووناکبیرانی ئەو دەمە { کە یەکێکیان هەر خودی ماموەستا تەوفیق وەهبی بوە} ، لە پێش دا دروشمی {8 } ، کە وەک { ئاکسان سورکۆنفلێکس } ی فەڕانسەوەیە، پێشنیار دەکەن ، بەڵام لە پاشان بە چەند هۆ ، ئاوەژوی دەکەنەوە و دەبێ بەم**

**دروشمه حەوت { v } ی ئێستا و بەم چەشنە زمانی کوردی تەیارتر دەبێ .**

**منیش لەو ساڵانە دا ، کە کامپیوتێر نەبو ، دروشمی حەوت {v} مان بە پێنووس دادەناو زۆر کارێکی پڕ دەردی سەر بو ، ئەم هۆنراوەیە خوارەوەم وەک سکاڵا و تێبینی لەسەر دروشمی {v} نووسی ، کە بە خۆشیەوە ، ئێستا تێکنیکی کامپیوتێر زوربەی ئەم کێشەیەی داکوژاندوە :**

**حەوت (V) :**

**تاوێ تەسکە ، تاوێ پانە ، تا بلێی جۆرجۆرە حەوت**

**تاوێ تاڵە ، تاوێ کاڵە ، گا رەش وگا بۆرە حەوت**

**تاوێ لارە ، تاوێ رێکە ، تاوێ لەڕ ، تاوێ قەڵەو**

**تاوێ نوقمە، تاوێ دیارە،کەشکەش و نۆرنۆرە حەوت**

**گەر بە پیتی (رێ)گەیشت و دەرفەت و جێگەی نەبو**

**دەیکوتێتە ژێر تەنیشتیی و لێ دەبێ بە هۆرە حەوت**

**وەک کڵاوی مامە هەمزە ، دیکەنە سەر پیتی (لام )**

**دەنگی نەرمی پێ دەگۆڕێ و دەیمژێ وەک خۆرە حەوت**

**شین و واوەیلا بە حاڵی پیتی (واو) ی حەوت لەسەر**

**قوڕبەسەر ، قرخەی دەنووسێ و دەنگەکەی وەک(بۆرە) حەوت**

**چەشنی چێرگ ،کاتێ نیشتە سەر هێلانەی پیتی ( ی )**

**دەنگی خاو و خێچ دەکا ،چون کاروپیشەی زۆرە حەوت**

**تا بە کەی هەر(حەوت ) بنووسم ،ئەوی خودای حەوت ئاسمان ؟**

**دەنگم گەییە حەوتەوانان ، هێندە کاری زۆرە حەوت**

**مەڵهەمی ئەم دەردە وایە ، خزمەتی کیبۆڕد بکەین**

**کوشتنی کات و تەوژمە ،وەک چرای بەر خۆرە حەوت**

ئەی ئەدیبان ! بێنە مەیدان ، بۆ عیلاجی دەری حەوت

زامی حەوتە دستی سۆران ، نووسەری ناسۆرە حەوت

## خاڵبەندی { Punctuation } :

خاڵبەندی تەنیا تایبەت بە زمانی کوردی نیە و تەواوی زمانگەلی دنیا دەکەونە بە رئەم یاسایە . خاڵبەندی بەمە دەڵێن ، کە بە پێی یاسایەکی تایبەت ، لە نێو هەر چەشنە نووسراوە یا هۆنراوەیەک دا خاڵ دابنێین و بەم چەشنە ماناکەی روونتر و رازاوەتر بکەین .

ئەمانەی خوارەوە ، ئەو خاڵە گرنگانەن ، کە لە خاڵبەندی دا کەڵکیان لێ وەردەگیررێ :

- نوختە { . } - لە ئاخری رستە دا دادەنرێ ، وەک :

شەرەف خانی بتلیسی ، مێژونووسی مەزنی کوردە .

- چوکڵە { ، } - لە نێوان لەتە رستە نیزکەکان دا دێ و دروشمی ئەوەیە، کە وێستانێکی کورت لەو جێگەیەدا پێویستە ، وەک :

ئەزمەر ، ئاگری ، شاهۆ و کۆساڵان ، لە کێوە بەرزە کانی کوردستانی گەورەن .

q دو نوختەی سـەرەوە خـوار و سـەرەو ژوور { : } – لـە ئاخری رستەدا ، ئاماژە بە نووسراوەی خـوارەوە دەکـا ، وەک :

برێک لە چۆمە زلەکانی کوردستانی گەورە ، ئەمانەن :

سیروان ، ئاراز ، کەڵوێ و جەغەتو .

q چوکڵە و نوختە { ؛ } – لە نێوان لەتە رستە دوورەکان دا دێ و دروشمی ئەوەیە کە وێسنانێکی درێژتر لـە { چوکڵـە } لـەو جڵگەیە دا پێویستە، وەک :

رۆژی دوی رێبەندان ، جەژنی مەزنی نەتەوەیی کوردە ؛ هـەمو گەلانی جیهان ، رێز بۆ ئەم چەشنە جەژنانەی خۆیان دادەنێن .

q تیرە { - } - :

1- دروشمی ئەوەیە ، کە هەوەڵی بابـەتێک لـە بابەتەکانـە ، وەک :

بۆهەر کوردێک ، سێ شت زۆر پێویستە :

- فێربـــوونی ســـەنعەتێک ، یـــا 1- فێربـــوونی سەنعەتێک.

- فێربوونی زمانی کوردی ، یـا 2- فێربـوونی زمـانی کوردی .

- خوێندنی گشتی ، یا 3- خوێندنی گشتی .

2- دروشمی ئەوەیە ، کە بابەتەکە درێژەی هەیە ، وەک :

مەلیک مەحموودی بەرزنجی لە بەردە قارەمان ، کاتی شەڕ لەگەڵ ئینگلیسیە کان دا ، بریندار بو - بەردە قارەمان لە دەربەندی بازیانە – و لە کوردستان مێژو دوپاتە بوەوە .

q پاڕانتێز { ( ) } - کە لە نێوی دا ، سەبارەت بە رستە یا وشەی پێش خۆی روونکردنەوە هەیە ، بە چەشنێک ئەگەر ئەو روونکردنەوەیە لابەری ، مانای رستەکە تێک ناچێ بەڵام رەنگە لێڵ بێ ، وەک :

تەتەهو ( چۆمە زێوینە ) ، یەکێک لە دو چۆمی مێزۆپۆتامیای رۆژهەڵاتیە .

چوارچێوە { { } } – شتە دبارى کراوەکان ، بو وەرگرتنی سەرنجی خوێنەر ، دەخاتە نێو چوارچێوەیەکەوە ، وەک :

بەیتی { مەموزین } ، بە چەندین زمانی بیانی وەرگێڕراوە .

q دروشمی پرسیار { ؟ } - بو نیشاندانی ئەوەی کە پرسیارێک لە بەین دایە ، وەک :

مەگەر کورد هاووڵاتی دەرەجە یەک نیە ؟

q دروشمی هاورا و سەرسوورِ مان { ! } – بــۆ نیشــاندانی هاورا و سەرسوورِمان ، وەک :

1. خۆ شەندە لە مەندە کەمتر نیە !

2. های خەڵکە وریا بن ! کرماشــانیش لەوانەیــە وەک کەرکووکی لێ بەسەر بێ ! .

وردە سەرنجی دیکەش هەیە ، کە لە کتێبی { باڵە کــۆلارە } دا ئامــاژەم پــێ کــردوە ، بەڵــام لــە قاڵــبی دیــاری کــراوی ئــەم نووسراوەیەدا ، جێیان نابێتەوە .

**تایبەتمەندی زۆر گرنگی ڕێنووسی زمانی کوردی :**

**تا ئێستا باسی ڕێنووسی زمانی کوردی زۆر کراوە ، بەڵام بۆ ئەوەی کە تایبەتمەندیەکی هەرە گرنگی ئەم زمانە نیشان بدەین و بیسەلمێنێن ، کە لە ڕوانگەی ڕێنووسەوە ، یەکێک لە زمانە هەرە ڕێکوپێکەکانی جیهانە ، لەم وانەیەدا ، وشەی فارسی ( گل ) دەکەینە نموونە و وەک بەڵگەیەکی زانستی نیشانی دەدەین ، کە هەر ئەو وشە فارسیە ی (گل) - ئەگەر کوردی ئەم ڕێنووسە تایبەتیەی خۆی نەبوایە - لە زمانی کوردیدا، دەبو بۆ تەواوی ئەم وشانەی خوارەوە بەگاربرایە و بنووسرایە ، جا ئیدی خۆت هەر جۆرێکت دەخوێندەوە ، بە دەستی خۆت بو و دەیان هەڵە ڕوی دەدا ؛**

| **ڕێنووسی کوردی** | **مانای وشەکە لە ڕستەدا** |
|---|---|

==========================================

1-**گوڵ: بە تاقە یەک گوڵ بەهارنایە.**

2 -**گول: ئەو کەسەی کە نەخۆشی گولی هەیە ، پێی دەڵێن گول.**

3-**گولە: حەمە گولە ، پیاوێکی زۆر دەغەزارە**

4-گولێ: گولێی(**گولێی) ژنی، ئافرەتێکی زۆر** تەپلۆس و شێنەییە

.

5-گوڵە: گوڵە بۆ کچان ناوێکی زۆر خۆشی کوردیە.

6-گوڵێ: گوڵێ “ “ “ .

7-گوڵۆ: گوڵۆ !(ئەی گوڵ ) ، تۆ بۆنت زۆر خۆشە .

8 –گڵ: ماموەستا هێمن خۆی چوەتە ژێرگڵ،نەبیر و باوەڕی پیرۆزی .

9-گڵە: گڵەرەنگە ، گلێکە بۆ رەنگکردنی دیزەو گۆزە.

10-گەل: بە گەل خۆشەویستی دەلێن پاتریۆتیزم.

11-گەلێ : گەلێ بەختیارم ، کە دیسان دەتانبینمەوە.

12-گەلۆ: گەلۆ !( ئەی گەل ) یەکیەتی وشەیەکی پیرۆزە.

13-گەلە: گەلە، گەلە ، گەلە ، هەی هەی لەو گەلاوێژە .

14-گەڵ: گەڵ ی(گەڵی) عەلی بەگ ، شیوێکی زۆر جوانە .

15- گۆڵ: گۆڵ، بەسەگینێردەڵێن.

16-گۆڵە :وەک مجێورەکەی گوندی گۆڵە وایە.

17-گۆڵێ: برۆ گۆڵێ دەتناسم ، سەگێکی زۆر ترسەنۆکی.
18-گل: ددانی گل بکا ، چارەی کێشانە .

19-گێل: چۆچەپیاوێکی گێل و کاس بو ، هەر نەشیدازانی مافی کورد چیە .

20-گێلە: بە پیاوی کاس دەڵین  گێلە.

21- گێلێ: بە ئافرەتی کاس دەڵین گێلێ.

22-گێلۆ: گێلۆ! ( ئەیمرۆڤی گێل ) تۆ کاس و گیلی .

23- گێڵ: گێڵ وشەی لفەو دوانەی گەشتە ، وەک گەشت و گێڵ .

24-گۆل: گۆل بە ئەستێر دەلێن .

25-گۆلێ:گۆلێ گوندێکە لە نێوان بۆکان و میاندواو.

تێبینی : ئەگەر بە رێنووسی فارسی ئەو وشانەی سەرەوە بنووسین ، دەبێ بۆ هەمویان بنووسین( گل).

## زمانی یەکگرتوی کوردی " ا س .گێ . کا ." :

زمانی یەک گرتو ، بۆ گشت نەتەوەیەک شتێکی هێندە پێویستە ، کە هەر نەتەوەیەک زمانێکی یەک گرتوی نەبێ، بەدەگمەن دەبێتە دولەتێکی سەربەخۆ و هەر زمانێک دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە پشت نەبێ ،بەدەگمەن دەبێتە زمانێکی یەک گرتو( دیارە هەمیشەش کم شت گشتین "موتڵەقن" ) . واتە : وشەگەلی یەک گرتویی زمان و سەر بەخۆیی وڵاتێک ، پێویستیان بەیەک هەیە . جا ، کەوایە بۆ ئەوەی گەلی کورد بە ئاواتی لە مێژێنەی خۆی ، واتە سەربەخۆیی بگا ، پێویستە زمانێکی یەک گرتوی ببێ . بۆیەکیش تا ئێستا بە چەشنی پێویست زمانی کوردی یەک گرتو پێک نەهاتوە ، چون دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە پشت نەبوە . بۆ وێنە ، ئەگەر دەوڵەتێکی سەڕبەخۆ ،بەناوی ئەلمان ، فەڕانسە و ئیتالیا نەبوایە ، قەت ئێستا زمانگەلی یەک گرتوی ئەلمانی ، فەڕانسەیی و ئیتالیایی نەبو .بەو باری دیکەشدا ، وێنەی بەرچاوی ئەم بۆچوونە ، زمانی لاتینە ، کە بەو گشتە گرنگیە بویەتی ، کاتێک دەوڵەتی لاتێن فەوتاوە ، زمانەکەش بوەتە زمانێکی مووزەیی و کتێبخانەیی . بە واتەیەکی دیکە ، یەکێک لە ناسنامە هەرە گرنکەکانی هەر گەلێک، زمانە (یەک گرتوە ) کەیەتی .

جا بەو بۆچوونەی سەرەوە ، زمانی یەک گرتوی کوردی ، بۆ پێکهاتنی سەربەخۆیی کوردستان وەک ئۆکسیژێن وایە بۆ

**گیانلەبەران و بە پێچەوانەش ، دەوڵەتێکی سەر بەخۆی کوردیش، بۆ پێکهاتن و پاراستنی زمانی یەک گرتوی کوردی ، هەر وا پێویست و گرنگە .**

**بەشی هەوەڵی ئەو پێویستیانەی سەرەوە ، کە پێک هاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە ، کارێکی هەرە رامیاریە وبە قەولی ماموەستا ئەحمەدی خانی ، سەنگی هەرە قورسی ئەرکەکەی دەکەوێتە سەر شانی رامیاران و میر وەزیران( نەک شاعیر و فەقیران) و چاوەڕوانیی وەشاندنی چەکوشی وەک ئینجیرلیک، بە هۆی ئاش وەستای ئاشی جیهانی و ئەم چەشنە شتانەیە ، کە بەداخەوە پێویستی هەل و مەرجی ئەمڕۆکەن .**

**بەڵام ، سەبارەت یە پێکهاتنی زمانی یەک گرتوی کوردی ، دەبێ ئەم کارە دەست پێکراوە ،بە هۆی زمان ناسان و پسپۆڕان درێژە بدرێ :**

**گشتمان دەزانین ، کە لە زمانی کوردیدا ، زاراوەگەل ، بن زاراوەگە و تەنانەت بنی بن زاراوەگەلی زورمان هەیە ، کە ئەمە بۆ گەلێکی بێ حکوومەت شتێکی سروشتیە . لەوانەیە بتوانین بڵێین ، تەواوی ئەم زاراوە ، بن زاراوە و بنی بن زاراوانە ، لە سێ دانە تەوەرەی سەرەکی دا کۆدەبنەوە ، کە یەکێکیان زاراوەی سۆرانی ،یەکیان زاراوەی کرمانجی و یەکیان زاراوەی گۆرانیە . یانی ، دەتوانین بڵێین ، هەر کەسێک ، ئەم سێ زاراوەیە بزانێ ،بۆ لەباوەش گرتنی باقی زاراوە، بن زاراوە و**

بنی بن زاراوەكانی خەڵـكی كوردسـتانی گەورە، گرفتوگیریـەكی ئەوتۆی نابێ .

بـۆ ئـەوەی كـە سێ زاراوەی سـەرەكی سـۆرانی، گۆرانی و كرمانجی ، بخرێنە نێـو چوارچێـوەی زمـانێكی یـەك گرتـوی كوردی ، یەكێك لە رێگەگەل ئەمەیە ، كە بـەرەو پێـك هێنـانی چەشنە زمانێكی یەك گرتوی كوردی بڕۆین ، كە من لێـرەدا پێـی دە لێم "اس. گێ.كا "،كە لە سێ پیتی هەوەڵی ئەو سی زاراوەیە پێک هاتوە:

زۆر بە كورتی نێوەرۆكی ئەم گەلاڵەیە ، دەبێ لەسەر ئەم بنەڕەتە بێ ، كە چ بۆ نووسین و چ بۆ ئاخفتن ، پردێك لێدەین لە نێوانی هەر سێ زاراوەكە دا . بە بیر وڕای من ، ئەم كارە هەم دەبێتە هۆی دەولەمەندتر بوونی زمانەكە و هەم پێكهاتنی وردە وردەی زمانێكی یەك گرتوی كورد ، بە ناوی زمانی " اس.گێ.كا " . بەلام ،پێویستە گشتمان ، ئەم كارە پاڕالێل (موازی) ە ، هەر لە بەیانیەوە دەست پێ بكەین .

دەتوانێ چوارچێوەی ئەم گەلاڵەیە بەم چەشنە بێ :

1- لە وشەگەلی هەرسێ زاراوەكە ، كەلك وەربگیررێ .

2- لە رێنووسی هەرسێ زاراوەكە ، هەلبژێررێ .

3- لە سینتاكس( نەحو) ی هەر سێ زاراوەكە ، هەلبژێررێ .

4- **زاراوە ، بن زاراوە و بنی بن زاراوەکانی** دیکەش ، **لەبەرچاو بگیررێ .**

**قسە هەزارە و یەکێکی بەکاریە :**

**زەرەر لە هەر کوێیەک دا بەری بگری قازانجە . بە بۆچوونی من ، ئەمە تاقە رێگەیەکە ، کە دەبێ زو یا درەنگ بیبڕین . من رێگەیەکی باشترم پێ شک نایە ؟ زمانی** یەکگرتو **زۆرزۆر** پێویستە ،وەک ئۆکسیژێن ، بەڵام وە پشت گوێ خستنی هەر یەک لەو زاراوە سەرەکیانە ، وە پشت گوێ خستنی ، سی لە سەدی گەلی کوردە . مەبەست ئەوەیە ، نابێ پێمان وابێ زمانی کوردی ، هەر زاراوەی سۆرانی و کرمانجیە .

تێبینی : بە پێی ئەم بیرۆکەیە ، بن زاراوەی لوڕی ، کەڵوڕی ، لەکی ، هەورامی ، فەیلی و ئەوانە ، دەکەونە نێو چوار چێوەی زاراوی "گۆرانی " ەوە.

## وشەی { گۆران}  لە تەرازوی زمانناسی دا :

بوون و مانی تەواوی گەلانی جیهان ، لە سەر چەند کۆڵەکەی پتەو بەندە ، کە دەتوانم بڵێم گرنگترینی ئەو کۆڵەکانە ، کۆڵەکەی زمانە . هەر بەم پێوانە راستەقینەیە ، پێویستە گرنگی هەرە زۆر بە زمانی کوری بدەین و بۆ راڤە کردن و پەرەپێدانی ، بە بنەوەشتی تێ بکۆشین .

ئەگەر زمان بە دیوارێک دابنێین ، خشتی ئەو دیوارە، وشەگەلی ئەو زمانەیە . جا ، بۆ پەرەپێدانی زمان ،دەبێ لە ناسین و راڤەی وشەوە دەستی پێ بکەین . کە من وەک بەرکولێکی زمانناسی ،لێرە دا راڤەی وشەی {گۆران} تان پێشکەش دەکەم، دەشزانم کە لە خزمەت بیرمەندان و زمانناسان دا ، ئەم کارەی من وەک ئەوەوە وایە ، کە "مازو" بە دیاری بەرم بۆ چیای زاگرۆس ( یا زیرە بۆ کرمان ):

- <u>راڤەی وشەی {گۆران} :</u>

ریشەی وشەی { گۆران }،لە وشەی {گەور}ەوە دێ و یانی { گەورەکان )،کە وشەیەکی کۆ{جەمع} ە و بە مانای زەردەشتیە کان و مەزنە کانە . ئەم وشەیە جارجار ، بووشەتە { گاور} .

وشەی { گەور} ، لە زمانی کوردیەوە چوەتە نێو زمانی فارسیش و لە پاش کەوتنە بەر چەرخی ئاڵوگۆڕ ( Morphology ) ؛ بوەتە { گەبر } ، چون بە پێی یاسایەکی زماننناسی ،ز وربەی ئەو وشانەی کە لە زمانی کوردیەوە چوونەتە نێو زمانی فارسی ، ئەگەر پیتی { و} یان تێدا بووبێ ، ئەم پیتە { و} وە لە زمانی فارسی دا ، بوەتە پیتی { ب } ، بۆ وێنە وشەی { سێو} ، بوە تە { سیب} ، وشەی { شەو} بوە تە { شەب } و وشەی {لێو }، بوەتە {لەب } .

وشەی {گۆران }کە کۆی وشەی { گەورە } ،چووشەتە نێو زمانی ترکی و لە زمانی ترکی دا بەو ترکانەی کە ئایینی پیرۆزی کوردی ئەهلی حەق چوەتە نێویان و وەریان گرتوە ، دەڵێن {گۆران} ، یانی {گەورەکان} ، چون ئەو کاتە ، ئەوان ئەم ئایینەیان بە ئایینی زەڕدەشتی یا شتێکی وا زانیوە و کتێبە ئایینیەکانیشیان ، بە زاراوەی { گۆرانی} زمانی کوردیە . ئەم ترکە گۆرانانە ، زۆر تر لە مەبەندی تەورێز ، ئوسکو ، بناو ، میاندواو ، روودهێن ، بوومهێن و ...، لە ئێران دەژین .

وشەی { گەورک} یش ، کە ناوی هۆزێکی مەزنی کوردە ، بە مانای { زەڕدەشتیە چکۆلەیە} و ئەم هۆزە لە ناوچەی مەهاباد،سەقز و ... دەژین و لە کۆنفرانسی پێنجەمی نێو نەتەویی زەڕدەشیتان لە تاران ، لەسەر ئەم مەبەستە، زۆر باس کرا .

بـه خەڵـكی ناوچـەی قۆزڵـوی هەوشـاریش ، لـە رۆژهەڵـاتی كوردستان ، دەڵێن كوردی { گۆران } .

وشەی { گۆران } بە پێی بارودۆخی كات و جێگە ، لە ناوچەگەلی كوردەواری بە چەند چەشن ، كەڵكی لێ وەرگـیراوە ، كـە ئەمـە برێك لە نموونەكانیەتی :

{گۆران } بە مانای یەكێك لە زاراوەكانی زمانی كوردیـە . ئـەو كوردانەی كە بەم زاروەیە قسە دەكـەن ، زۆرتـر لـە ناوچەگـەلی پاریزگـەی كرماشـان و ئـیلام دەژیـن . بـرێكی زۆر كەمیشـیان پەڕەوازەی ناوچەی هەوشار، لە مەڵبەی ساینقەڵای رۆژهەڵـاتی كوردستان بوون ، كە پێێیان دەڵێن{ كەڵوڕی دێرامەدی} . زوربەی كتێبە كانی ئایینی پـیرۆزی ئـەهلی حـەقیش ، بـەم زاراوەیـە نووسـراون . زۆر لـە هۆنـەرانی كـوردیش بـەم زاراوەیـە ، هۆنراوەیان نووسیوە ، كە مامۆسـتا خانـای قوبـادی یـەكێك لەوانەیە .

لە چەند ناوچەی كوردستان ، وشەی { گۆران } وەك وشەی {مسكێن} بۆ ئەو كوردانە بەكاردەبرێ ، وا لە چینی خوارەوەی كۆمەڵن ، كە رێزدار س. جی. ئێدمۆندس ، لە كتێبی كورد و ترك و عەرەب دا ( كە من پێی دەڵێم كتێبی كورد و كورد و كورد ) ئاماژەی پێ كردوە . بۆ وێنە دەڵێن: گول و گۆرانی قوڕەبەراز).

وشەی { گۆرانی } کە بە مانای بەستە و گۆرانیـــە ، لـــە وشـــەی { گۆران } ەوە هاتوە و بە مانای { وەک گۆرانـــە ) ، یـــانی وەکـــو سروودی گۆرانەکان یا زەڕدەشتیەکان وایە .

وشەی { گۆران } نازناوی هۆنـــەری تـــازە ویـــژ و داب پـــارێزی مەزنی کورد ، ماموەستا عەبدوڵڵا بـــەگی گۆرانیشـــە ، کـــە ئـــەو نازنـــاوەی لـــە وشـــەی پـــیرۆزی { گەورگـــەل } یـــا { گـــۆران } وەرگرتوە و یەکێک لە شازترین هۆنراوەکـــانی خـــۆی بـــە نـــاوی گەشتی هەورامان نووسیوە ، کە بە یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی ژیانی { گەورەکان } یا زەڕدەشتیەکانی زو دەناسرێ .

## لهجه شناسي زبان كردي :

**ئه م وانه يه م له زانستگه ی به هه شتی تاران و لـه زانستگه ی ئيسفه هان بـه زمـانی فارسـی بـه خويـندكاره فارسه كان وت ، كـه وا ئـه لعـان ، هـه ر بـه زمـانی فارسی ده ينووسمه وه** :

زبـان كـردي ، كـه يكـي از زبانهـاي اصـيل ومتعـدد آريـايي است ، داراي لهجه ها و ته لهجه هاي مختلفي است ، كه ذيلا" بـه صـورت اختصـار بـه بررسي آنها مي پردازيم :

1- لهجة سوراني :

لهجة( سوراني ) ، بعضی ها عقيده دارند به نحوي ، بـه صـورت زبـان فراگيـر كـردي در آمـده است . در اكثـر دانشـگاههايي كـه درآن هـا زبـان كردي را تدريس مي نمايند ، بـه عنـوان زبـان فراگيـر و متداول از اين لهجه استفاده مي كنند ، مانند دانشگاه پـاريس ، صـلاح الدين ، دهوك و سليمانيه . اكثرا" در مكاتبـات اداري دولـت محلـي كردستان هم ، از اين لهجه استاده مي شود .

كلمـة ( سوراني ) از كلمـة (سوران ) مشـتق شـده است . (سوران) نـام منطقـه اي از منـاطق كردنشـين و اسـم گروهـي از كردهـا مـي باشـد . مركزاصلی اين منطقه دراطراف شهر (سوران) قراردارد .

بـه طـور كلـي ، لهجـه(سـوراني) زبـان كـردي ، در ايـن شـهرها و منـاطق اطراف آن ها تكلم مي شود : سنندج ، مهاباد ، سقز ، بوكان ، اشنويه ، بانـه ، مريـوان ، ديوانـدره ، كاميـاران ، نقـده ، پيرانشـهر ، سردشـت ، سليمانيه ، اربيل ، كويـه ، دربندي خـان ، رانيـه ، قلعـه ديزه ، روانـدوز ، حريـر و چنـدين شـهر، قصـبه و روسـتاي ديگـر . ايـن منـاطق عمـدتا‘‘ در قسمتهاي مركزي و شرقي حوزه زندگي كردها قرار دارند .

در لهجـة (سـوراني) ، حـروف عربـي ‘‘ ح ‘‘ و ‘‘ ع‘‘ ، حالـت فـونتيكي خود را حفظ كرده و به همان آواي عربي دقيق تلفظ مي شوند .

در الفباي اين لهجه ، حروف عربـي ث ، ذ ، ص ، ض ، ط و ظ حذف شده است . يعنـي بـه جـاي حـروف (ث ) و( ص) از حـرف (س ) ، به جاي حروف (ذ) ، (ض ) و ( ظ )، از حـرف (ز) و بـه جـاي حـرف (ط) ، از حـرف ( ت ) اسـتفاده مـي شـود. در ايـن لهجـه، حرفـي وجود دارد به شكل ( ض ) ، كـه تلفظـش درسـت ماننـد تلفـظ حـرف (v ) لاتين است .

در لهجة (سوراني) زبان كردي ، حركات با حروف است ، يعني هر كلمـه اي همانطور كه نوشته مي شود ، تلفظ مي گردد .

اين لهجه بطور معمول با الفباي شكل عربـي ( همـان فارسـي ) نوشـته مـي شود ، مگر در موارد استثنايي . ولـي در حـروف (ر) ، (ل) ، (و) و (ي) بر حسب مورد ، براي نشان دادن تمايز حالت تلفظ ، از علامتـي بـه شـكل (7) استفاده مي كنند .

شاعران مشهور كلاسيك سراي كرد ، اكثرا‘‘ به اين لهجه شعر سروده اند ، مانند :

نالي، محوي ، حاجي قادر كويي ، قانع ، هژار ، هيمن و امثال آنها .

خيلي از روزنامه ها ، مجلات ، راديو ها ،ماهواره ها ، تلويزيونها ، پايگاههاي انترنتي و ساير رسانه ها از اين لهجه استفاده مي كنند .

بخشي از ته لهجه هاي (سوراني) عبارتند از : ته لهجه اربيلي ، اردلاني ، مكري ، باباني ، بان ايلاخي و غيره . روي هم رفته بطور بسيار تخميني مي شود گفت ، كه گذشته از اينكه اين لهجه به صورت زبان استاندارد كردي در آمده است ، حدود 30 در صد از كردها ، در زندگي روز مرة خود ، از اين زبان استفاده مي كنند .

2- لهجة كرمانجي :

لهجة ( كرمانجي ) با الفباي لاتين نوشته مي شود . براي نشان دادن تمايز تلفظ ، علايم خاصي را براي پاره اي از حروف لاتين در نظر گرفته اند ، مانند حرف ( Ç ) و حرف (Ģ) . در لهجة (كرمانجي ) حرف (ك) و (گ) دو نوع تلفظ دارند .

كلمة (كرمانجي ) از كلمة (كرمانج ) مشتق شده است ، كه نام بخش وسيعي از كردهاي شمالي و غربي مناطق كردنشين جهان است . در پاره اي از مناطق ايران ، براي نمونه در شمال خراسان نيز كردها به اين لهجه صحبت مي كنند .

خيلي از رسانه هاي كردي ، موازي با لهجة (سوراني) " زبان فراگير كردي ، به لهجة كرمانجي نيز برنامه دارند .

شهرها و مناطق ذيل ، بخشي از كردهاي كرمانجي را تشكيل مي دهند : دياربكر (آمد) ، وان ، دهوك ، قاميشلي ، عفرين ، ارض روم ، درسيم ، سلوپي ، زاخو و خيلي از مناطق ديگر .

خيلي از شاعران مشهور كرد به اين لهجه شعر سروده اند، مانند: استاد احمد خاني ، علامه ملاي جزيري ، جگر خوين و غيره .

لهجة( كرمانجي ) زبان كردي ، داراي ته لهجه هاي مختلفي است ، مانند : باديني ، شكاكي ، داسني ( دهوكي) ، واني ، سرحدي ، بوتاني و غيره .

حدود 30 در صد از كردهاي جهان ، در زندگي روزمرة خود ، از لهجة ( كرمانجي ) استفاده مي نمايند .

3- <u>لهجة اورامي :</u>

لهجة (اورامي) ، به روايتي نه تنها از قديمي ترين لهجه هاي زبان كردي است ، بلكه از اصيل ترين لهجه هاي آريايي نيز مي باشد ، كه اين موضوع نظريه قديمي ريشه بودن اورامي را براي زبان فارسي تقويت مي كند . اين كلمه ،از كلمة ( اورامان) مشتق شده است ، كه منطقة زندگي كردهاي اورامي است .

زبان اوستايي و پهلوي ، كه از زبانهاي قديمي آريايي مي باشند ، با اين زبان قرابت دارند . اين قرابت گاهي به حدي است، كه افراديكه به كردي اورامي مسلط مي باشند ، مي توانند تا اندازة زيادي از متون سنگ نوشته ها و پوست نوشته هاي دوران باستان ، كه به زبان اوستايي ويا پهلوي نوشته شده اند ، سر درآورند . لذا به نظر زبانشناسان ، فراگيري زبان كردي ، براي فارسي زبانها ، بسيار كار مثبتي است و به منزلة يادگيري زبان لاتين ، توسط فرانسوي زبانان مي باشد .

لهجة( اورامي) زبان كردي نيز با حروف عربي ( فارسي ) نوشته مي شود . در لهجة اورامي ، حروفي و جود دارد ، كه تلفظ آن در ساير لهجه هاي كردي يا فارسي نيست ، مانند حرف ذ( ) كه مانند The در انگليسي تلفظ مي شود .

لهجه اورامي داراي چند ته لهجه است ، مانند : ته لهجه اورامان تخت ، پاوه و لهون . روي هم رفته مردم اورامان تخت ، اورامان لهون ، اورامان حلبجه و اوراميهاي نزديك شهر موسل و غيره با اين لهجه صحبت مي كنند .

خيلي از شاعران كرد به لهجة اورامي زبان كردي شعر سروده اند ، كه اكثرا‘‘ سبك كلاسيك و بيشتر ده هجايي مي باشند ، كه يكي از آنها پير شاليار اورامي است . پيرشاليار كبير ( پير شاليار ديگر نيز هست )، خود زرتشتي و حالت رهبريت ديني داشته است و هنوز عبادتگاه و آرامگاهش در اورامان تخت ، مورد احترام بسيار زياد است . هر ساله هزاران نفر به زيارتش مي روند . از شاعران ديگر اورامي سرا ، صيدي (سيدي) اورامي ، مولوي كرد، ميرزا عبدالقادر پاوه اي و دهها شاعر برجسته ديگر مي باشند . روي هم رفته ،مردم اورامان سمبول مهر ، صداقت ، كرامت ، قناعت ، كوشش و تمام صفات بارز يك انسان مي باشند، به همين دليل اين خطه ، سرزمين شاعر خيزي بوده است و تاريخ ادبيات كرد ، مملو از اسماء شعراي اورامي سرا است . خيلي از دست نوشته هاي ادبي ، عرفاني و غيره نيز به اين لهجه وجود دارد ، كه هنوز بخش عظيمي از آنها جمع آوري و چاپ نشده است .

4- لهجة لري :

چنانكه مي دانيم ، اكثر زبانشناسان و محققين بر اين باورند ، كه لري هم يكي از لهجه هاي زبان كردي است ، كه يكي از آنها استاد علاءالدين سجادي بوده است . استاد علاءالدين سجادي نويسنده كتاب وزين و

مشهور تاريخ ادبيات كرد ، در اين اثر بر اين قضيه تاكيد داشته است . نگارنده اين نوشته هم بر اين باور است.

لهجة لري ، لهجه ايست از لهجه هاي آريايي كه از نقطه نظر فونولژي ، در بين زبان كردي و فارسي قرار دارد ، تا به طرف شمال لرستان حركت مي كنيد ، اين لهجه بيشتر به زبان كردي نزديك مي شود .

اكثر مردم استان لرستان ، بخشي از استان كرمانشاهان، بخشي از استان خوزستان ، قسمتي از چهار محال بختياري ، ايلام و بوير احمد و حتي قسمتي از استان اصفهان نيز،به لهجة لري صحبت مي كنند .

لهجة لري شامل ته لهجه هاي فراواني است ، كه گاهي از شهري به شهر ديگر تغيير مي كند و اظهار نظر دقيق در مورد آنها ، نياز به يك تحقيق وسيع ميداني دارد .

شاعران فراواني به اين لهجه شعر سروده اند ، كه نام قسمتي از آنان در تاريخ ادبيات كرد ثبت است ، براي مثال : باباطاهر عريان ، بابا نلوس لرستاني ، بهلول ماهي و غيره .

بيشتراهل قلم ، لهجة لري را با الفباي عربي( فارسي ) نوشته اند. ولي گاهي در كتب تحقيقي از الفباي لاتين نيز استفاده شده است .

5- <u>لهجة گوراني :</u>

نام لهجة ( گوراني) از كلمة ( گوران ) مشتق شده است . (گوران) جمع (گه وره ) است و (گه وره) در زبان كردي به معني بزرگ يا گبر ( زرتشتي ) است . از نقطه نظر زبانشناسي ، بخشهاي وسيعي از مناطق جنوبي كردنشين ، مانند اكثريت استان كرمانشاهان ، اكثريت استان ايلام و بخشي از لرستان به اين لهجه از زبان كردي صحبت مي كنند . قسمتي

از ته لهجه هاي اين لهجه، عبارتند از : ايلامي ،كلهوري ، لكي ، فيلي و غيره . عقيده بر اين است ، كه كلمة كلهر از دو بخش (كل + لر) يا( لر بزرگ) و كلمة( لك ) ازحرف( ل )به معني لر و حرف ( ك )به معني كرد، تشكيل شده است .

كتابهاي ديني مذهب اهل حق ، كه يك مذهب باستاني و اصيل كردي است ، به اين لهجه نوشته شده است ، كه يكي از آنها كتاب سرانجام مي باشد . مذهب اهل حق به ميان ساير ملل نيز صادر شده است، براي مثال به ميان تركهاي آذربايجان شرقي ، ساكنان رودهن و بومهن در استان تهران ، كلار دشت در مازندران و خيلي از جاهاي ديگردر تركيه و عراق .

خيلي از شاعران نامي كرد به اين لهجه شعر سروده اند ، كه خاناي قوبادي ، غلامرضاخان اركوازي ، شامي كرماشاني و صدها شاعر و اهل قلم برجسته، برخي از آنها مي باشند .

توضيح : برخي از محققين ، بطور اشتباه لهجة( گوراني) را لهجة (كلهوري) ناميده اند و لهجه هاي( لكي) و( فيلي) و غيره را از ته لهجه هاي لهجة كلهوري به حساب آورده اند، در صورتيكه ته لهجة (كلهوري) خود از ته لهجه هاي لهجة (گوراني )است ، كه طوايف (كلهور) استان كرمانشاهان و ايلام با آن تكلم مي كنند . سي جي . ادموندس در كتاب كردها ، تركها و عربها مي نويسد “ پرجمعيت ترين طايفة كرد (كلهور)ها هستند “ . برخي از(كلهر)ها ، قرنها پيش به منطقة شاهيندژ در آذربايجان غربي تبعيد شده اند ، كه (كلهر) دير آمدي ناميده مي شوند و هنوز نوعي لهجة كلهوري را حفظ كرده اند . منطقة كلهرآباد در بوكان نيز به اسم همين طايفه از كلهر نامگذاري شده است و ساكنان آن اكثرا“ كلهر دير آمدي مي باشند .

همانطوريكه ، لهجة لري از لحاظ زبانشناسي در ميان زبان كردي و زبان فارسي قرار دارد ، لهجة ( گوراني) نيز در ميان لهجة (سوراني) و لهجة( لري) قرار دارد .

6- لهجة زازاكي(زازايي ) :

این لهجه نیز از لهجه هاي زبان کردي است ، که از لحاظ لغت ، دستور و سایر معیارهاي زبانشناسي ، با اکثر لهجه هاي کردي دیگر، مقداري فاصله گرفته است ، که قبل از هر گونه اظهار نظري در این مورد ، نیاز به تحقیق بیشتري مي باشد .

ملاحظات :

1- موضوع لهجه شناسي زبان کردي ، نیاز به تحقیقات کتابخانه اي ، میداني و آزمایشگاهي خیلي وسیعي دارد ، تا بتوان همه لهجه ها و ته لهجه ها را همانطور که هست شرح داد و معرفي نمود . لذا ، نوشتة حاضر را ، فقط مي توان به عنوان یك دید کتابخانه اي کلي از لهجه هاي زبان کردي تلقي نمود ، که بطور قطع راهنمایي و هدایت متخصصین زبان کردي، معایب احتمالي این دیدگاه را بر طرف و نواقص مسلم آنرا تکمیل خواهند نمود .

2- در دهکدة کوچك جهاني ، روز اول خلقت انسان ،فقط یك زبان وجود داشته است ،موسوم به زبان آدمیت . حالانیز همة ده نشینها بني آدمند . از طرف دیگر ،همگي آنها با زبان داخل دهان صحبت مي کنند، براي مثال، هیچ کسي با زانو یا آرنج صحبت نمي کند – که همین واقعیت، وجه مشترك بسیار عمده اي در میان آدمیان است . زبانهاي مختلف ، باید به عنوان کثرت ابزاردر دهکده ، براي ایجاد خلاقیت ، تفاهم و دوستي میان انسانهاي متنوع ، مورد استفاده قرار گیرد ، نه خداي ناکرده به عنوان ابزارتبعیض، برتري و سنگر بندي – همة زبانها یك چیز را مي خواهند ، که عبارتست از همزیستي مسالمت آمیز و احترام به حقوق همة اولاد آدم ، حتي در کوچه پس کوچه هاي دور افتاده این دهکده کوچك.

توظیح مهم : برخی از زبان شناسان ، بر این عقیده اند ، که زبان کردی در اصل از سه لهجه اصلی "سۆرانی " ،" گۆرانی " و "کرمانجی" تشکیل شده است و با توجه بهقرابت های بسیار نزدیک زبان شناسی، بین لهجه " لری " ، "لکی" ، " اورامی" ، " کلهوری "و " فیلی " و امثال آن، این ها را زیر لهجه ، لهجه گۆرانی زبان کردی می پندارند ؟؟؟.

همانطور که قبلا" توضیح دادم ، ' چون این نوشته را چند بار در کلاس دانشگاه هایی تدریس نمودم ، که دانشجویان غیر کرد درآن حضور داشتند ، متن درس را به زبان فارسی نوشتم . سۆران

## پاشگر =پاشکۆی { نگ }:

لە زاراوەی سۆرانی زمانی کوردی دا ، پاشکۆی { نگ } شوێنێکی زۆر گرنگی هەیە ، کە پێویستە سەرنجی وردی بدەینێ .

بۆ وێنە :

- برنگ { بڕ+نگ} = کەرەسەیەکی تایبەتی بۆ بڕینی خوری ، بەرگن و شتی وا.

- قولنگ { قووڵ+ نگ } = کەرەسەی قووڵ کردنی زەوی .

- قورنگ { قور+نگ} = پەلەورێکە کە کاتی خوێندن دەڵێ { قور – قور } ، وەک سوورە قورنگی گەرمێن ، قاز و قورنگ و شتی وا .

- سنگ { سی + نگ } = جێی سی ، لە لەشی مرۆڤ دا .

- پڕشنگ { پڕش + نگ } = مەکوی پڕشە و نوور .

- ئاونگ { ئاو + نگ } = شەونم ، پرژەی ئاو ، جێی ئاو.

کە لەو وێنانەی سەرەوە دا ، بۆمان دەدەکەوێ پاشکۆی {نگ} ، کاتێک بە وشەیەکەوە نووسا ، وەک کەرەسە ، مەکۆ ، جێگە و شتی وا بەکار دەبرێ .

جا هەر بە پێی ئەم فۆڕموولە زمان ناسیە ، بۆمان دەردەکەوێ زۆر وشەی دیکە لە زمانی کوردی دا هەیە ، بە پاشکۆی { نگ} دادەکوژێن و مانای تایبەت بە خۆیان دەگەیێنن . کە بۆخۆتان دەتوانن لەو چەشنە وشەگەلە بکۆڵنەوە .

لە لایەکی دیکەوە ، ئەگەر ئێمەش بمانەوێ وەک گەلانی دیکە بە پێی فۆڕموولی زمانە وانی ، وشەی تازەمان ببێ ، دەتوانین لەم پاشکۆیە کەڵک وەربگرین و وشەی پێ ساز بکەین ، وەک :

نووسنگ { نووس+نگ } = ئەو شتەی کە پێی دەنووسین ، پێنووس .

**پیتی زیادی "حەرفی ئیزافە" { دا }لە زمانی کوردیدا:**

**پیتی زیادی { دا } لە زاراوەی سۆرانی زمانی کوردی دا ، بۆ کامڵ کردنی پیتی زیادی { لە } ، کەڵکی لیَ وەردەگیررێ .**

**بۆ وێنە دەڵێین :**

- **گۆرانی وێژ لە شاری بۆکان دا زور بوە ، بەڵام کەمیان وەک ماموەستا حەسەن زیرەک بە ناوبانگن.**

- **غاری قوڕی قەڵا ، لە بن کێوی شاهۆ دا یە .**

- **زۆربەی خەڵک لە کاتژمێری 11 ی شەو دا دەخەون .**

- **لە رۆژی دوی رێبەندان دا ، ئاڵای کوردستان هەڵکرا .**

**هەروەک دەبینین ، لە زاراوەی سۆرانی دا ، کەمتر وشەی دا**

**دەقرتێنن و لە جێی ئەو رستانەی سەرەوە ناڵێن :**

q گۆرانی وێژ لە شاری بۆکان زور بوه ، بەڵام کەمیان وەک ماموەستا حەسەن زیرەک بە ناوبانگن .

q غاری قوڕی قەڵا ، لە بن کێوی شاهۆ یە .

q زۆربەی خەڵک لە کاتژمێری 11 ی شەو دەخەون .

q لە ڕۆژی دوی ڕێبەندان ، ئاڵای کوردستان هەڵکرا .

لە لایەکی دیکەوە ، لەو وێنانەی سەرەوە دا دەبینین ،کە وشەی { دا } هەمیشە لە لە پاش {ناو} دێ و واش باشە ، کە بە ناوەکەوە نەنووسێ ، بۆ وێنە نابێ بنووسین :

q گۆرانی وێژ لە شاری <u>بۆکاندا</u> زور بوه ، بەڵام کەمیان وەک ماموەستا حەسەن زیرەک بە ناوبانگن .

q لە ڕۆژی دوی <u>ڕێبەنداندا</u> ، ئاڵای کوردستان هەڵکرا .

تێبینی : پیتی زیادی = PREPOSITION

# کەو :

لە رونگەی ماناوە ، رەنگـە وشـەی {کـەو} ، ئـەوەبێ کـە رەنگی { کـەوو } ە . بـە زاراوەی کەڵـوڕی زمـانی کـوردی وشەی { کەوو} یا { کەوگ } یانی رەنگی بۆر یا خۆڵەمێشی و لە زۆر ناوچەی کوردستانیش بە خۆڵە مێش دەڵێن { خۆڵە کەوگ } ، چون هەر وەک دەزانین زوربەی کەوگەل ، رەنگیان خۆڵەمێشیە .

لە زمانی کوردی دا ، کـەو چەنـد تـاقمن : خاسـە کـەو ، زڕەکەو ، کەو بوار ، کەوبارِ ، نێرە کەو ، ما کەو و ... . وشەی {کەو } پاش ئاڵوگۆڕی تایبەت چووشەتە نێو زمانی فارسی و فارسەکان پێی دەڵێن { کەبک } .

q خاسە کەو :

بە کەوی کلاسیک دەڵێن ، کە خاڵ و میلـی زور جـوان و چـاو برۆیەکی پێکەوتوی هەیە . خاسەکەو دەنگـی زۆر خۆشـە . بـە دەنگی خاسە کەو دەڵێن { قاسپە } . بە پێی وتەی بیرمەندانی کورد ، کەویش باش و جاشی هەیە . کـەوی بـاش لـە سـەر دوندی چیکاکـان ، بـە قاسـپەی خـۆی چریکـەی رزگـاری و جوامێری نەتەوەی خۆی دەخۆێنی ، کەوی ناباشـیش هـۆزی خۆی دەخاتە نێو تەڵە و داوی بێگانەوە . بە چنگی تایبەت و تیژی کەو دەڵێن { چرۆ } .

q زڕەکەو :

بە چەشنە کەوێک دەڵـێن ، کـە وەک خاسـە کـەو جـوان و شەنگ و شۆخ نیە و دەنگیشـی وا خـۆش نیـە . زڕەکـەو لــە وڵاتی کەوان دا ، وەک هاووڵاتی پللە دو دەچێ - هەم لــەش و ئەندامی چکۆلە ترە و هەم ڕەنگی تۆفیری هەیە .

q کەو بوار :

q بە کەوی خێڵەکی و کۆچـەر دەڵـێن ، کـە زۆر تـر لــە ئاخری وەرزی بەهار و هەوەڵی وەرزی هـاوین دا ، خێڵــەو خوار و خێڵەو ژوور دەکەن . جا دەکرێ لە نێو کەو بواردا ، خاسە کەو ، زڕەکەو و کەوی دیکەش هەبێ .

q کەوباڕ بە بەچکەی کەو دەڵێن . بۆ وێنە لە هـۆنراوەی فۆلکلوری کوری دا دەڵێ { کەوی یاخۆ ، کەوباڕی ، خاسە کەوی یا باڕی ؟ } .

بە کەوی نێر دەڵێن {نێرەکەو} و بە هــی میـوبیش دەڵـێن {ماکەو} . لە کوردستان ، گۆشتی سنگی کەو بە یـەکێک لــە گۆشتە زۆر خۆشەکان دەزانن .

لە نێو کورد دا ، ناوی تایبەت لە خاسە کـەو دەنـێن و لــە ماڵەوە لە نێو قەفەس ڕای دەگرن ، بۆ وێنـە ئەمانـە نـاوی تایبــەتی کــەون : کــەوە سەرســەوز ، کــەوە ڕەش و کــەوە قەرەچی . کەوی دۆم و قەرەچی بو باشی بە ناوبانگن .

له كوردستان راوەكـەو و شـەڕ كـەو زۆر بـاوە . يـەكێك لـە راوە تايبەتيەكانی كەو، راوی{ مێـڕۆژ } ە . كـەو بـە چەنـد چەشن راو دەكەن : بە داو ، دێوجامە تەڵە و بە تايبـەت بـە هەڵخەڵەتاندن .

ئەوانـەی كـەو رادەگـرن پێيـان دەڵـێن {كـەويار} . كـەويار زوربەيان چەوسێنەرەوەن ، نەک رزگار كەر .

ئەمەش دێرە هۆنراوەيەكی خۆمە ، كە وشەی كەوی تێدايە :

برۆت چەشنی <u>كەوانە</u> ، چون كەوانە رەشی بسكت شـەوانە، چون شەوانە

قاسپەی كەو ، دروشمی رزگاری خـوازی و جـوامێری گـەلی كوردە .

**[ ص ] ی مەهاباد ، [ ط] ی سلێمانی و [ ر] ی هەولێر :**

**تەواوی گەلانی جیهان تێ دەکۆشن ، کە رۆژ بە رۆژ زمانکەیان بخەنە نێو چوار چێوەیەکی ستاندارد . بەڵام بە داخەوە لە نێو ئێمەدا، هەوڵێکی وا بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە هەرە پێویستە نەدراوە .**

**با جارێ لێرەدا ، چاوپۆشی لە جۆراوجۆری تەشکی نووسینی زمانی کوردی بکەین و تەنیا تەوەرەی باسەکە بخەینە سەر بڕێك لەو گشتە زاراوە ، بن زاراوە و بنی بن زاراوە یە کە لە زمانەکەماندا هەیە . بە چەشنێکی وا ، کە زمانم لاڵ دەڵێم بڵێم : " بۆ وێنە زۆر جار ، رەنگە کوردی کرمانجی باکوور ، لە تورکی باشتر تێ بگا ، تا کوردی سۆرانی!!! ".**

**بێجگە لەو تێکەڵ و پێکەڵیە کە لەسەرەوە باسم کرد ، تەنانەت دەربڕینی پیتەکان ، لە ناوچە سۆرانیە کانیش تۆفیریری هەیە بۆ وێنە:**

**1- لە شاری مەهاباد ، زۆر جار پیتی [ س ] بە چەشنی پیتی [ ص ] ی عارەبی دەردەبڕن ، بۆ وێنە دەڵێن : پردی صور ، بەفری صپی و صەری بورج .**

**2- لە شاری سلێمانی ، زۆر جار پیتی [ ت ] بە چەشنی پیتی [ ط ] ی عارەبی دەردەبڕن ، بۆ وێنە دەڵێن : کارەکە طەواو بو ، باران طەڕی کردم و طۆپی پێ کایەیەکی خۆشە .**

**3- لە شاری هۆلێر ، هەمیشە پیتی [ ل ] بە چەشنی [ ر ] دەردەبڕن ، بۆ وێنە دەڵێن [ دەرێن ] : ماری خۆنەخۆر بۆ چەکمە بۆرە ، ئەم بیرەی تۆ خەیارێکی خاوە و زمانم لار بێ ، کە وام وت .**

4- له شاری بانـەش ، چەشنە زاراوەی خۆیـان هەیـە . بۆ وێنـە دەڵێن : ئـەینووسمەوە وانیٚ [ دینووسم ] ، ئـەیخو ێنمـەوە وانیٚ [ دةيخوێنمةوة ] و پێت ئەڵێمەوە وانیٚ [ پێت دەڵێم ] .

5- شاریٚ خانێش لەم تۆفیرگەلەی تێدایە ، بۆ وێنە دەڵێن : وەستا مینە دینی نینە [ وةستا مینە ديني نيە ] .

زۆر شـار ، شـارۆچکە ، گونـد ، گـەڕەك و کەوشـەنی دیکـەی کوردستان ، تۆفیری زاراوەییان تیٚ دا هەیە .

دیارە لـە زوربـەی زمانگـەلی دیکـەی جیهـان دا ئـەم چەشنە ناکۆکیانـە وەبـەر چـاو دەکـەون ، بـەڵام گشـت گـەلان بـۆ هاوچەشـن کـردن و سـتانداردکردنی زمانەکـەیان هـەوڵ دەدەن . ئێمـەش دەبـیٚ بـە کـەڵك وەرگرتن لە سازبوونی باژاڕۆکی چکۆلەی جیهانی و زانستگە گـەلی پێشکەوتی ئەمڕۆکـە ، بۆ یـەکگرتو کردنـی زمـانی کـورد ، لـە تـەواوی کوردستانی مەزن، تێبکۆشین .

# بەشی 2 – وێژە :

## وێژەی کوردی :

وێــژە { ئــەدەبییات } ی کــوردی ،یــەکێک لــە وێــژەی دەوڵەمەندەکانی جیهانە . بڕێک لە هۆگـەلی دەوڵـەمەندی ئـەم وێژەیە ، ئەم شتانەی خوارەوەیە :

1- جوانی سروشتی کوردەواری ، کە ئەم جوانیـە ، هەسـتی وێژەوانای کوردی بۆ بـەدیهێنانی ئـەدەبییاتێکی شـاز ، وەکـوڵ هێناوە و هانی داوە .

2- بوونی ژیانێکی کۆمەڵایەتی واتایی ، لە کوردستان.

3- دەروون ناسی ( رەوان ناسی) تایبەتی دەروونی کورد .

4- چەوسانەوەی چینی و نەتەویی .

5- پڕمانایی وشە و زمانی کوردی .

6- مۆسیقای تایبەتی وشە ، لە فۆنێتیکی کوردی دا.

وێژەی کوردی ، بە لەونی سەرەک، بەم چەشنە دابەش دەبێ :

1- وێژەی فۆلکلۆریک .

2- وێژەی کلاسیک .

3- وێژەی نوێ { تازە } .

وێژەی فۆلکلۆریک ، بەشێکی زۆر گەورە لە ئەدەبیاتی کورد پێک دەهێنی . بۆیە بەم چەشنە وێژەیە دەڵێن فۆلکلۆریک ، کە وێژەرەکەی نەناسراوە ، کەس نازانێ کێ وتویەتی و سنگ بە سنگ هاتوە . وێژەی فۆلکلۆری چەند بەشە ، وەک : بەیت ، هۆنراوە ،پەندی پێشینان ، قسەی نەستەق ، گاڵتە و گەپ ، مەتەڵ ، ئەفسانە ، چیرۆک و ... . کە ئەگەر دەرفەت بو ، لە بەشی وانەی فۆلکلۆریماڵپەڕەکەدا ، باسیان دەکەین .

وێژەی کلاسیک ، بەو چەشنە وێژەیە دەڵێن ، کە لە نێو چوار چێوەی کلاسیک {جێکەوتوی قەدیمی} دا خولقاوە ، نووسەرەکەی مەعلووم و دیارە . ئەم بەشەش . بریەتیە لەم بابەتانە :

1- هۆنراوە .

2- پەخشان .

3- چیرۆک .

4- شانۆ.

5- شتی دیکەی کلاسیک .

**ئەو بابەتانەی سەرەوەش ، بۆخۆیان چەند بەشن ، وەک : ویژەی ریالیزم {راستەقینە}، ناتورالیزم { سروشت خواز } ، ساتیر {توانج } ، تراژیدی { پەژارە} و ...**

**ویژەی نوێ ، بەو چەشنە ویژەیە دەڵێن ،کە بە داب و سەبکی ئەمڕۆ نووسراوە یا وتراوە .** یا با بڵێین **بە چەشنی** گشتی و سیمبۆلیک ، **هەر ویژەیەک ، کە فۆلکلۆری یا کلاسیک نەبێ ، پێی دەڵێین ویژەی نوێ یا تازە . ویژەی نوێ ، چەندین بەشە ، کە ئەگەر دەرفەت بو ، لە درێژایی وانەکاندا ، بە وردی ئاماژەیان پێ دەکەین و وێنەشیان دەناسێنین .**

## باسێک لە سەر ناکۆکی نێوان بەرەی کلاسیک و نوێ .

بەم تام و بۆنەی لە کن قەترانە

هەنگوین و کالەک گورچکبڕ ترە

سۆران تۆش کوردان لۆمەی حەق بکە

تانەی دۆست لە تیغ دوژمن دڕترە

(سۆران)

چەند ساڵ لەمەو پێش، لەگەڵ تاقمێکی بەڕێز و ماقووڵی 48 نەفەرەی هۆنەر، نووسەر، هونەرمەند و رووناکبیری دیکەی هاوچەرخی کوردی ئەمدیو ، بە ئامانجی سەفەرێکی فەرهەنگی بۆ ئەو دیو ، لە شارێکی سنووری کۆببوینەوە . بە داخەوە، هەر لە هەوڵەوە، ئەو 48 کەسە خۆشەویستە، کە هەموویانم بە بێ جیاوازی، بەقەد هەر دو گلێنەی چاوانم خۆش دەوێ، گشتیان لەگەڵ یەک دا کۆک نەبوون و ببونە دو تاقمی نا هاوبیری وەک کارد و پەنیر . بۆیە نالێم {ببوینە دو تاقم }، چون من لە ناوچەی کوردستان ناژیم، باش نازانم پاش نزیکەس 35 ساڵ رۆیشتن، دەربەدەری و نەمان لە کوردستان، بەشی کامە تاقم بووم، {یا بەشکو ئیشەڵڵا هەر لە هیچ تاقمێکدا نەبووبم }. بەڵام، رەنگە ئەگەر 48 رۆژ لەو جێگەیە بمایەنەوە، ببوایەنە 48 تاقمی یەک نەفەرە، کە بەمە دەڵێن کارەساتی دڵتەزێن (فاجیعە) ی کۆمەڵایەتی . شکیش لەوە دا نیە، هۆی هەرە گرنگی بەدوا کەوتنی نەتەوەی لێهاتوی کورد، هەر ئەم چەشنە ناکۆکی و

تاقمبازیانە بوە، نە کاسی و تەوەزەلی و ... . بە تایبەت رووناکبیر بۆ کۆمەڵی خۆی وەک خۆێ وایە، جا ئەگەر دو لەروی ئێوە خۆێ بگەنێ، دەبێ ئەو کۆمەڵە چبکا ؟

یەکێک لە ناکۆکیەکانی نێوان ئەو خۆشەویستانە، لەسەر رێبازی کلاسیک و نوێ بو. ئەو دو تاقمە جیابیرە، لەوانەیە بڵێم، دەیانویست سێبەری خەیاڵی یەک، بە گوللەی دزێوی پلووتک و توانج و مۆرِە بپێکن.

کلاسیک خوازە کۆنەکارەکان، لەملاوە بە چوار مەشقی لە مەتەرێزی خەباتی خۆپاراستن و لەسەرخۆکردنەوە دا، بە زەویری دانیشتبوون. لەوە دەچو، بێ هەواڵ لە شەقام و کۆڵانە گۆڕراوەکانی باژارۆکی چکۆلەی جیهانی، هێشتا هەر نوێخوازە گەنجە لاوەکان، کە زوربەیان گەنجێکی لیپاولیپ لە زانیاری بوون، بە مێرد منداڵ و منداڵە وردکەی خازەڵێ و بەردە فڕکێ بزانن. تەنانەت ئامادە نەبوون، بە مسقاڵ هەر گوێشیان بۆ شل بکەن. لە خۆوە ێێیان وا بو، هەرچی لاوە نوێخوازەکان دەیڵێن، ئەوان هەر لە پێش دا دەمێکە دەیانزانن و گوێگرتن لەوان، چەشنێک بە فیڕۆدانی سات و کاتە. پێیان وابو، دەبێ لاوەکان هەموشتێک لەوان بپرسن، لە نێو ئەم تاقمە خۆشەویستەدا، بە دەگمەن لاوی پیری ژیریش پەیدا دەبو. پێیان وابو، نووسراوەی بێ کیش و سەروا، وەک ماڵی بێ سەرمیچ وایە و دیوارەکانی هەرچۆن بێ، بو ئەوە نابێ بە خانوی بزانی. زۆر گوێ قوڵاغ بوون، کێ سڵاویان لێ دەکا و کێ نایکا. دروشمی چاکی لاوەکان بۆ ئەمانە، بەر لە هەموشتێک سڵاوکردن و لەبەرهەستان بو. ناتوانین ئەم کارەی ئەمانیش زۆر بە شتێکی سەیر بزانین، چون

دەیانویست قەرزی سڵاوی خۆیان کە لە کن بەساڵاچوانی زەمانی لاوی خۆیان مابو ، لەم لاوە بەسزمانانە بسەننەوە.

نویٚ کارە نویٚ خوازەکان، کە بە گشتی لاوتر بوون، لە لایەکەوە بە جویٚ هەڵ تروشکابوون و سەنگەری هێرشیان گرتبو. بە دەگمەن کلاسیک کارە کانیان دەهێنا حیساب، کە زوربەیان باری قورس و زلەی خەبات، تاقیکاری و ماندویەتی فەرهەنگی، موی رەشی سەریانی وەک چۆڕی شیر سپی کردبو. تەناتەت خشڵی سەحەسووکی داب و نەریتی {گەورەیی و چکۆلەییی} لەبەردڵ و رەسەنی نێو کوردە واری، کە لە بەربەیانی مێژووەوە ، کۆمەڵی کوردی رازاندوەتەوە، لەسەر سەفحەی دڵی زۆربەی ئەوان، وەبەر تاڵان و بڕوی نووسینگەی نوێخوازی کەوتبو و کەلەواشی نەمابو. دەتوت نوێخوازە قیت و قنجەکان ، لەگەڵ ئەدەب و هونەری ئامریکای نێوەندی و خولقێنەرەکانی دا، ناسیاوترن، هەتا شوێنەوارەکانی مەلای جزیری، مەحوی و وەفایی !!!. رەنگە، گرووپی خوێنی مادۆنایان دەزانی، بەڵام ناوی مەلاکەریم و سێوە یان هەر بە دەگمەن لە گویٚ کەوتبو. بە رژدی دژی ریتم، نەزم، کێش و سەروا بوون، مەگەر لە هەڵپەڕکیٚ و مۆسیقای پاپ دا نە بیٚ. هێندە جیهانیان بە چکۆلە دەزانی، کە بە دڵفراوانی بەرەو ئاسمان بزە دەیگرتن و لە پەستا هەناسەی سووپڕانویان هەڵ دەکێشا. پێیان وا بو ئەگەر وا قسە بکەن خەڵک لێیان حاڵی ببن، خودا نەخواستە، بە بیٚ سەوادیان لە قەڵەم دەدەن. هێندێکیان ریشی وایان دانابو، کە شێڤالیەکانی زوی ئوڕوپا، بە تۆزیشیان نەدەگەیشتن. تازە بە دەنگێکی گڕ، بە بەشی لای خواروی گەرویان قسەیاندەکرد. با بڵێم، هی بەتەمەن لە نێو ئەمانە دا، هەر نەبو. کاتیٚ دەیانڕوانیە زۆر بەتەمەنەکانی ئەو

تاقمەی دیکە، وا سارد تەماشاین دەکرد، دەتوت دەڕواننە لەشی فۆسیلی مۆمیایی کراوی فیرعەون.

رەنگە لەم دو تاقمە خۆشەویستە، کە من بیرم لەوە نەکردوەتەوە دەبێ کامیانم زۆرتر خۆش بوێ و بۆ، کەم کەس بیری لەوە دەکردەوە، کە ئێمە گشتمان، ئەگەر ئەدیب و رووناکبیرین، مێعمارانی هاوچەرخی وێژە، هونەر و رووناکبیری شاری کوردین و بە گشتی هەموومان، تاقە ئامانجێکی پیرۆزی هاوبەشمان هەیە، ئیدی قەی چی دەکا با مێعمارێک بە سەبکی هەورامی لەم شارە خانو دروست بکا، یەکێک بە سەبکی کلاسیک، یەکێک بە سەبکی رۆژهەڵاتی و یەکێک بە سەبکی مۆدێرن، پۆست مۆدێرن، ئولترا مۆدێرن و تەنانەت ئینفرا مۆدێرن و هەر سەبکێکی دیکە. ئامانج ئەمەیە خانوەکان شیاو بێ و شاری ئەدەبی کورد جوان و شەنگ برازێنینەوە. بگرە بوونی سەبکی جۆر بە جۆر، بەڵام شیاو شاز، دەبێتە هۆی رازاوەیی پتری ئەم شارە. خۆ ئەم شارە باژاری هەمو کوردانە، نەک شاری من، تۆ یا ئەوی تەنیا.

ئێوە، کە پێتان دەڵێن رووناکبیرو هە میشە لەسەروگوێلاکی ناکۆکی نێوان رامیاران دەدەن و حەقیشتانە، ئەی خۆشەویستانم خۆتان بۆ ناکۆکن ؟ . لەسەر کامە مووچە، چاڵی نەوت، ماشێنی لیمۆزین، بەنگالۆی ناوەڕوان{ دوڕگە}ی هاوایی، پۆست و پللە و مەقامی رامیاری و باغ و راغ، شەڕ دەکەن ؟ بەشی هۆنەر ۆ نووسەر و هونەرمەند هەر مەرارەتە و کوێرەوری. مەرارەت و کوێرەوەری شەڕی بۆ چیە ؟ وەرن با لەم خولەکەوە، دیواری داسەپاوی ناکۆکی نێوان وڵاتی کلاسیک و نوێ، وەک دیواری بێرلین و پێنج بەشەکەی کوردستانی تیغەکراو، بە پاچی

یەکبوون و هاوبیری تێکومەکان بــدەین. تکایــە تــۆ هــەوەڵ پــاچ بوەشێنە ! هەمو دێن بە دواتدا.

با ئەمەش بدرکێنینــەوە:{هۆنــەر، نووســەر و هونەرمەنــد، لــە تەرازوی مێژودا راڤە دەکرێن و هەڵ دەسەنگێندرێن }.

## هۆنراوەی دە بەش { هیجا} یی کوردی :

لە وێژەی کوردی دا ، چەشنگەلی جۆربەجۆری هۆنراوە هەیە ، کە یەکێک لەوانە ، کێشی دە بەشیە . کێشی دە بەشی بەو کێشە دەڵێن ، کە هەر نیو دێڕ { میسڕاع }ێکی دە بەش { هیجا} یە ، وەک :

هەرچەن مەواتان، فارسی شەکەرەن

کوردی جە فارسی ، بەس شیرین تەرەن

{ مامۆستا خانای قوبادی}.

ئەگەر بە چەشنی دەنگی ساز، کێشی ئەم هۆنراوەیە بپێوین ، بەم چەشنەی لێ دێ :

تەن تەن تە تەن تەن ، تەن تەن تە تەن تەن .

کە دەنگی دە بەشی میسراعێک نیشان دەدا . هەر وەک دەزانین ، ئەم شتەی کە ئێمە دەرمان هێناوە و کێشی هۆنراوەکەیە ، لە دو بەشی { تەن } و {تە} پێک هاتوە ، کە بەشی { تەن } درێژە و بەشی { تە } کورت . ئێستا ، ئەم پێوانەیە بە تەشکی خەت{- } و نوختە { . } دەردەهێنین و دەیکەینە فۆرمولی کیشی هەمو هۆنراوەیەکی کێش دار ، کە هی دە بەشی بەم چەشنەی خوارەوە دەبێ : - - . - - ، - - . - -

دەتوانین ئەم فۆرموولە بکەینە ، جێ نشینی فۆرموولی ناسراو بە { فاعیلات } ی عەرەبی و تەنانەت ، دەتوانین بە ئامرازی مۆسیقاش ، ئەو دەنگانە دەربهێنین . بە کێشی دە بەشی دەڵێن

**کێشی خۆماڵی کوردی و زۆرلە هۆنەرانی کـورد کەڵـکیان لـێ وەرگر توە ،کە یـەکێک لەوانـە مامۆسـتا مەولەویـە . زۆر لـە هۆنراوەکـانی مامۆسـتایان خانـای قوبـادی ، قـانیع و گۆرانیش دە بەشین .**

تێبینـی : ئـەو فۆڕموولـەی سـەرەوە مـن دام نـە هێنـاوە ، بەڵکـە لـە کتێبـی خەڵکی دیکە دا خوێندوومەتەوە .

# غەزەل :

وشەی غەزەل ، وشەیەکی عارەبیە ، کـە هاتوەتـە نێـو وێـژەی کوردیەوە . غەزەل زۆرتر بە مانای وتـوویژ لـە گـەڵ دڵـدار و خۆشەویست دایە و زۆرتر بە چەشنە هۆنراوەیەک دەڵێن ، بەلای کەمەوە پێنج و ئەوسـەری چـواردە دانـە دێـڕ بـێ ، تـەواوی میسراعەکانی هاوکێش بن ، دو میسڕاعی هەوەڵی لەگـەڵ یەکـدا هاو سەروا ( قافیە ) بن و لە باقی شـێعرەکەدا ، تـەنیا ( نیـو دێڕ) میسراعگەلی دووهەم ، هەم لە گەڵ یەک و هـەم لەگـەڵ دو میسراعی هەوەڵ دا هاو سەروا بن . غەزەلی واش هەیە کە بێجگـە لــە ســەروا ، ریز ( رەدیفیشــیی) هەیــە. بــەڵام ئــەم شـێعرە بەناوبانگەی ماموەستا ناڵی غەزەلی بێ رەدیفە :

زوڵفت بە قەدت دا ، کە پەرێشان و بڵاوە

ئەمڕۆ لە منی شیفتە، ئاڵۆز و بە داوە

عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زوڵفت

سەودا و پەرێشانم و سەودایەکی خاوە

هەرچەندە کە رووتم ، بە خودا مایلی رووتم

بێ بەرگیە عیللەت ، کە هەتیو مەیلی بە تاوە

مانی نیەت ی قووەتی تەسویری برۆی تۆ

ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەففیس نەکشاوە

بۆچی نەگریم ، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی؟

چۆن مەی نەڕژێ،شووشە لەسەد لاوە شکاوە ؟

بێ فایدەیە ، مەنعی من ئێستاکە لە گریان

بۆ عاشقی بێچارە ، زو ئەم ئاوە رژاوە

هەر جۆگە و جۆبارێ کە وا سور و سوێر بێ

جێی جۆششی گریانی منە ، خوێنەڕژاوە

سۆزی دڵمە باعیسی تاو و کوڵی گریان

مەعلوومە ، کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە

نالی ، وەکو زوڵفت کە - موتیعی بەری پێتە

بە جەفا تێکی مەشکێنە و مەیخەرە لاوە .

**ئەم دو دێڕەی خوارەوە ، دو دەێڕی هەوەڵی غەزەلێکی ڕەریف داری ماموەستا وەفایین :**

**چەمەن یەکبارە خامۆشە ، خوروشی بولبولان بابێ**

**دڵ ئەمڕۆ مات و مەدهۆشە ، خودا فەسڵی گوڵان بابێ**

**ئەگەر مەیلت لە سەرمانە ، چ حاجەت ئاوی حەیوانە**

**لە لەعلی لێوی جانانە ، حەیاتی جاویدان بابێ**

**......... هەتا ئاخر .**

**کە وشەی بولبولان ، گوڵان و جاویدان سەروا( قافیە) ن و "بابێ "ڕەدیفە ، کە "بابێ" تا ئاخری غەزەلەکە دووپاتە دەبێتەوە . بڕێک لە هۆنەرانی غەزەل وێژی کورد ، ئەمانەن :**

- **ماموەستا مەلا خدر** ناڵی .
- **ماموەستا میرزا عەبدوڕڕەحیم وەفایی .**
- **ماموەستا کاکە حەمە ناری .**
- **ماموەستا میسباحەددیوان ئەدەب .**
- **ماموەستا تاهیر بەگ جاف .**

**پێنج خشتەکی :**

**پێنج خشتەکی هەر هەمان موخەممەسی عارەبیە . هەر پێنج خشتەکیەک پێک هاتوە لە پێنج نیوە دێڕ( میسراع ) . پارچە شێعرێکیش دەتوانی لە چەند دانە پێنج خشتەکی دروست بێ . ئەمەی خوارەوە دو پێنج خشتەکی لە هۆنراوەیەکی ماموەستا قانعن :**

**ئەم قەڕنە ، کە وا خەڵکی ئەڵێن قەڕنی ژیانە**

**دەوری هونەر و یەکیەتی و بەرزی گەلانە**

**زانین لە برەودایە ، نەزانین لە نەمانە**

**گوایا بە درۆ ، رۆژی سەفا و سەیری جیهانە**

**وەڵڵاهی ئەڵێم ، رۆژی خەم و دەردی گرانە**

**بڕوانە ، یەکێ مەستی مەیە و ماتی خومارە**

**هێندێکیش ئەڵێی خیلقەتەکەی میچی قومارە**

**هێندێ بە قەزاگێڕی ، سەری فلس و دینارە**

**هێندێ بە رەزالەت ، لە هەمو گیتی دیارە**

**هێندێکیش ئەڵێی جۆکەری دەورانی زەمانە**

هەروەک دەبینین ، لە ئەدەبی کلاسیک دا ، تەواوی نیودێڕەکانی پێنج خشتەکی ، لەگەڵ یەکدا هاو کێشن و لە پێنج خشتەکی هەوەڵ دا ، تەواوی وشەکان لەگەڵ یەک هاو سەروا (قافیە) ن . بەڵام لە پێنج خشتەکی دووهەم بەولاوە ، وشەی ئاخری تەواوی نیو دێڕەکان ، لەگەڵ یەکدا قافیەن ،بێجگە لە وشەی ئاخری دێڕی چوارەم ، کە لێرەدا وشەی { دیارە } یە .

پێویستە بزانین ، کە پێنج خشتەکی ( موخەممەس ) لە گەڵ پێنجێندراو ( تەخمیس ) دا تۆفیری هەیە . واتە : پێنجێندراو بریەتی لە چەشنە هۆنراوەیەک کە ئەویش هەر پێنج خشتەکیە ، بەڵام سێ دێڕی هەوەڵی موخەممەسە کە هی هۆنەرەکەیە و دو دێڕی دوایی ، هی هۆنەرێکی دیکەیە ، بۆ وێنە ئەمە تەخمیسی ماموەستا قانعە ، لە سەر شێعری ڕەشید سیدقی:

چ سەرخۆشم لە ئەم رەنجەی، لە ژینی خومەدا بردم

ئەگەر دیققەت لە ئیشم کەی ، ئەزانی گیانفیدای کوردم

گەلێ پێم خۆشە ئەم شەرتە، لە دڵ خۆما ، کە وا کردم

{ ڕەفیقی بەد ئەبەد ناکەم ، لە خاکیشا ، کە من مردم

ئەجەل چاکی گریبانم ، ئەگەر بگرێ لە ناکاوا } .

**که دو دێڕی دوایی پێنج خشتەکیەکە ، هی مامۆستا رەشید سیدقیە و ئەم رێوشوێنە ، هەتا ئاخری هۆنراوەکە درێژەی هەیە .**

## تۆفیری هۆنراوەی کلاسیک و هۆنراوەی نوێ :

هەر وەک وتم ، هۆنراوەی کلاسیک ، لە ویـێـژەی کـوردداا ، بـەو چەشنە هۆنراوانە دەلێن ، کە بە رێوشوینی قەدیم ، لــە نێــو چوارچێوەی کێش و سەروا {قافیە } دا ، بــە شکڵــی غــەزەل ، قەســیدە ، چــوار خشــتەکی ، دو بـــەیتی و شــتی وا دەنووســرێ . هێنــدێک لــە هۆنــەرانی کلاســیک نووســی بــە ناوبانگی کورد ،ئەمانــەن : پــیر شــالیاری هــەورامی ، بابــا تــاهیری عوریــان ، ماموەســتایان ئەحمــەدی خــانی ، مــەلای جزیری ، حاجی قادری کۆیی نالی ، ئەحمــەد موختــار جــاف ، میرزا ئەولقادر پاوەیی ، غولامرەزاخان ئەرکەوازی { ئیلامــی } ،شامی کرماشانی ، جگەر خۆین، هێمن و هتد .

ئەمە بەشێک لە هۆنراویەیکی کلاسیکە :

لە دو لا زوڵفی لاولاوە ،

لەسەر روی قامەت ئالاوە ،

خەم و پێچی هەموی داوە ،

- چ لــەملاوە ، چ لــەو لاوە هتــد .... { مەلیکولکــەلامی مەجدی سەقزی } .

**هۆنراوەی نویٚ ، لە ویٚژەی کورد دا ، بەو چەشنە هۆنراوانە دەڵێن ، کە بە بیٚ لە بەرچاو گرتنی چوار چێوەیە باسکراوی سەرەوەی هۆنراوەی کلاسیک دەنووسرێن و ئەگەر کێش و سەروا شیان بیٚ ، بە چەشنێکی دیکە و بە پێی یاسایەکی دیکەیە . لە هۆنراوەی نویٚ دا ، بێجگە لەم جیاوازیە ، تەشک و جۆری بیر کردنەوە ، داڕشتنی خەیاڵ ، بۆچوون ، ئەندێشە و ... یش ، لە چوارچێوەیەکی نویٚ دایە ، هەر بۆیە پێی دەڵێن هۆنراوەی نویٚ . ئەمانەش چوار نەفەر لە هۆنەرانی ناودارو** ڕێزداری **کوردن ، کە شێعری نوێیان هەیە : مامۆستایان گۆران ، د.** عەبدوڵلا پەشێو ، شێرکۆ بێکەس ، **سوارە .**

**ئەمە بەشێک لە هۆنراوەیەکی نوێیە :**

**ڕەنگ ... ڕەنگ ... ڕەنگ ... ڕەنگ**

**من بە یەک ڕەنگ ، یەک درەختم کرد بە دۆست**

**( ڕەهەندێکیش بو بە مەودا بۆ ڕوانینم ) هتد ...{ مامۆستا شێرکۆ بێکەس }.**

**بە بۆچوونی من پێم وایە ، هۆنراوەی نویٚ بەر لە هۆنراوەی کلاسیک سەری هەڵداوە ، بەڵام چون لە نێو کورد دا بەو چەشنە نووسین و نووسینەوە نەبوە و هۆنراوەی نویٚ باش لەبەر ناکریٚ ، زوربەیان لەبیر چوونەتەوە و فەوتاون . لە لایەکی دیکەوە ، زور لە شتە فۆلکلۆریەکانی کوردی ، بۆ خۆیان بە چەشنێک ، لەونە هۆنراوەیەکی نوێن ، بۆ وێنە :**

**حەوت  ساڵ شوانیم کرد ،**

**تە قەدریان زانیم ،**

**کاورێکیان پێ دام  لە باتی شوانیم ،**

**گورگی پەچە سوور لێم بو بە دوژمن ،**

**کاورەکەی خواردم ، چی بدەم بە ژن هتد ... .**

**{ هۆنراوەی فۆلکلۆری }.**

## راڤەی دێڕێک لە هۆنراوەکانی ماموەستا مەولەوی :

ماموەستا سەیید عەبدوڕڕەحیم مەولەوەی تاوەگوێزی ، یەکێک لە هۆنەرە هەرە بەناوبانگە کانی کوردە ، کە هەوڵ دان بۆ ناساندنی ئەو رێزدارە لە بەستێنی ویژەی کورد دا ، وەک ئەوە وایە کە هەوڵ بدەین لە ئاسمان دا، هەتاو بە بینەر بناسێنین . هەر لەبەر ئەمە ، من ئێوە بە ناساندنی ئەو خۆرە گەشەی کەهکەشانی ئەدەبیاتی *کوردەوە* ، خەریک ناکەم و وە مشتێک لە گشتێک ، دێمە سەر راڤە کردنی دێڕێک لە هۆنراوەکانی ئەو هۆنەرە مەزنە ، کە بەڵگەی هەستی جوان ، خۆشەویستی و پسپۆڕی لە شێعر وتن دایە :

<u>دێڕە هۆنراوەکە ئەمەیە :</u>

قازان قەتارەن ، قولینگان حەواییی حەیفەن باڵاکەت ، شەو بە تەنیایی

<u>مانای هەوەڵ ، لە کۆچی دوایی خۆشەویستەکەیدا دەڵێ :</u>

مەنجەڵەکان ، کە لە مەجلیسی پرسەی تۆ دا ، چێشتیان تێدا لێنراوە ، قەتاریان بەستوە و قوڵینگە کانیشیان حەوایی و بەرز کردوەتەوە ، کە قەبر بۆ تۆ هەڵکەنن .

تۆ کە کۆچی دواییت کردوە و مردویی و دەرۆی ، حەیفە . چون باڵا و وجوودت ، بە شەودا ، لە نێو قەبر دا ، تەنیا دەمێنێتەوە ،

**مانای دووهەم ، لە هیجرانی خۆشەویستەکەی دا دەڵێ :**

**وەک وەرزی پایزی کۆچی پاڵەوەرەکان ، قازە کان قەتاریان بەستوە و قوڵینگ { قورینگ} ە کانیش حەوایی دەفڕن بەرەو گەرمێن .**

**حەیفە تۆ دەرۆی بۆ شوێنێکی دیکە ، دوور دەکەویتەوە و تەنیا دەبی .**

**دیارە دەکرێ لەسەر جوانی و تەواوی ئەم دێڕە هۆنراوەیە ،پتر لە بیست لاپەڕە مەبەست بووسین .**

## هۆی بەدیهاتنی هۆنراوە ، لە زەینی هۆنەردا چیە ؟

**تا ئێستا زۆر لە هۆنەران ، راڤە گەرانی وێژەیی و لێکۆلەران ، وەلامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە ، کە زوربەی ئەو وەلامانە ، زۆر لە یەکیش ناچن . بەلام لەگەڵ ئەمەشدا ، کەس پرسیارەکەی بە بێ وەلام نەهێشتوەتەوە و هەر کەسێک بە بۆچوونی خۆی ، شتێکی وتوە . بۆ ئەوەی کە منیش لەم تریبوونە وێژەییەوە ، بەشە وەلامی خۆمتان پێشکەش بکەم و بلێم ، کە بە بیرورای من هۆنراوە لە زەینی هۆنەردا چون دەخولقێ ، بەم هەلبەستەی خوارەوە، لە ژێر سەردێری { هەستی هۆنەر } دا ، بۆچوونەکەی خۆمم دەربڕیوە ، کە لەوانەیە لەگەڵ بۆچوونی ئێوەشدا یەکێک نەبێ ، بەلام تکایە بە وردی بیخوێننتەوە :**

**هەستی هۆنەر:**

**هەستی هۆنەر وا بەهەستە**

**بەرۆژ و شەو ، بە مەی مەستە**

**بەرجەوەندی سەردەمی ژین**

**پڕە، بۆئەم لە قاقا و شین :**

**مەسەل**، عێشقی زێد و ولات

تێکۆشان و ئەرکی خەبات

**چاوی جوان و نەرم و بەڵەک**

**گەلاوێژی گەشی فەڵەک**

**گۆ و بەرۆک و دەست و بازن**

**کە مۆسیقای بزە و نازن**

**بەهار، چیمەن لە گوێی رووبار**

**کە ئێکسیرە بۆ گەستەی مار**

**خوڕەی هەڵدێر یا شەتاوان**

**زەل و زنەی دەم زناوان**

**کە زەنوێرە دەور و پشتی**

**کە ماکووزە هەمو گشتی**

**یا گیاڕەشی بەهارە شەو**

**کە داڵدەیە بۆ ژوان و خەو**

**گرمەی هەوری مانگی گوڵان**

**کە، دائەخورپێنێ دڵان**

**یا شەوەکی کاتی بەهار**

**جریوەی مەل ، لە دێ ، لە شار**

**یا چواردەی مانگ ، لە هاوین دا**

**بە شەو ، لەگوممەزی شین دا**

**گەڵاریزی گەڵاریزان**

**کە چڵ ئەیخەن بۆ ئامێزان**

**یا بەیانی ، کاتی زستان**

**رووگەی دڵی چۆڵ پەرە ستان**

**کاتێ وەسڵ ئەبن لە چاو**

**وەک کارەبای قەوی بە تاو**

**گڵۆپی دڵ رووناک ئەکەن**

**ئەو بێغەش و زگماک ئەکەن**

**تەکان ئەدەن هەست وخەیاڵ**

**قەڵەم وادێتە گوڕ و گاڵ**

**گا گەشەی دێ ،گاهێ گرین**

**تاویَ کەنین ، تاویَ ئەسرین**

**بۆیە سۆران لە هەر شویَنیَ**

**بە پیَنووسی دورِ ئەچیَنیَ.**

## مەلا عەبدوللّا , موفتی تووتنچی پێنجوێنی :

هۆنەری شیاو و لێهاتو ، ماموەستا موفتی پێنجوێنی ، کوڕی مەلا کەریم پێنجوێنی ، لە سالّی 1312 ی کۆچی مانگی دا ، لە گۆندی بێستان ، سەر بە شاری پێنجوێن ، لە باشووری کوردستان، لە دایک بوە و سالّی 1372 کۆچی مانگی ، کۆچی دوایی کردوە . مەلا عەبدوللّا بۆ هۆنراوە وتن ، ناسناوی { موفتی } هەلّبژاردوە و هەلّبەستەکانی لەو پەڕی بەرزی و هەستی پاکی نیشتمان پەروەری دان . ماموەستا پێنوجوێنی چون تووتن فرۆش بوە ، بە تووتنچیش ناسراوە. ئێستاش زوربەی بنەمالّە و کەسوکاری ئەم ماموەستا یە ، وان لە شاری پێنجوێن و لە دەوروپشتی ئەم شارە .

لێرەدا ، بۆ ناساندنی وێنەیەک لە شێعرەکانی ، بڕێکتان لە پارچە هۆنراوەیەکی ئەم هۆنەرە بەرزە بیرە، پێشکەش دەکەم :

مەردانە لەدەست وەحشەت و نادانی هەلّاتم

حاشا لە هەمو نیعمەت و خۆشی و بەراتم

هەستان لە خەوی غەفلّەتە ، ئەسبابی نەجاتم

نایدەم بە فەلەک، زەمەزە مە و شۆری و لّاتم

قوربانی ئەکەم ، رۆح و سەر و مالّ و حەیاتم

ڕێی  ڕاستیە بێ شک ،  لە هەمو عەقڵ ڕەها بوون

گەر تێکی نەدا ، هۆش و خەیاڵم دەسی  گەردوون

چیم داوە لە فێڵ و   تەڵەکەی  واعیز  و   ئاخوون

شێخ نیم کە بە تەزویر و ریا وحوققە و ئەفسوون

وەک ئاش ، بە دانەی ئەم و ئەولا بێ ،    نەشاتم

پێم   خۆشە   سەپانێکی   دەر و دەشت و عەرز کێڵ

نەک بم  بە دۆعا نووس و بڕۆم رووکەمە  نێو خێڵ

یا   خۆ    بە    خەڵیفێکی    مڵەستووری ردێن بێڵ

یا  کۆلکە مەلایەک ،  بە  عەبا و   مێزەری پڕ فێڵ

دەریوزەیی   ئیحسان کەم   و  ، سەر  فتر و زەکاتم

لەعنەت   لە کەسی   بێ وەتەنی   خاین و   ناپاک

ڕۆحێکی    نەبێ   بەرز و   دڵێکی  گەش  و رووناک

**حەق بێژم و حەق نووسم و بێ ترسم و بێ باک**

**کوردێکی دلێرم ، لە هەمو مەعرەکە بێ باک**

**رۆلێکی وەفادرام و پڕ عەزم و سەباتم**

**بۆ نووسینی ئەم مەبەستە ، لە کتێبی مەشاهیری کورد ، نووسراوی مامۆستا بابامەڕدووخی رۆحانیش کەڵک وەرگیرراوە .**

# سەمفۆنی هەتاو

## تابلۆ مووزیکال :

تابلۆ مووزیکال ، بە چەشنە دەقێکی ئەدەبی دەڵێن ، کە نە لە چوار چێوەی شێعری کلاسیک دایە ، نە شێعری نەو و نە دەقی وێژەیی ئاسایی ، کە بڕگە بڕگەیە ، چەشنە کێش و سەروایەکی تایبەت بە خۆی هەیە و خۆشتر ئەوەیە ، لەگەڵ مۆسیقا دا ببیسترێ . ئەمەی خوارەوە ، تابلۆموزیکا لێکە کە بۆ خۆم نووسیومە :

خاتو هەتاو ! کانگەی وزە و تەوژم و تاو ، میتڕای(1) خودای کۆنی زەمان ،قیبلەی پێشوی خەڵکی میسر و کەلدە و مانا(2) ، ئەپۆلێنی(3) شەنگی یۆنان ، رووناکی زەردەشتی کورد و ئێتێۆپیای(4) لەمێژی دەوران ،شەپۆلی کانی بێ وچانی گۆمی نوور ،چرای هەڵگیرساوی نزیک ، گۆی کەهکەشانی رێی دوور و ئاسمانی پانی بێ سنوور ، هەڵسوورێنی مانگ و زەوی ، بەدیهێنی چرتە و سات و رۆژ و شەوی . سڵاو لە تۆ ، دادە هەتاو .

خاتو هەتاو ! من تۆزێکی نێوان تیری تیشکی خۆری داکشاوم، هێند چکۆلەم ، لە لزگەی بوونی گەردوونا نیە ناوم ، تۆ شا کیژی پڕشنگداری ئاسمانی ، گەورە کچی بنەماڵەی کاکەشانی،

تۆ  لە زەمان لەمێژتری ، زەمانە مندالّی تۆیە ، هەر چی هێزە ، لە  تۆ کۆیە .

دادە هەتاو ! بە مەقەستی تیژی زانین ، بە هێزی  پێزی  تێگەین ، پەردەی عادەتی نەزانی و  خدەی جەهل  و  نائاگایی  ئەدڕێنم ، دەچم کۆلێ وشەی رەسەن  ،  لە قامووسی کوردی دێنم ، بۆ سەنفۆنی دادە  هەتاو ، نۆتی  مێلۆدی ئەنووسم ، هەست ئەچێنم ، ئامێری  زانست  ئەژێنم ، کاتێ پەردەی هەلّەی عادەت بەو مەقەستە دڕا و بڕا ، کەوای  زانست  بەبەر  بڕا ، جیهان وەک تۆ رووناک ئەبێ ، رەبەن و روون و پاک ئەبێ .

خاتو  هەتاو ! گەر  تۆ نەبی ، ئەم جیهانە گەورە  و  زالّە  ، رەنگی لێلّ و رەش و  تالّە ، مەرگەساتی  قەڕن و سالّە ، وسکووتێکی بێ سنوورە و  تەواوی هۆزی  ژینەوەر ،  کەڕ و کوێر و  و ست  و لالّە  ؛  بۆ داروگیا بوون محالّە ؛ لەسەر زەوی ، لە نێو زەریا و بەرزی و نەوی ، هەنگوینی قالّ  ،  ژاری تالّە ؛ رەز  ئەبێتە  گولّی ژالّە .

خاتو  هەتاو!  قەڕالّی  زەلزەلە  و  لافاو  ،  بەدیهێنی بزەی رۆژینی   خۆرەتاو ، دژی نسێ و شەوەزەنگ و ئەنگوستەچاو (5) ، روونکەرەوەی دەم بەیانی  پاشەمەرگەی تاریکانی  شەوی شێواو .

دادە  هەتاو ! وێنەگەر و خولقێنەری  شەمامەی کۆلکە زێڕینە ، مێعماری کۆلّەکەی  زێڕین ، شانەی کەزیەی  گولّەباخ و هێرۆ و نەسرین  ؛ ئاودێری باغچەی  روومەتی  ئەوین  و  ژین  .

بەیانیت باش دادە هەتاو ، ئەی سەرچاوەی هەور و مژ و باران و ئاو .

دادە هەتاو! بارێنەری تەرزەی بەتاو ، رازێنەری تارای بووکی دارو چیا و مێرگ و هەوار ،کاتی بەهار ؛ کوورەی سەبوونی پڕ تینی وەرزی هاوین ، لە سارای چۆڵ و وشک و هین ؛ قەمچی لەشی گەڵارێزان، بۆ دارەکان ، کاتی خەزان ؛ ئەی سەرۆکی سوپای زستان ، فەرمانەدەی پێشمەرگەی شەختە و رێبەندان و سەهۆڵبەندان ، هەتاوی جوان ، خۆشەویستی مامە سۆران .

دادەهەتاو ! ئەی دایکی ناهید (6) و پەروین (7)، شیرین کەیبانوی خوێن شیرین ، دەستە خوشکی گەلاوێژ (8) و دایە گەورەی مانگی زێوین ، ئۆقیانووسی گەورەی تیشک و خولقێنەری رەشماڵی ساوی مەیلەو شین ، ئەی هەمو شت ، خۆری بەتین .

دادە هەتاو ! تۆ نەبوایەی ئادەم نەبو ، حەووا نەبو ، مووسا نەبو ، عیسا نەبو ، منیش نەبووم ، ئەویش نەبو ،هێچ کەسێک لە دنیا نەبو - ئەگەر کەسە ، خوشکە هەتاو ، پیتێ بەسە .

دادە هەتاو ! تیشکی بەتاو ، نەیکەی بەقاو ، کەس نەی وێرا بڵێ خودای ، راستیەکی روون و گەش و تاق و جودای ... .

**پرسیار؟ :**

**خاتو هەتاو ! خاوەنی تاو ! لە ناوچەی دو قوتبی زەوی ، شەش مانگ شەوە و شەش مانگ خۆرە ، کوردستان قوتبی چەندەمە ، دایم هەوا کش و مات و رەش و بۆرە ؟ دادە هەتاو !!!؟؟؟**

**مانای برێک لە وشەکان :**

(1) - **میترا = خودای خۆر .**

(2) - **مانا = هۆزێکی کورد بوون ، ئایینی مانایيان بوە و ناوەندی دەستەڵات یان ، لە قەڵای زێویە ، لە کن سەقز بوە .**

(3) - **هێلێن = هەتاو = یۆنانی .**

(4) – **ئێتیۆپیا = مەدینەی فازلە .**

(5) – **ئەنگوستە چاو = کاتی زۆر تاریک ، کە بە دەستە کوتێ دەڕۆین و لە جێی چاو ، کەڵک لە قامک وەردەگرین.**

(6) **ناهید = سەییارەی ناهید .**

(7) **پەروین = سەییارەی پەروین .**

(8) **گەلاوێژ = هەتاو (شەمس) ی گەلاوێژ ، کە لفەودوانەن .**

# مەلای چۆڕی :

ماموەستا مەلا ئەبووبەکر موسەنیف چۆڕی ، یەکێک لە کەسایەتیە مەزنە زانستی و فەرهەنگیەکانی کوردە ، کە لە ساڵی 909 ی کۆچی مانگی دا لە ئاوایی پیرخزرانی ناوچەی کۆماسی ، لای شاری مەریوان لە دایک بوە و لە ساڵی 1014 دا ، لە ئاوایی چۆڕی مەریوان کۆچی دواییی کردوە و ئێستاش گڵکۆکەی لە دێیی چۆڕە .

مەلای چۆڕی بێجگە لە نووسینی زۆر کتێبی فیقهی و زانستی، دەستەڵاتی لە نووسینی هۆنراوەی هەرە شازیش دا بوە ، کە یەکێک لەوانە ئەو هۆنراوەی خوارەوەیە ، کە ماموەستا هەژار موکوریانی ، کردویەتیە زاراوی سۆرانی :

ئەو سەر چاوانەی لە سەر هەردانە

فرمێسکی چاوی جوانە مەرگانە

نەرگسی چاوکاڵ ، دەمەو بەهاران

کە ئەرۆێ ، لە لای دەشت و کۆساران

چاوی جوانانە کەوتوونە بن گڵ

نیشانمان ئەدا ، گەردوون لە سەر چڵ .

لەم هۆنراویە دا کە نزیکەي پێنج سەدە پێش نووسراوە ، ماموەستا چۆڕی ئاماژەدەکا بە فرمێسکی پەژارەی جوانەمەرگانی کورد و دەڵێ ئەو نەرگسە چاوکاڵانەی سەر لە بەهارن ، پاکی چاوی لاوانی کوردە کە کەوتونەتە بن گڵ و بارودۆخی ژیان و گەڕانی گردوونمان نیشان دەدا .

کە بۆمان دەردەکەوێ ، پێنج سەد ساڵ پێشیش ، وەک ئێستا زۆررڕدران لاوی کورد یان هەر کوشتوە و لە خوێن دا گەوزاندویانن ، بەڵام تۆفیری لە گەڵ ئێستا دا هەر ئەوە بوە ، کە ئەو کاتە قزڵباشی سەفەویە کان و عەسکەری عوسمانی ئەو کارە یان کردوە و ئێستا کەسانی دیکە دەیکەن .

پێویستە بزانین ، کە ماموەستا مەلای چۆڕی باوەگەورەی زانای مەزنی کورد، ماموەستا مەلا جامی مەهاباد بوە ، کە لە کاتی فەرمانڕەوایی بوداق سوڵتانی کورد دا ، لە شاری مەهاباد، بەڕێوەبەری زانستگە { مزگەوت } ی سووری ئەو شارە بوە.

مزگەوتی سوور ئێستاش هەر ماوە و گڵکۆی مەلا جامیش لە شاری مەهابادە .

## تایبەتمەندی هۆنراوەی کلاسیکی باش :

زۆر جار ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ ، کە تایبەتمەندی هۆنراوەی کلاسیکی باش چیە ؟ . لەگەڵ ئەمەشدا کە رەنگە بۆ چوون و وەڵامی جۆر بەجۆر بۆ ئەم پرسیارە ببێ ، من لێرە دا بۆچوونی تاقەکەسی خۆمتان پێشکەش دەکەم ، کە بە هیوام جێی کەڵک بێ :

بە بیروڕای من ، هۆنراوەی کوردی کلاسیکی باش ، دەبێ بەلای کەمەوە ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی ببێ :

- پایامی بەرزی تێدا بێ .
- وشەکانی لە روانگەی زمانی کوردیەوە ، رەسەن و جوان بن .
- کێشی رێک و پێکی ببێ .
- لە باری سەروا (قافیە) و ریز (رەدیفەو)ە ، تەواو بێ .
- بە سەناعاتی ئەدەبێ رازابێتەوە .
- لاسایی کردنەوەی هۆنەرانی دیکە نەبێ .
- خەزێنەی هەستی ناسک بێ .
- راستەوخۆ و سەڕاست بو مەبەستەکە چووبێ .

q زوبەی گەلی کورد لێی تێبگەن .

q و چەند شتی دیکەش .

بۆ وێنە ، بە بۆچوونی من ئەم سێ دێڕە هۆنراوەی خوارەوە ، زۆر خاڵ لەو چەند تایبەتمەندیەی سەرەوە یان هەیە :

بە کوتە شانامان گەلان دەمێنن بە میر و مەزنان شان دەشەکێنن

{ مامۆستا ئەبولولحەسەن سەیفی قازی } .

شیوەنی من شیوەنی ئینسانیە بانگی ئازادی وگرۆی یەکسانیە

{ هێمن } .

بۆچی نەگریم سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی

چۆن مەی نەرژێ ، شووشە لە سەد لاوە شکاوە .

{ نالی } .

**بەکارهێنانی پێشگر =پێشکۆی { ئە }، لە جێی{ دە }، لە هۆنراوەی کلاسیکی کوردی دا :**

ویژەی کوردی خاوەنی جوانی و ڕێک و پێکیەکی زۆرە . بە تایبەت ویژەی کلاسیکی کورد ، کە یەکێکە لە ویژە شەنگ و خاوەن یاساکانی جیهان .

سەبارەت بە یاسای نووسینی هۆنراوەی کلاسیکی کوردی ،زۆر وتار نووسراوە و چەند کتێبیش چاپ بون ،

کە زوربەیان لە جێی خۆیاندا زۆر بە نرخ و بایەخن و پێویستە هۆنەرانی کلاسیک نووسی هاوچەرخ ، بە سەرنجی تایبەتەوە بیانخوێننەوە ، تا بتوانن هۆنراوەکانی خۆیان پوخت و پاراو تر بنووسن و لە هەڵە و پەڵەی ئەدەبی بیانپارێزن .

لەم وانەیە دا ، ئاماژە بە خاڵێک دەکەم ، کە تا ئێستا من نەمدیوە کەس باسی کردبێ . ئەم خاڵە بریەتیە لە هەڵبژاردنی پێشکۆی { ئە } ، لە باتی پێشکۆی { دە } لە نووسینی هونراوەی کلاسیکی کوردی دا .

بەکارهێنانی پێشکۆی { ئە } ، لە جێی پیشکۆی { دە } ، لە حاڵەتی فێعلی موزارەعی ئیستیمڕاڕی دا ، بە لای کەمەوە ئەم قازانجەی هەیە ، کە دەتوانین هۆنراوەکە بە سواری و بە بێ لەنگی بخوێنینەوە . بۆ وێنە سەرنجتان رادەکێشم بۆ ئەم هۆنراوەیە ، کە ئەگەر تێی دا کەڵک لە پێشکۆی { دە } وەربگرین ، بەم چەشنەی لێ دێ :

من له مەیدانی ئەدەبدا ، رەخشی هەستم زین دەکەم ،

ئاوی باغی شێعر دەدێرم ، ئەشکی رۆح ئاژین دەکەم ،

شاعیری دی عاشقێکن ، دیلی کەزیە و داوی خاڵ ،

ئەز ئەوینی سەرزەمینم ، زەمزەمە و تەمرین دەکەم . کە هەروەک دەبینن ، بەو چەشنەی سەرەوە ، ناتوانین هۆنراوەکە بە سواری و رێکی و پێکی بخوێنینەوە .

بەڵام ئەگەر لە باتی پێشکۆی { دە} ، لە فێعلی موزارەعی ئیستیمراری دا ، کەڵک لە پێشکۆی {ئە} وەربگرین ، خوێنەر دەتوانێ هۆنراوەکە زۆر بە سواری و بە رێکی بخوێنێتەوە و ماناکەشی تۆفیر ناکا :

من له مەیدانی ئەدەبدا ، رەخشی هەستم زین ئەکەم ،

ئاوی باغی شێعر ئەدێرم ، ئەشکی رۆح ئاژین ئەکەم ،

شاعیری دی عاشقێکن ، دیلی کەزیە و داوی خاڵ ،

ئەز ئەوینی سەرزەمینم ، زەمزەمە و تەمرین ئەکەم .

کە لێرە دا ، بەم چەشنە سووچی فۆنێتیکی وشەکە ، بە بەکارهێنانی { ئە } لە جێی { دە } پەخ دەبێ و ئیدی لە زمان ناگیرێ .

# کورتە چیرۆک :

کورتە چیرۆک ، هەروەک لە ناوەکەی دەردەکەوێ ، بریەتیە لە چیرۆکی کورت ، واتە داستانی کورت ، کە فەرەنگیەکان پێیان دەڵێن { نۆڤێل } . لە زمانی کوردی دا ، وشەی چیرۆک لە وشەی چرین و چریکەوە دێ .

لە وێژەی کوردی دا ، هەتا بڵێی کورتە چیرۆک زۆر بوە ، بەڵام چون شتە کوردیەکان ، بە چەندین هۆوە نەنووسراونەتەوە ، کورتە چیرۆکەکانمان هەر سنگاوسنگ هاتوون ، ناوی خاوەنەکانیان لەبیرچوونەتەوە و کەوتوونەتە نێو چوار چێوەی وێژەی فۆلکلۆری کوردی و بوونەتە کورتە چیرۆکی فۆلکلۆری .

بە پێوانەی ئەدەبی ، لەوە دەچێ زوربەی ئەو کورتە چیرۆکانە، خولقاوی خەیاڵی مرۆڤە کوردە بەتەمەنەکان بووبن، بە تایبەت هی ئافرەتە سەرەکان . هەر ئافرەتە بە تەمەنەکانیش زۆرتر ئەم کورتە چیرۆکانەیان دەپاراست و دەیانگێراوە ، کە پێیان دەوتن حەکایەت خوان . بەڵام پیاوی واش بوە ، کە حەکایەت خوانی دیواخانی خان و بەگلەرەکان بوە ، کە یەکێک لەوانە پیاوێکی نزیکەی حەفتا سەڵە بو ، بە ناوی فەقێ رەحیمی قەڵەندەر ، لە ناوچەی سەقز ، کە بۆخۆم دیبووم .

دڵنیام بەرەی پێشو لەبیریانە ، زۆر لە داپیرەکانمان ، لە شەوگەلی پایز و زستان دا ، لە بەر کورسی ، حەکایەتی زۆر

کورت و بە تام و بەمانایان بۆ دەوتین ، کە ئەمانە پاکی کورتە چیرۆک بوون ، وەک حەکایەتی { برایم پاشا }، {کورە کەچەڵە} ، { فاتە حەوت لاق } و ... هتد . کورتە چیروکە فۆلکلۆریەکان زۆرتر بەم سەرەتایەوە ، دەستی پێ دەکرد :'' یەکێ بو ، یەکێ نەبو ، کەس لە خودا گەورە تر نەبو و ... '' . بەم رستەیەش دوایی دەهات: '' کاڵەم دڕا، هیچم پێ نەبڕا '' . بەڵام چون لافاوی سەدەی بیستەم ئێمەی رفاندە بەستێنی ئەدەبی نووسراو و تا رادەیەک ، لە ئەدەبی نەنووسراو و سنگ بە سنگ دووری خستینەوە ، لە لایەکیشەوە کەم کەس ئەم کورتە چیرۆکە فۆلکلۆریانەیان نووسیبوەوە ، لە ئەنجام دا ، هێندێکی زۆر لەو کورتە چیرۆکە فۆلکلوریانە لەبیرچوونەوە و بە جارێ فەوتان ، کە ئەمە خەسارێکی زۆر زلەی لە ئەدەبی کورد دا .جا کەوایە ، دەبێ هەوڵ بدەین ، هەر چۆن بێ ، ئەو کورتە چیرۆکە فۆلکلۆریە کەمانەی کە ماون ، بیانپارێزین ، تا لە نێو نەچن .

لە لایەکی دیکەوە ئێستا بەرەی لاو و خوێندەوار ، زۆر بە شێلگیر و لێ بڕان خەریکی نووسینی کورتە چیرۆکن و تا ئێستا شتی زۆر جوانیان خولقاندوە و زۆریش لەوانە بڵاو بوونەتەوە .

بە کورتی ، کورتە چیرۆک زۆر کەرەسەیەکی ئەدەبی گرنگە ، چون ئەو شتانەی کە نا توانین لە چوارچێوەگەلی ئەدەبی دیکەدا دەریان بڕین ، دەکرێ زۆر بە پوختی و وردی لە قاڵبی کورتە چیرۆک دا ، بە سەرکەوتویی پێشکەشی خوێنەری بکەین .

هێز و پێزی تایبەتی کورتە چیرۆک پتر لەمەدایە ، کە :

- چون دەقێکی کورتی هەیە ، وەک چەشنە جەوهەر ، عوسارە و کۆنسانترەیەکی ئەدەبی دەچێ .

- چون دەقەکە کورتە ، دەتوانین بڵێین هەر ئەو شتەیە ، کە بە کوردی پێی دەڵێن " قسە هەزارە ، یەکیان بە کارە ".

- چون کورت ترە لە چیرۆک ، بە بێ ئەوەی خوێنەر ماندو ببێ و بە نیوە چڵی بینێتە لاوە ، دەخوێندرێتەوە و کەڵکی لێ وەردەگیررێ .

- چون کورتە ، رەنگە نووسینەکەی ئاسانتر بێ .

- زۆر خاڵی ئەرێیی دیکەش .

## هۆنراوەی گاڵتە { ساتیر } ، لە زمانی کوردی دا :

کاتێک بە وردی دەڕوانینە وێژەی کورد ، بۆمـان دەردەکـەوێ کە چ لە نێو ئەدەبی کلاسیک و چ لە نێو ئـەدەبی نـوێ دا ، هۆنراوە و نووسراوی گاڵتە { ساتیر} مان یەکجار زۆر نیە . کەچی ، لە وێژەی فۆلکلۆری دا وا نین و زۆر دەوڵەمەندین .

رەنگە هۆی ئەم شتە ئەمـە بـێ ، کـە خـاوەن بەرهەمـە نـا فۆلکلۆریەکان ، چون ناوەکانیان نەدرکاوە و کەس نـەیزانیوە کێن ، بە بێ چاووڕو و بە بێ لە رودامان ، شتە گاڵـتە کـانی خۆیان وتوە و سنگ بە سنگ هاتوون ، کە زوربـەی ئەمانـە بە ناوی گاڵتە و گەپ یا جەفەنگ ، لە نێو ئێمە دا ماونەتەوە .

بۆ وێنـە ئـەم هـۆنراوە سـاتیرە فۆلکلۆریـە ، بـە زاراوەی کەڵوڕی :

ئەم بەر ئەو بەر ئەی چەمە ،

ئەی یارە قۆریە دەمە ،

هەناری بڵێ هەناری ،

هەناری بەر کەڵەمی ،

بیچکەڵەی باغەڵەمی ،

نازدار هەر دو دییەکەم ،

شەو بێرە سەر جییەکەم ،

لایە لەیەت بو ئەکەم ،

تۆ بزانە چەت لی ...

بەڵام ئەو هۆنەر و نووسەرانەی کە ناویان بە سەر هۆنراوە و نووسراوەکانی خۆیانەوە بوە ، بە رژدی خۆیان لە نووسینی شتی گاڵتە یا ساتیر پاراستوە ، کە رەنگە ئەمەش بەم چەند هۆیە بووبێ :

- ئەم کارەیان بە شوورەیی زانیوە و پێیان وابوە بارێکی نەرێی {مەنفی} هەیە .

- پێیان وابوە ، کە ئەو کەسەی گاڵتەی پێ دەکەن ، تۆڵەیان لێ دەستێنێ و تووشی کێشە دەبن .

بەڵام سەرەڕای ئەوانەش هۆنەر و نووسەری وا بوون ، کە پایان بە جەرگی خۆیان دا ناوە و شتی گاڵتە یا ساتیرِیان سەبارەت بە خەڵک ، کۆمەڵ و تەنانەت دەوڵەت نووسیوە و ماموەستا شێخ رەزا تاڵەبانی بە سەرقافڵەی ئەوانە دەزانم ، کە هۆنراوەی {مەلا عەزیز} ، { کچی حەسەن کەنۆش } ، {مامەکەم } و دەیان هۆنراوەی دیکەی شێخ رەزا بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە .

دیارە شێخ رەزا تەنیاش نەبوە و هۆنەران و نووسەرانی دیکەشمان بوە ، کە شێعری گاڵتە یا ساتیرِیان نووسیوە ،

بۆ وێنە ماموەستا مەلا مارف کۆکەیی لە هۆنراوەی {هەجو } دا ، زۆر کەسی پێکاوە .

یان کاک عەلی بابامیری بەگزادە ، کۆڕی بەهەشتی سەلیم خانی تیکان تەپەی لای بوکان ، زۆر هۆنراوەی گاڵتەی جوانی هەیە و چاپیش بوە ، کە بۆ وێنە لە جێگەیەک دا تراکتۆرەکەی من { مەبەستم خۆمە } بۆ شەق و شڕی هەجو دەکا و لە قەولی تراکتۆرێکی دیکەوە پێی دەفەرموێ :

هەرچەند بەسراوە گشت گیانم بە سیم ،

تۆ زۆر شپرزەی من یەکجار وا نیم .

# وشەی مەمک :

وشەی{ مەمک } چکۆلـە کـراوەوەی وشـەی { مەمـە} یـە . وشەی { مەمە }ش لە زمانە ئاریایی و هیندو ئوڕووپاییە کان دا ، لە وشەی { دایک } ەوە سەرچاوە دەگرێ . بۆ وێنە لە زمانی کوردی دا بە دایەن دەڵێن { مامان } ؛ لە زمانی فارسی دا بە دایک دەڵێن {مادەر} ؛ لە زمانی فەڕانسە دا ، بە دایک دەڵێن { مامان } ؛ لە زمانی ئینگلیسی دا بە دایـک دەڵـێن { مام } لە زمانی ئەلمانی دا بە دیاک دەڵێن { مـووتێر } و لە زمانی رووسـی دا ، بـە دایـک دەڵـێن { مـات } ، کـە پاکیان بە پیتی {م} دەست پێ دەکەن و لەیەک دەچن .

وشەی مەمک لە وێژەی فۆلکلۆری و کلاسیکی کوردی دا ، بـە لای کەمەوە دو سەنگی سەرەکی هەیە :

1- وەک سەرچاوەی ژیان و کانیاوی شیری پیرۆزی دایک .

2- وەک دروشمی حەز کردن لە ئافرەت و دڵداری .

لە روانگەی خاڵی هەوەڵی سەرەوە ، وێژەی کوردیش وەک زوربەی وێژەگەلی جیهان ، بـە رێـز و پێزانینـەوە باسـی { مەمک } و شیری دایک دەکا و بە شتێکی واتایی و دروشمی ژیانی دەزانێ ، بۆ وێنە لە هۆنراوەی کلاسـیکی کـوردی دا دەڵێ :

گەوەرت کردم بە هەستی چاک   شیرت پێ دام ، شیرێکی پاک

**لە روانگەی خاڵی دووهەمەیشەوە ، لە زمانی کوردی دا مەمک وەک میوەی هەرە خۆشی خۆشەویستی باسی دەکرێ ، بۆ وێنە :**

**لە وێژەی فۆلکلۆری کوردی دا دەڵێ :**

- **...دەستم برد بۆ بەرۆکی ، مەمکۆڵەی کەوتە دەستم.**

- **دوگمەت داخە ، دوگمەت داخە دوگمەکەت ، کەس نابینێ خاڵی نێوان مەمکەکەت .**

- **هەی هەرمێ وەوەی نەرمێ ، سنگۆڵەی باغی ورویێ ، دو شەمامە { مەمک } ی سەرسنگی ، ناوێرم دستیان بەرمێ.**

- **مەمکت دو میم و کافێکە ،لە باڵای سینە سافێکە ، هەر ماچێکت توافێکە .**

- **تازەی داناوە بناغەی مەمکی بۆخۆی حەز دەکا نامداتێ دایکی .**

**لە وێژەی کلاسیکی کوردی دا ، زۆر لە هۆنەران و نووسەران باسی جوانی و تەرزی مەمک یان کردوە ، بۆ وێنە :**

**دیمەنی  وێنەت  زۆر  سەحەسووکە**

**مەڕاڵ  و  تەرزە  چەشنی   نۆبووکە**

**مەمکت    پیفۆکی   قنچک  پچووکە**

**خاڵ لێی  باریوە  وەک  بەفرەلووکە**

**گۆپکەی سەر تەرزی غونچەی میکووکە**

(سۆران)

**شتێکی زۆر سەرنج راکێش لەم بەستێنەدا ئەمەیە ، کە لە زۆر لە وێژەی زمانگەلی دیکەدا { بۆ وێنە وێژەی فارسی } ، هەر لە بەستێنی خاڵی { 1 } ی سەرەوەدا ، باسی مەمک کراوە و  لە بەستێنی خاڵی { 2 } دا ، کەم کەس پڕکێشی کردوە ئەم کارە بکا ، کەچی لە وێژەی کوردی دا ، تەنیا لە سیلەی تەسکی { سێکس} ەوە ، ناڕواننە مەمک ، بەڵکە ئەویش چەشنی { کوڵم } ،  { گۆنا } ، {هەنیە } و { لێو } ، بە گوڵی شەنگ و لەبەردڵی باغچەی ئەوینی ئافرەت دەزانن و دورشمێکی دیکەی جوانی پەرەستی گەلی کوردە .**

## وشەی[ خاڵ ]  لە  وێژەی کوردی دا :

**دەریای وێژەی کوردی ، چ چەشنی فۆلکلۆری ، چ کلاسیک و چ نوێ ، هێندە کەوشەنێکی قووڵە ، کە ئەگەر هەناوی هەر وشەیەک هەڵکۆڵی ، جیهانێک مانا و بیر و ئەندێشەی تێ دایە .**

**بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی سەرەوە ، لەم** راڤەیە دا ، **وشەی [خاڵ] دەکەم بە نموونەیک و تەوەرەی کورتە باسەکەی لە سەر دادەمەزرێنم:**

**وشەی خاڵ لە زمانی کوردی دا ، بە لای کەمەوە دو دانە مانای هەیە :**

1- **چەشنە شتێکی دەستکردە، کە بە رەنگی شین ، رەش و ... لە سەر پێست دەیکوتن و لە ئافرەت دا بە دروشمی جوانی و شەنگی دانراوە و لە پیاو دا ، بە نیشانەی ئازایەتی و پاڵەوانی** . جاری واش هەیە خۆڕسک و سروشتیە .

2- **بە مانای [ برای دایک] یش دێ** .

**ئێستا لێرە دا ، دێینە سەر مانای هەوەڵ و هێندێک لە وێنەکانی بەکاربردنی وشەی خاڵ ، لە وێژەی غەڕامی کوردی دا نیشان دەدەین ، کە لە تاریفی جوانی خاڵی ئافرەت دان :**

- **لە وێژەی فۆلكلۆری دا :**

1- **خاڵانم بژارد ، حەوت و هەشت و نۆ ،**

**لە هیچ كوێ نەمدی وێنەی خاڵی تۆ.**

2- **خاڵێ لە تۆ دیم ، یەک لە عەتاران ،**

**یەک لە گوڵ غونچەی پەنای** كۆساران .

3- **خاڵێ ها وە بان گۆنای پیرۆزەو ،**

**كوردستان ئەژی وە نەكەرۆزەو .**

4- **بە رۆژ دروێنەی دڕك و داڵ ئەكەم ،**

**بە شەو خزمەتی وردە خاڵ ئەكەم .**

5- **خاڵی ها وەبان پەنجەی پاتەوە ،**

**قولوەڵڵا لە بیر شێخ ئەباتەوە .**

- له وێژەی كلاسیك دا :

1- هاتم بۆ دانەی خاڵت ، تووشی داوی زولفت بووم ،

تەرێكی نابەڵەد بووم ، نەمزانی دانە و داوە . ( ماموەستا وەفایی )

2- خاڵو خاڵۆتەن ، كەم واتە خاڵۆ ،

خاڵۆ دەم وە بان خاڵانت ماڵۆ. (ماموەستا مەولەوی تاوگوێزی )

3- من كە دڵم دا بە كەزیەی كرژت ،

بە پەلكەو پرچی پەخشان و پرژت ،

بە بزە و قاقا و جەفەنگی مەنگت ،

بە خاڵی شینی پیرۆزە رەنگت ،

(سۆران)

ئەمە مشتێكی چكۆلە بو ، لە گشتێكی گەورە ؛ چون دەتوانم بڵێم لە وێژەی كوردی دا ، لە دەیان جێگەی دیكە ، بە چەشنێكی هەرە جوان كەڵك لە وشەی [ خاڵ ] وەرگیرراوە ، كە لە چوارچێوەی ئەم باسە كورتە دا ، نا گونجێ .

تێبینی : 1- تەنانەت رەنگە بتـوانین سـەبارەت بـە تێکنیکـی کوتینی خاڵیش ، کتێبێکی گەورە بنووسین.

2- باسـی خاڵـی کـوتراوی سـەر پێسـتی پیـاوانیش لـە کوردستانی گەورە ،بە تایبەت لە ناوچەی کرماشان ، جێگـەی خۆی هەیە .

# بەشی 3 - فۆلکلۆر:

# فۆلکلۆر چیە ؟

فۆلکلۆر لە فەرهەنگی فەرهەنگی دا ، بە مانای زانستی گشتیە و بە چەشنە هۆنراوە ، پەخشان ، چیرۆک ، گۆرانی و شتی لەم بارە دەلێن ، کە نازانین نووسەر یا وێژەرەکەی کێیە . هێندێک لە فۆلکلۆرە سەرەکیەکانی کوردی ئەمانەن :

1- **بەیت .**

لە زمانی کوردیدا ، بەیت بە چیرۆکێکی ئەدەبی دەلێن ، کە سەبارەت بە رووداوێک ، داستانێک یا بەسەرهاتێک، بە پەخشانی مەوزوون نووسرابێ . بەیتی کوردی لە زما نگەلی دیکەداهاوتای کەمە ، بەلام لە زمانی فەرانسە دا شتێک هەیە بە ناوی ئێپۆپێ ، کە زۆر لە بەیتی کوردی دەچێ . هێندێک لە بەیتە بەناوبانگە کوردیەکان ئەمانەن :

مەم وزین ، ناسرومالمال ، ئازیزێ و شەم وشەمزین .

زوربەی بەیتە کوردیە کان لە تەوەرەیەکی جوغرافیاییدا وتراون ، کە دەکەوێتە باکووری هێلی مەداری هەلەبجە.

2- **پەندی پێشینان :**

پەندی پێشینان بریەتیە لە وتەگەلی کورتی پڕ واتا ، گە ئامۆژگاریەکیان تێدایە . لە تەواوی ناوچەکانی کوردەواری جیهان ، پەندی پێشینان هە یە. ئەمانە نموونەی پەندی پێشینانی کوردیە :

هەتا دۆ زۆر بێ ، کەشک رەقتردەبێ ! پێت دەڵێم خاڵە ، مەڵم بۆ بگری! شەلە باوان و کوێرە باوا ن !

## 3- قسەی نەستەق :

قسەی نەستەق بە چەشنە وتەیەکی کوردی دە ڵێن ، کە ئامۆژگاریان تێدا نیە ، بەڵکە فەقەت وتەیەکی سەمبۆ لیکن . لە تەواوی کوردستان قسەی نەستەق هەیە .ئەمە چەند نمونە :

دەڵێی ماڵی حەبیب جاجمە ! خۆ بۆ ئاور ناچی ؟ چاوی مار دەر دێنێ !

## 4- گاڵتە و گەپ :

گاڵتەوگەپ ، قسەی خۆشی کوردیە ، کە لە هەمو ناوچەکانی کوردەواری هە یە : ماموەستا عەلائەددین سەججادی ، لە کتێیبی رشتەی مرواریدا ،کە چەندین بەرگە ،زۆر لەمانەی کۆکردوەتەوە. ئەمە نمونەی گاڵتەوگەپێکی کورتی کوردی :

دەڵێن کابرایەک بە جەفەنگ بە هاواڵــەکەی وت زۆر نەخۆشــم . هاواڵەکەی وتی چێتە . کابرا وەڵامی داوە : ئەگەر دەخەوم چــاوم نابینێ و دوای تێر خواردن ئیشتیام هیچ نابا !

5- <u>هۆنراوە :</u>

هۆنراوەی فۆلکلــۆری چەشــنە هەڵبەســتێکە ، کــە هۆنەرەکــەی مەعلووم نیە و لە تەواوی ناوچە کانی کوردەواری هەیە ،بۆ وێنە:

نامە دەنووسم بە خوێنی دەستم

دەیدەم بە شەماڵ بیبا بۆ دۆستم

نایدەم بە شەماڵ پێچوپەنایە

بۆخۆم بۆی دەبەم دڵ موبتەلایە.

6- <u>چیرۆک:</u>

چیــــرۆکی فۆلکلــــۆری ، چەشـــــنە چیرۆکێکــــە کــــە وێـــــژەر ( نووسەر ) ە کەی مەعلووم نیە . بۆ وێنە :

چیرۆکی ئەحمەد پاشا ، خانی لەپزێڕین و تیتل و بیبل .

7- **گۆرانی و هەڵپەڕکێ :**

**گۆرانی فۆلکلۆری ، چەشنە گۆرانیەکە ، کە نازانین کێ بۆ جاری هەوەڵ وتویەتی ، وەک :**

**گۆرانی تەیرەکەی گەرمێن ، باوابێ و باغەوان .**

8- **ئەفسانە :**

**ئەفسانە چەشنە فۆلکلۆرێکە ، کە چرۆک یا رووداوێکی زۆر دوور لە عەقڵ دەگێڕێتەوە ، بۆ وێنە :**

**ئەفسانەی چیای ئاگری ، مووروە دەنگیلە و فاتیلە فاتانەکە .**

9- مەتەڵ **(مەسیلە) :**

مەتەڵ **هەر چیستانی فارسیە . بۆ وێنە :**

**تاجیە رەشەی عەلّقە لە گوێ ، سەیران دەکا لە دەوری دێ . ئەمتاقەکە ، ئەو تاقەکە، ماند و نەبی چاوزاقەکە . هەر دەرۆی و لەگەڵتە .**

10- **کایە :**

**کایەی فۆلکلۆری لە کوریدا زۆرە ، وەک:**

**بازەلێ ، خازەلێ و چاوشارکێ** ،کە نازانین کێ دایهێناوە .

**هەروەک لەسەرەوە وتمان، فۆلکلۆر بە مانای زانستی گشتیە و نووسەر ، هۆنەر ، وێژەر و داهێنەرکەی نەناسراوە .**

# هۆی دروست بوونی فۆلکلۆری کوردی:

هەر وەک وتم ، وشەی فۆلکلۆر ، لە زمانی فەرهەنگی دا بە مانای زانستی گشتیە . واتە زانستێکە کە هی کەسێکی تایبەت نیە ، هی هەمو خەڵکە و سنگ بە سنگ ، لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی دیکە راگوێزراوە .

بەم هۆیانەی خوارەوە ، چون نەتەوەی کورد دەرەتانی نووسینی کەمتر بوە ، لە کوردستان ، فۆلکلۆرکە بە چەشنێک دەتوانین پێشی بڵێین هونەر و ئەدەبیاتی زارەکی و نەنووسراو ، زۆر بەستێنێکی پان و بەرینی هەیە :

1- چون لەو هەرێمە ، تا ئەم سەردەمانەش ، کاغەز بەو چەشنە گیر نەکەوتوە و ئەگەر بووشە ، زۆر تەسک بۆە { بە چەشنی تۆمار } و هی چینێکی تایبەت بوە .

2- چون نووسینی کوردی یاساغ بوە .

3- چون زۆر جار نووسراوە کوردیەکانیان سووتاندوە یا تالانیان کردوون .

4- چون با سەواد زۆر نەبوە .

5- چون کورد زۆرتر ئاوارە و دەربەدەر بوە و بەو چەشنە نەیپەرژاوەتە سەر نووسین و شتی وا .

6- چون دەوڵەتێکی نێوەندی نەبوە .

7-زۆر شتی دیکەش .

**لە لایەکی دیکەوە ، فۆلکلۆری کوردی هێندە دەوڵەمەندە ، کە زۆر جار کەلێنی بە تاڵی بەردەنووس، پێستی ئاسک {پارچمێنت} ، کتێب و شتی وا لە دیرۆکی کۆمەڵایەتی ، رامیاری ، ئابووری و ... ی ئێمەدا پڕدەکاتەوە ، هەر لەبەر ئەمە ، دەبێ بە چاوی بەڵگەی نەتەویی تێی بڕوانین ، نەک بە چاوی کەرەسەی خۆ خەریک کردن و شتی وا .**

لێرەدا ، **بە تایبەت و تەسەلتر سەرنج دەدەینە ئەم بەشانەی فۆلکلۆری کوردی : بەیت ، هۆنراوەی فۆلکلۆری ، پەندی** پێشینان، **قسەی نەستەق ، مەتەڵ و ئەفسانە و .. ،**

# بەیت :

لە بەستێنی فۆلکلۆری کوردی دا ، بەیت بە شتێک دەڵێن ، کە لەباری وێژەییەوە ، لە چوار چێوەیەکی تایبەت دا وتراوە و وێژەرەکەی نەناسراوە . بۆیەک دەڵێم لە چوارچێوەی تایبەت دا وتراوە ، چون نە دەکەوێتە نێو قاڵبی هۆنراوە ، نە دەقی پەخشانی ئەدبی ، نە چیرۆکی ئاسایی ، نە کورتە چیرۆک و شتی وا . دیارە دەبێ سەرنجی ئەمەش بدەین ، مەبەست لە {بەیت } ، وشەی بەیتی عارەبی نیە ، کە لە دو دانە میسڕاع پێک هاتوە ، بەڵکە شتێکە ، کە بۆ وێنە لە زمانی فارسی یا ئینگلیسی دا هەر نیە . بەڵام ، لە زمانی فەڕانسە دا ، قاڵبێک هەیە بە ناوی{ ئێپۆپێ} ، کە زۆر لە باری چوارچێوە و ناوەرۆکەوە ، لە بەیتی کوردی دەچێ . بەیتی کوردی ، وشەی لفەو دوانەی خۆشی هەیە ، کە بەم چەشنەیە : { بەیت و باو } .

## چلۆنایەتی بەیت :

- ناوەرۆک : بەیت داستانێکی نەتەویی ، حەمماسی ، مێژویی ، ئەوینی ، کۆمەڵایەتی و شتی وایە ، کە کراوە بە بیت . بەیت هەم چەشنە کێشێکی هەیە و هەم بە چەشنە هەوایەکیش دەوترێ ، بۆ وێنە بەیتی { لەشکری } .

- بەدیهێنی بەیت : خولقێنەری بەیتەکان زۆرتریان پیاو بوون ، خەڵکی دێ بوون ، تەمەنیان لە بیست و پینج ساڵ زیادتر بوە و بێ سەواد بوون ، بۆ وێنە {عەلی بەردەشانی}. دیارە بەدیهێنی بەیت ، لەگەڵ بەیت وێژ تۆفیری هەیە .

بەدیهێنی بەیت بەیتەکەی خولقاندوە ، بەڵــام بــەیت وێــژ ، بەیتی خولقێندراوی وتوەتەوە .

q ناوچەی بەدیهاتنی بەیتەکان :زۆربەی بەیتە کوردیەکان، لە ناوچەینێوەندی و باکووری کوردستانی گــەورە وتــراون ، واتە بە دەگمەن لە باشــووری هێڵــی مــەداری شــاری ســنە باشوورتر ، بەیت وێژراوە . بۆ وێنە بەیتی { مەم و زین } ، کە لە ناوچەی باکوور وتراوە .

q کاتی وتنی بەیتەکان : لە زۆر لە مێژەوە ، هــەتا ئێستاش .

ئەمانە هێندێک لە بەیتە بە ناوبانگە کوردیەکانن :

مەم و زین ، لاس و خەزاڵ ، لەشکری ، ئــازیزێ ، بلــە { بــەیتی بلــەو شــانامەی رۆســتەم } ، دمــدم ، ئاوڕەحمــان پاشــای بابان، هەمزاغای مەنگوڕ ، فەیزوڵلابەگ و بە دەیان بەیتی دیکە .

تێبینی : ئەم شتانەم لە سەر بناغەی لێکۆڵینەوەیکی کتێبخانەیی ومەیدانی نووسی ،کە لــە ساڵــەکانی 60 ی زایــنی دا ، وەک یاریــدەدەری بەشــی خەڵــک ناســی ، VOLKEKUNDE، لــە زانســتگەی فــڕای بێــڕلین ، لــە کتێبخانــەکان و لــە ناوچــە کوردنشینەکان ئەنجامم داوە و ئێســتاش زۆریــان لــە ئاڕشیڤــی مووزەی ئەو زانستگەیە ، لە شاری بێڕلین هەیە .

# هۆنراوەی فۆلکلۆری :

هەروەک کە وتم ، هۆنراوەی فۆلکلۆری بەشێکە لە فۆلکلۆری کوردی . هۆنراوەی فۆلکلۆری بەو چەشنە هۆنراوانە دەڵێن ، کە هۆنەرەکەی مەعلووم نیە و کەس نازانێ کێ وتویەتی .هەر ناوچەیەک لە کوردستانی گەورە ، فۆلکلۆری بە زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە .

هۆنەری هۆنراوە فۆلکلۆریە کان ، زۆر تر ئەمانە بوون :

- شایەرەکان . دیارە شایەر لە گەڵ شاعیر توفیری هەیە . شایەر زۆرتر ئەو کەسانە بوون ، کە لە شایی و داوات دا گۆرانیان وتوە یا لە کۆڕ و جەژنە کان دا . شایەر زۆر تر پیاو بوون و زوربەشیان سەوادێکی وایان نەبوە . ئەم شایەرانە ، لە شایی و جەژن و کۆڕەکاندا ، خۆیان هۆنراوەیان وتوە و بە چەشنی گۆرانی پێشکەشیان کردوە و زۆر جار کە بە کەسێکیان دا هەڵوتوە ،خەڵات یا شاباشیان پێ داون . ژنی واش بوە کە شایەر بوە ، بۆ وێنە مەنیج حەیران . هەرچۆن بێ ، هۆنراوە باشە کانی ئەم شایەرانە کەوتوونەتە سەر زمان ، سنگ بە سنگ هاتوون و بۆون بە فۆلکلۆر .

- شوانە کان . یەکێک لەوانەی کە بوون بە بەدیهێنەری هۆنراوەی فۆلکلۆری ، شوانە کان بوون ، بە تایبەت شوانی مەڕ یا بەرغەل . ئەم شوانانە ،کە بە پێی کارەکەیان ، دەبو بۆ ئەوەی پەز باش بلەوەڕێ و باش شیر بدا ، هەمیشە شمشاڵیان

پێ بێ ، لەگەڵ شمشاڵ دا خۆویێژیشیان کردوە و ئەم هۆنراوانە، نەفەوتاون و بوون بە فۆلکلۆر .

- یەکێک لەوانە ، دایکەکان بوون ، کە گۆرانیان بە منداڵانی خۆیاندا وتوە و هۆنراوەی ئەم گۆرانیانە ، بوە بە فۆلکلۆر .
- ئەویندارانی کیژ و کوڕیش ، لە بەدیهاتنی هۆنراوەی فۆلکلۆری دا ، زۆر شوێنیان بوە .
- چینە کانی دیکەی کۆمەڵ .

ئێستا لێرە دا ، چەند وێنە لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیتان پێ دەناسێنم :

- کاتێ جەحێڵ بووم ، هێشتا پیر نەبووم

راوی بازم ئەکرد، من نەچیر بەبووم .

- شوانە هەی شوانە ، شوانەی رەنجەرۆ

بستێ منداڵ بووم، قەولم دا بە تۆ .

- هەی لایەلایە ، رۆڵەی شیرینم

لە خودا دەخوازم ، مەرگت نەبیم .

q چاوان مەڕێژە ، هێشتا منداڵی
سێوی نەگەیو ، هەڵووچەی کاڵی .

q باڵات بە وێنەی دارەکەی زەنگان
ریشەی داهێشتوە، یاقووت و مەرجان .

بە کورتی ، هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ، هێندە بەربڵاوە ، چەشنی ئۆقیانووس وایە و رەنگە بکرێ بە سەدان کتێب لەم بابەتەوە بنوسرێ .

## لێکدانەوەی مانای تاقە هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری :

q قیبلەی حاجیەکان لە لای شامەوە
قیبلەی من هەر تۆی لە پەنامەوە

هۆنراوەی فۆلکلۆری وەک بەردە نووسی نێو سنگ وایە و دەتوانین بۆ راڤە کردنی مەبەستی مێژویی ، فەرهەنگی ، کۆمەلایەتی ، زمان ناسی و ...، زۆری کەلک لێ وەربگرین . جا لێرەدا ، ئەو هۆنراوە فۆلکلۆریەی سەرەوە راڤە دەکەین { قیبلەی حاجیەکان لە لای شامەوە ، قیبلەی من هەر تۆی لە پەنامەوە } ، تا بزانین بە چەشنی بەردە نووس ، چ شتگەلێکی تێدا دەخوێنینەوە :

1- لە بارەی کات و مێژوی هۆنراوەکەوە دەزانین کە لە سەردەمی ئایینی ئیسلامدا وتراوە ، چون باسی کابەی لای شامی تێدایە .

2- لە بارەی جێی نووسینی هۆنراوەکەوە ، دەزانین کە رەنگە لە باشووری کوردستان وترابێ ، چون لەوێ بە { سووریە } یا پێتەختی ئەو ولاتە دەلێن { شام } .

3- بۆمان دەردەکەوێ ، کە هۆنەری ئەم هۆنراوەیە ، لێرە دا یا لە تەک نیشتمانی خۆی قسەی کردوە ، یا لە تەک ئەو مرۆڤەدا ، کە خۆشی ویستوە .

4- ئەگەر لە تەک نیشتانی دا قسەی کردوە ، کەسێکی زۆر ولاتخۆشەویست و بزان بوە و هەر ئەو کاتە بە چەشنی

مێتافۆڕ بە خەڵکی وتوە ،هەر کەس دەیەوێ بچێ بۆ حەج، با لە کوردستان حەج بکا ، چون کوردستان کابەی کوردە .

5- ئەگەر لە تەک ئەوینەکەی قسەی کردوە ، ئەمە دەردەخا ، کە مرۆڤێکی ئایینی نەبوە . جا ، لە هەر دو حاڵەتی {4} و { 5} ی سەرەوەدا ، ئەو هۆنەرە ، کە وێنەیەک بۆە لـە کۆمەڵی کوردەواری سەردەمی خۆی ، نیشانی دەدا ، کە ئەو کومەڵە کوردە واریە ، کۆمەڵێکی قیشری ئایینی نەبوە .

6- لە باری زاراوە ناسیەوە ، زۆر تر لــە زاراوەی ناوچــەی سلێمانی دەکا ، تا لە هی هەولێر ، خانەقین یـا بـاکووری کوردستانی باشوور . کە وابێ دەتوانین بڵێین ، چەشنە بــەردە نووســێکی مێــژوی فەرهــەنگی ، کۆمەڵــایەتی ، زماننـاسی و ... ئــەو ناوچەیەیــە و دەتــوانین زۆر شــتی دیکەشی تێدا بخوێنینەوە .

بە کورتی ، هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی و ماناکانیان ، هێندە بەربڵاون ، چەشنی ئۆقیانووس وان .

# پەندی پێشینان:

یــەکێک لــەو شــتانەی کــە بــۆ روونکردنــەوەی پێشــینەی هەرنەتەوەیەک فرە بەکەڵکە، بــەردە نووســە، کــە بــە زمــانی عارەبی ، پێی دەڵێن " کەتیبە" . جاری وا هەیە بە خوێندنــەوەی بەردەنووسێک ، چەندین رازی گەورەی مێژویی روون دەبێتەوە.

لە ناوچەی کوردە واری ، لە درێژایی مێژودا ، وەک کاتی ئێستا، داگیرکــەران یــا نــەیان هێشــتوە بــەردەنووس ســاز بکــەین و شتەکانمانیان لەسەر بنووسین ، یا ئەگەر بە دەگمــەن دەرفــەتی سازکردنی بەردەنووسیشمان بوبێ ، وەک لەم چەرخەدا زۆر جــار کتیبــەکانیان ســووتاندوین ، لــە درێژایــی مێژوشــدا ، بەردەنووســەکانیان شــکاندوین و شــتێکی وایــان بــە ســاغی نەهێشتوەتەوە . بــۆ وێنــە ، هــەر لــە سـی ساڵــی رابــوردودا ، بەردەنووسی " کەڵ و شێر" یان، لە گوندی دەلمــە ، لــە نزیکــی دێی گوێگجەلی ، لە ناوچەی بۆکان ، تەفر و تووناکرد .

بەڵام بە خۆشیەوە ، چون کورد گەلێکی بیرمەندە ، توانیویــەتی هێندێک لەو زەرەرانە ، بــە کەلــەپووری فۆلکلــۆر پڕبکاتــەوە . فۆلکلۆر ، بە زمانی فەڕەنگی بە مانای" زانستی گشتی "ە ، یانی زانستێک کە هی تەواوی گەلە ، واتە کەسێکی دیاری کــراو ، ئــەو زانستەی دانەهێناوە و نە یخولقاندوە ، بەڵکە بە هۆی تــەواوی گەل ، بە درێژایی مێژو ، خولاقاوە و سنگ بە سنگ هاتوە .

**لە بەشێکی پێشـودا ، راڤــەی هـۆنراوەی فۆلکلـۆری کـوردیم پێشکەش کردن ، بەڵام ئێستا ، باسی پەندی پێشینان تان بـۆ دەکەم . لە زمانی کوردی دا ، پەندی پێشـینان بـە وتەیـەک دەڵێن ، کە بە چەشنی سەمبۆلیک و جاری واش هەیـە ، بـە چەشنە نەزمێکی وەک شێعر ، مانایەک دەگـەیێنێ و پەنـد و ئامۆژگاریەک دەکا ، بۆ وینە ئەمانە پەندی پێشینانن :**

- **بەرەبەرە ، خزمــی مێـرد دەربــەدەرە ، خزمــی ژن تاجی سەرە !**
- **لە پیران تەوێ ، لە زستان شەوێ !**
- **کــاتی دامــان ، خزمــی دوور و قــەرزی کـۆن مــان وەبیردەکەوێتەوە !**
- **کششە ! کششە ! میوان رۆژێک و دوان خۆشە .**
- **ماڵی دنیا چڵکی دەستە !**

**دەبێ ئەمەش مان لەبیر بێ ، کە تـۆفیری پەنـدی پێشـینان ، لەتەک قسـەی نەسـتەق ئەمەیـە ، کـە پەنـد دەبـێ بـەلای کەمەوە، پەند و نەسیحەتێکی تێدا بێ ، بەڵام قسەی نەستەق پەنـد و نەسـیحەتی تێـدا نیـە ، بـۆ وێنـە ئەمـە قسـەی نەستەقە : ''دەڵێی کاسەی قەرەچی ئاو بردویەتی'' .**

هەروەک دەبینن ، لە پێنج دانە پەندی پێشینانی سەرەوەدا ، تەنیا سێ دانەیان خاوەن نـەزمن ، یـانی پەنـدی پێشـینانی چەشنی پەخشانی بێ نەزمیش مان هەیە ،

تایبەتمەندیەکی دیکەی پەندی پێشینانی کوردی ئەمەیە ، کـە پەندەکان ، لە هەر ناوچەیەک ، بە زاراوەی ئەو ناوچەیەن ، بۆ وێنە پەندی سەرەوەی ''لەپیران تەوێ، لە زستان شەوێ'' ، هی ناوچەی ئەردەڵانە .

پەنـدە پێشـینانە کوردیـەکان ، رەنگدانـەوەی بـارودۆخی کۆمەڵایەتین ، بـە پێـوەری کـات و جـێ . هـەر پەنـدێکی پێشینانیش کە باری کۆمەڵناسی لە دەست دابێ ، ئیـدی وردە وردە کەم ڕەنگ بوە . بۆ وێنە بە داخەوە ، لـە ژێـر قـەمچی خونکاری ئابووری ئەمڕۆدا ، پەندی پێشـینانی '' ماڵـی دنیـا چڵکی دەستە '' وەک جاران ، بە شتێکی پڕڕەنگ نازانن و سـی دانە پیتی '' پ '' بوون بە مۆکڵی ، کە بریەتین لە '' پـارە '' ، ''پڵاو'' و '' پارتی'' .

تایبەتمەندیەکی دیکەی پەندی پێشینانی کوردی ئەمەیە، کـە زۆر لە خۆشەویستان خڕیان کردونەتـەوە و زۆر کەسـیش کردوونیان بە ناواخنی هۆنراوە . بۆ وێنە ،رێزدار سەججادی، لە شاری سنە ، پەنـدەکانی کۆکردوەتـەوە و کـردوونی بـە زمانی فارسی . ماموەستا پیرەمێرد ، ماموەستا مەلاغـەفوور

( حافزی مەهابادی ) و مامۆستا برایم ئەفخەمیش کردوونیـــان بە ناواخنی هۆنراوە .

لە کتێبی " هۆنراوە و پەخشـــان " دا ، منـــیش ئـــەم ئەرکـــەم ئەنجام داوە و بڵاو کراوەتەوە .

ئێستاش بە ئەرکی سەر شـــانی هـــەمووومانی دەزانم , پەنـــدی پێشینانی کوردی ، کە یەکێکی دیکە لە بەردەنووسەکانی نێـــو سنگ مانە ، کۆیان بکەینەوە و بڵـــاو ببنـــەوە ، تـــا چەتـــەی زەمان ، ئەم خەزێنە پڕبایەخەشمان تاڵان نـــەکا و پەنـــدەکان لە بیر نەچنەوە .

# قسەی نەستەق :

**ئێستا لەم بەشەدا ، باسی قسەی نەستەقتان بۆ دەکەم :**

**قسەی نەستەق بە مانای قسە و وتەی کورتی پڕمانایە ، کە بە چەشنی** سیمبۆلیک **(سەمبۆلیک ) شتێک بەیان دەکا و پێویست نیە پەندێکی تێدا بێ یا جەفەنگ و قسەی خۆش بێ ، بەڵام پەندی پێشینان دەبێ بەلای کەمەوە پەندێکی تێدا بێ. جەفەنگیش دەبێ بەلای کەمەوە ، قسەیەکی خۆشی تیدا بێ .**

**بۆ وێنە ئەمە قسەی نەستەقە :**

**{دەڵێی ماڵی شاترمیشاغایە} ، کە بە چەشنی سەمبۆلیک مەبەستی ئەمەیە ، جێگەیەکی زۆر شلووقە و وەک ماڵی شانرمیشاغا وایە ، جا شاترمیشاغا کێ بوە و بۆ وا بوە - دەبێ بۆی *بگەڕێین.***

**ئەمە پەندی پێشینانە :**

**{ زمانی سوور ، سەری سەوز بەبا دەدا } ، کە ئەم پەندەمان فێر دەکا : ئاگامان لە زمانی خۆمان بێ و بە گوترە قسە نەکەین .**

ئەمە جەفەنگە :

پیاوێک بە خێزانەکەی وت “ من دەچمە دەرەوە ، ئافرەت! دەرگەی ماڵەکە بەجێ نەهێڵی !” کابرا ، کە چوە دەرێ و لە شەقام دەگەڕا ، تەماشای کرد ژنەکەشی وا لە دەرەوە و دەرگەی ماڵەکەی گرتوە بە کۆڵیەوە و دەچێ بۆ ماڵی دادی . کابرا لە ژنەی پرسی “ بۆ دەرکی ماڵەکەت لێ کردوەتەوە و گرتووتە بە کۆڵتەوە ؟” . ژنەکە وەڵامی داوە “ مەگەر تۆ خۆت نەتوت دەرگەی ماڵەکە بەجێ مەهێڵە ، منیش کە دەچم بۆ ماڵی دادم ، بە ویستی خۆت ، دەرکەکە دەبەم لەگەڵ خۆم !

ئێستا بۆ ئەوەی کە بە چاکی قسەنەستەقەکان بناسێنم ، دو دانە یان لە خوارەوە راڤە دەکەم :

{ وەک جوی زرێبار وایە} !

ئەم قسە نەستەقە ، بە چەشنی سەمبۆلیک ئاماژە دەکا بە کەسێک ، کە زۆر بترسێ . ریشەی ئەم قسەنەستەقە لێرەوە دێ ، کە دەڵێن پیاوێکی جوولەکەی چەرچی ، رۆژێکی جەنگەی سەرما و زستان ،بۆ چەرچیگەری لە شاری (قەڵای) مەریوانەوە دەچێ بۆ دێی یەنگیجە ، کە لەو بەری گۆلی زرێبارە . زۆری پێ سەیر دەبێ ، دەگاتە یەنگیجە ، بەڵام وەک جاران گۆلی زرێبار نابینێ. لە خەڵکی یەنگیجە دەپرسێ “ ئەی گۆلی زرێبار کوانێ؟” . خەڵک دەڵێن “ گۆلی زرێبار هەر لە جێی خۆیەتی ،

بەڵام چون لەبەر سەرما بەستویەتی ، تەواو جەڕی داوە و بوەتە سەهۆڵ ، تۆ نەتزانیوە کامەیە و بە سەریدا هاتوی ‘‘ . کاربای جوولەکە ، کە ئەمە دەبیستێ ، لە ترسان دیق دەکا و دەمرێ . جا ێستا ، هەر کەسێک ،کە لە شتێک زۆر دەترسێ ، ئەم رستەیە بەکار دەهێنن و دەڵێن {دەڵێی وەک جوی زریبارە } . پێویستە ئەمەش روونکەمەوە ، کە لێرەدا مەبەست لەوە نیە بڵێم جوولەکە ترسەنۆکە ، نا - جوولەکە نیشانی داوە ئازایە - بەڵکە بەسەرهاتێکی سەمبۆلیک دەگێڕمەوە .

{دەڵێی کاسەی قەرەچی ئاوبردویەتی} :

ئەم قسە نەستەقە بە چەشنی سەمبۆلیک ئاماژە دەکا بە جێگەیەک ، کە زۆر هەراوهوریا بێ . ریشەی ئەم قسە نەستەقە لێرەوە هاتوە : قەرەچیەکان ، کە خێڵێکی بەرێزی کۆچەرن لە کوردستان، زۆر جار لە نزیکی چۆم و چۆماوەکان ، خێوەت دەخەن ، تا بتوانن لەوێ کاربکەن و لە ئاوی ئەو چۆم و چۆماوانەش کەڵک وەرگرن و تینوش نەبن . زور جار ، وابوە، کە سێڵاو هاتوە و کاسەو کەوچک و شتومەکی ئەو خۆشەویستانەی بردوە . ئەوانیش کە برێک بۆ بەرز قسەکردن نێوبانگیان هەیە ، زۆر تێکدەچن و دەست دەکەن بە هەراو هوریا و دەنگە دەنگ ، جا ئێستا لە هەر کوێیەک زۆر هەرا و هوریا بێ ، دەڵێن { دەڵێی کاسەی قەرەچی ئا و بردویەتی } .

زۆر لە قسە نەستەقەکان ، بە وشەی { دەڵێی} دەست پێ دەکەن ، بۆ وێنە :

دەڵێی لە دۆکڵیو دەرپەڕیوە .

دەڵێی لە گوێی گادا خەوتوە .

دەڵێی ندیوبدیە .

پێویستە هەر وەک پەندی پێشینان ، بەیت و فۆلکلۆرەکانی دیکە مانا کۆ دەکەینەوە ، قسەی نەستەقەکانیش راڤە بکەین ، تا بتوانین ریشە و رەگەزی پەیدا بکەین و لەم بەردەنووسە بەنەرخەی نێو سنگی کوردەواریش ، بۆ روونکردنەوە و پەرەپێدانی زانستی کوردناسی ، کەڵک وەربگرین .

زانین توانینە ...

## قسەی نەستەقی{دەڵێی کاسەی قەرەچی ئاو بردویەتی}:

**هەر وەک لەبەشگەلی پێشودا ئاماژەم پێ کرد ، بەشێک لە فۆلکۆری کوردی ، {قسەی نەستەق} ە و قسەی نەستەق بە وشە، لەتەرستە ، رستە یا وتە و نووسراوەیەک دەڵێن ، کە زۆر بە کورتی و بە چەشنی سیمبۆلیک ، باسی مەبەستێک بکا ، بە بێ ئەوەی وەک پەندی پێشیان ، پەند یا ئامۆژگاریەکی تێدا بێ و زۆرتریش بە وشی { دەڵێی ... } ، دەستی پێ دەکا ، وەک قسەی نەستەقی { دەڵێی کاسەی قەرەچی ئاو بردویەتی } ، کە ئێستا لێرە دا زۆر بە کورتی و پوختی ، ئەم قسە نەستەقە راڤەی دەکەم :**

**قسەی نەستەقی { دەڵێی کاسەی قەرەچی ئاو بردویەتی } ، بە جێگەیەک یا بە بارودۆخێک دەکوترێ ، کە یەکیجار زۆر هەراهەرا و دەنگەدەگ بێ.**

**<u>ریشە و بناوانی ئەم قسەیە ئەمەیە :</u>**

**هۆزی رێزداری قەرەچی یەکێکن لە هۆزە کۆچەرەکانی کوردستان، زۆرتریان رەنگیان سەوزەیە ، کار و پیشەیان دروست کردنی کەو، بێژنگ ، چەقۆ ، داس ، ئەستوێڵی سەر تەنوور ، شیش ، مەساسەی جووت ، گاسن ، نەقیزە و کەرەسەی ئاسنەواڵەی دیکەیە و زوربەشیان کەو رادەگرن و کەویان زۆر خۆش دەوێ و کەوی قەرەچی، بۆ باشی بە ناوبانگن . یەکێک لەقەرەچیە بە ناوبانگەکان ، عەبە کەمانچە بوە ، کە من بۆخۆم دیبووم . عەبە کەمانچە ، کەمانچە ژەنێکی زۆر لێ هاتو بو . یەکێک لە**

هەوا بە ناوبانگەکانی عەبە کەمانچە ، گۆرانی { کەو مل کەو مل} بو ، کە دیارە ئیلهامی لە کەو وەرگرتبو . پێویستە ئەمەش بلێم ، کە قەرەچیەکان ، لە بواری سەنعەتی دا ، خزمەتی زۆریان بە کوردستان کردوە .

زۆر لە قەرەچیەکان ،لە وەرزی پایز و زستان دا ،لەتاو سەرما و بەفر و لەنگێزە ، یا دەچوون لە گوند یا لە شارەکانی کوردەواری دەژیان یا دەچوونە ناوچە گەرمە کان و پایز و زستانیان لەوێ دەگوزەراند . لە وەرزی بەهار و هاوینیش دا ، قەرەچیەکان دێ بە دێ و شار بە شار دەگەڕان و هەر دوسێ رۆژ جارێک لە قەراغی کانی یا ئاوێک خێوەتیان هەڵ دەدا و لەوێ بە دروستکردنی ئەو کەل و پەل و ئامێرانەی کە لەسەرەوە باسم کردن و فرۆشتنیان ، نانی خۆیان وەدەست دەخست و ژیانی خۆیان پێ دابین دەکرد .

هەروەک وتم ، کاتی وەرزی بەهار دەچوون لە قەراغی ئاوێک ، چۆمێک ، شەتاوێک یا جێگەیەکی وا دەیانخست و چەند رۆژ لەوێ دەمانەوە و دوای چەند رۆژ کۆچیان دەکردە گوند یا شارێکی نزیکی دیکە . لە باری خووخدەوە ، قەرەچیەکان چون رەبەن و جوامێرن ، وەک ئەلمانیەکان ، زۆرتر بە دەنگی بەرز قسە دەکەن و خو و خدەی رەسەنی کۆچەری و رەبەنی هەر لە نێویان دا ماوەتەوە . جا ، لە رۆژە بارانیەکانی ناوچەی کوردستان دا ، جاری وا بوە ، لە چۆم و چۆماو و دەراوەکانی تەنیشیان لافاوێکی زەمەن هاتوە و هەرچی کەل و پەل و کاسە و کەوچمکیان بوە ،ئاو بردویەتی . ئەوانیش ، لە تاو ئەوەی کە هیچیان بۆ نەماوە و ماڵیان کاوڵ بوە و بۆ ئەوەش کە خەڵک

گوێیان لێ بێ و بهێنە یارمەتیان ، بەو دەنگ و هەراهەرا سروشتیەی خۆیان ، کردویانە بە هەراهەرا و قوولەێکی کەم وێنە ، کە دەگیان کێواوکێو رۆیوە - هەر بۆیە ئێستاش ،لە هەر شوێنێک کە زۆر هەراوهوریا بێ ، دەلێن ئەوەچیە { دەڵێی کاسەی قەرەچی ئاو بردویەتی ! } .

# مەتەڵ :

یەکێک لە فۆلکلۆرە کوردیەکان ، مەتەڵە . لە فەرهەنگی کوردی دا ، مەتەڵ زیاتر بە لەتە رستەی { ئەوە چیە ... } دەستی پێ دەکا . لە زمانی فارسیش دا مەتەڵ هەیە و پێی دەڵێن{ چیستان}.

مەتەڵ زۆرتر بریەتیە لە لەتە رستەیەکی کورت ، کە زۆر جاریش چەشنە کێش و سەروا{ قافیە } یەکیشی هەیە و بە پێی فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردە واری ، شتێک یا بە وتەی پێشینان { مەسیلە } یەک دا دەهێنێ و بەم چەشنە دەستی پێ دەکا : { ئەوە چیە ... } .

تێبینی : دەتوانین لە زۆر جێگەش دا بە زۆر لە فۆلکلۆرە کوردیەکان بڵێین ، {خاڵی کۆمەڵناسی کورد } ، کە یەکێک لەوانە مەتەڵە . بەڵام لەو روانگەیەوە پێیان دەوترێ فۆلکلۆر ، چون وێژەر ، نووسەر یا داهێنەرەکەنیان مەعلووم نیە و بوونەتە، زانستی گشتی و هی هەمو کەس یا بە قەولی فەڕەنگیەکان ، بوونەتە { فۆلکلۆر } .

بۆ وێنە ئەمانە مەتەڵن :

q ئەوە چیە : تاجیە رەشەی عەڵقە لە گوێ ، سەیران ئەکا ، لە دەوری دێ؟.

وەڵام : ساج .

q ئەوە چیە : ئەم تاقە کە ، ئەو تاقە کە ، ماندو نەبی چاو زاقەکە ؟.

**وەڵام : کێچ .**

**زۆرتر لە شەوانی درێژی پایز و زستان دا ، لە هێندێک لەماڵە کوردەکان ، کۆڕی شەونشینی و شەوچەلە خواردن هەیە ، کە زیاتر لەم کۆڕانە دا ئەم مەتەڵ { مەسیلە } انە لە یەک دا دەهێنن و وەک کێ بەرکێ ، هەرکەس وەڵامی راست و بێ هەڵە بداتەوە ، بردویەتیەوە .**

**لە تەواوی ناوچەکانی کوردستانی گەورە ، مەتەڵی ناوچەیی تابیەت بە بەو ناوچەیە و بە زاراوەی خودی ئەو ناوچەیە هەیە.**

## ئەفسانە { MYTH } :

یەکێک لە فۆلکلۆرگەلی گرنگی کوردی ئەفسانەیە ، کە فەڕەنگیەکان پێی دەڵێن {MYTH} . ئەفسانە چەشنە فۆلکلۆرێکە کە زۆر شتی سەیر و نا سروشتی تێدا بێ و ەک شتە ئاساییەکان نەبێ .

بۆ وێنە ئەفسانەی دێوی سپی ، لە زمانی کوردی دا ، زۆر لەو شتانەی کە تێی دایە ، شتی سروشتی و ئاسایی نین .

لە ئەفسانەی دێوی سپی دا دەڵێ :

دێوی سپی هاتە کن فاتێ ، کە کچە مندلێکی هەتیو بو و لە کن باوەژن دەژیا و پێی وت " فاتێ ! ئەمە موی منە ، با لە کنت بێ ، هەر کاتێک باوەژنەکەت عەزر و جەزری کردی ، ئەم مووەی من هەڵ پڕووزێنە ، لە هەر کوێەک بم خیرا دێم بە هاوارتەوە و رزگارت دەکەم ". جا هەر بەم شتە کە پێیان وتوە تەلیسمی دێو ، دێوی سپی فاتێی لە زەبر و زەنگی باوەژن پاراستوە .

{ تێبینی نووسەر : باوەژنی واش هەیە لە دایک زۆر باشترە } .

یا لە ئەفسانەی مووروە دەنگیلە دا ، دەڵێ :

حەبێ کە منداڵێکی وردیلانە بو ، رۆژێکی پایز پاش باران بارین کە خۆر کەوتبو ، لە بەر بەڕبەڕۆچکەی دەرگەی ماڵەکەی خۆیان دانیشتبو . هەر لە خووە . چیلکەیەکی بە

دەستەوە گرت و خەریکی هەڵــکۆلینی عــەرزە تەڕەکــە بــو . لەپڕ تەماشای کــرد ، شــتێکی خــڕی چکۆلــە وەدەر کــەوت و دەستی کرد بە قسە کردن . ئەو شتە بە حەبێی وت " من مورووە دەنگیلەم و هەر پەیامێکت هەیــە ، پــێم بڵــێ بــۆت بگــەێنم" .
حەبێش پەیامی خۆی پێ دا کە بیبا بۆ نەنــە دێ دێ ، کــە دایە گەورەی حەبێ بــو و زۆر لــە مێــژ بــو نەیــدیبو و بــیری کردبو ...

دیارە ئەفسانە هەر هــی گــەلی کــورد نیــە و زۆر لــە گــەلانی دیکەش ئەفسانەی جۆر بە جۆریان هەیە ، کە یەکێک لەوانــە گەلی یۆنانە . من نزیکەی ساڵێک لە وڵاتی یۆنان خەریکی لێ کۆڵینەوە بووم ، رەنگە بتوانم بڵێم سەدان ئەفسانەیان هەیــە . تەنانەت ، چەند دانە لە حەوت عەجایبەکەی جیهان ، کە لــە وڵاتی یۆنان دان ، بــە هــۆی بۆچــوونی ئەفســانەیی باسیان دەکەن ، کە یەکێک لەوانە پەیکەری هێڕکوولە .

بە کورتی ، ئەفسانە لە نێو هەمو گەلێک دا ، دروشمــی بــیر و بۆچوون و ویستە دەروونیە کانی ئەو گەلەیە ، کە بە چەشنی فیزیکــی و راســتە قینــە نەهاتوەتــە دی . بــۆ وێنــە ، لــە ئەفسانەی شانامەی فیردەوســیش دا ، خــودی { روســتەم } ، بریەتیە لە ویستەکانی فیردەوسی و ئەو کاتەی گەلی فارس ، کە بۆ خــۆی چەشــنە هێڕکوولێکــە ، بــە چەشــنی هــۆنراوە دەربڕراوە ، کە خودی فیردەوسیش ددانی پێدا دەنێ و دەڵێ :

کە رستم یلی بود در سیستان منش زندە کردم بە دین داستان

واتە : رۆستەم پاڵەوانێک بو لە سیستان ، من بەم داستانە رۆحم کرد بە بەریدا .

یا خودی ئەفسانەی سیمورغی شانامە ، ئەگەر بە قووڵی تێی بفکرین ، منداڵی ئەو بیر و باوەڕە بوە ، کە لە ئاکامـدا چـۆن بتوانن ، گەلی ئاریـایی فـارس لــە بــن چەکەمــەی ســتەمی رامیاری و فەرهەنگی منداڵەکانی یەزید و مەزید رزگار بکەن .

مامۆسـتا ئەحمـەدی خــانیش ، کاتــێ بــەیتی ئەفسـانەیی { مەموزین} ی نووسیوەتەوە ، لە زۆر جێگــەدا ، ئاواتــەکانی گەلی کوردی ، لە چوار چێوەی ئەفسانەدا ، دەربــڕیوە - کــە تا ئێستاش هەر لە چوارچێوەی خەو و خەیاڵ دا ماونەتــەوە - کە یەکێک لەوانە سەربەستی کوردستانی گەورەیە .

# کوردناسی :

**<u>تێبینی : بابەتی ئەم جارە و بابەتە کانی دوای ئەمەش لەم کتێبـە دا ، بە شێکن لە کۆمەڵناسی کورد ، کە لــە لایەکیشەوە دەتوانین بە داب و نــەریتی فۆلکلــۆری و کەلەپووری نەتەوایەتیشیان دابنێن :</u>**

لەم بەشەدا ، باسی ئـەوە دەکـەین کـە لــە پـێش پەیـدابوونی نەوتدا ، لە کوردستان بۆ رۆوناکی ، کەڵکیان لە چی وەرگرتوە :

بەر لەوەی کە نەوت و کارەبا پەیدا ببێ ، لە ناوچە کورد نشـینە کان، بۆ روونکرنەوە ، کەڵکیان لەم شتانە وەرگرتوە :

1- هی داروگیایی :

- دار .
- پووش .
- کۆڵو.
- گەون ـ گوێنی )
- چرپی .
- گەڵا .

- دار و گیای دیکە .

رووناکی دار وگیایی ، زۆر تر بەم چەشنە بو کە  دار و گیا و شتی وایان دەهینا و لە تەنوور و کوانو و شتی وادا دەیانسووتاند و رووناکیان لێ وەردەگرت .

2 – هی رۆنی :

- شیلە گەرچەک .

- رۆنی زەیتوون .

- رۆنی کونجی .

- رۆنی گوڵەبەرۆژە .

- رۆنی لۆکە .

- رۆنەکانی دیکە .

بۆ سازکرد نی ئەم رۆنانە بۆ رووناکی ، تێکنیکی جۆر بە جۆر بە کار دەبرا ، کە ئێستا لە ئێرە دا بۆ وێنە ،  باسی تێکنیکی کەڵک وەرگرتن لە شیلە گەرچەک دە کەم ، کە بە چاوی خۆم دیومە و کەڵکم لێ وەرگرتوە ..

لە ساڵی 1324ی هەتاویدا ، کە هێشتا نەوت و کارەبا بە تەسەلی نەهاتبوە ناوچەی موکریان ، بەم چەشنە بۆ رووناکی کەڵکیان لە گەرچەک وەردەگرت :

1- گەرچەکێکی زۆریان دادەچەند .

2- لە قەراغی شارگەل و گوندەکان ، لەگەڵ شایی و هەڵپەڕین ، لە جێی تایبە تی خۆی بە بەرد گەرچەکەکەیان دەکوتا ، تا شیلە گەرچەک دروست دەبو . .

3- شیلەکەیان دەدا لە پلێتەی لۆکە ی بادروا ، تا چەور دەبو .

4- پلیتەکەیان دەنا نێو چرای گڵی شیلە گەرچەکی دروستکراوی کوردستان و وەک شەم دەیانسووتاند تا رووناکی بدا .

5- لە هێندێک جێگەش شیلەی گەرچەکەکەیان دەکردە نێو چرا و بە کەڵک وەرگرتن لە پلێتە دەیانسووتاند و رووناکی دەدا .

بەڵام چرای شیلە گەرچەک خراپیەکەی ئەمە بو کە دووکەڵی دەکرد و دەشبو هەر نیو سەعات یەکێک لووتی بسڕێ!!! ،دەنا دەکوژاوە ،کە بەو کە سە یان دەوت لووتسڕ .

بەڵێ زۆر لە مرۆڤگەلی هەڵکەوتوی کورد ، لە بەر ئەم چەشنە چرایانە وانەیان خوێندوە و پێگەیشتوون – ئەی ئێمە لەبەر رووناکی نەوت و کارەبا چی دەکەین ؟

# شەمشەمە کوێرە :

هەروەک لە پێشدا وتم ، کەلەپووری نەتەوایەتی کورد بریەتیە لە فۆلکلۆر ، داب و نەریت ، ئەفسانە و بیر و باوەڕی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان ، کە لە درێژایی مێژودا ، وەک کەلەپوور بو ئێمە ماونەتەوە .

جا ، ئێستا لە بەشی ئەمجارەماندا ، بە پێی کەلەپووری نەتەوایەتی کورد ، باسی شەمشەمە کوێرە تان بو دەکەم :

شەمشەمە کوێرە چەشنە پەلەوەرێکی مەمکدارە ،کە زۆرتر رەنگی رەشە و لە جێی تاریک دا دەژی . رنگە ئەم وشەیە لە وشەی { شەم } و {کوێر}پێکهاتبێ و بەو مانایە بێ ،کە تەنانەت لەبەر تیشکی شەمیش چاوی هەڵنایە و وەک کوێری لێ دێ . ئەم پەلەوەرە سەیرە ، باڵەکانی لە پەردەی چەتری تایبەتی باران دەچێ و زۆرتر بە رۆژ دەخەوێ ، بەشەودا بەخەبەرە و لە جێی تاریک و تنۆک دا ، دەژی ،کە یەکێک لەوانە غار و ئەشکەوت و توونی حەمامە کۆنە .

لە بیروباوەڕی کەلەپووری کوردی دا دەڵێن ، هەر کەسێک لە باڵی شەمشەمە کوێرەدا ئاو بخواتەوە ، زەینی رۆشن دەکاتەوە و بە قەولی کوردی مزریک دەبێ !؟ .

کاتێ ئێمە منداڵ بوین ، زۆر لە هاواڵە وردیلانە کانمان ، دەچوون ئاویان دەکردە پەڕەی باڵی شەمشەمە کوێرە و

**دەیانخواردەوە ، تا مزریک و هۆشیار ببن و بە وتەی ئـەو کاتە ، بۆ زانایی ،وەک مەلای ماوەڕانیان لێ بێ .**

**من بۆخۆم رۆژێک بە منداڵی هەر چۆن بو ، دەنکێ شەمشەمە کوێرەم لە توونی حەمامێک دا گـرت و هــەرچی جیکانــدی بەرم نەدا ، تا تۆزێکم ئاو کـردە بالــی و خواردمــەوە . بــەڵام** ئەمە بەو مانایە نیە کە بڵێم من مزریکم .

**لە زمانی کوردی دا ، ئەم قسـە نەسـتەقەش هەیــە : {دەڵێی شەمشەمە کوێریە ، هەر خۆی لە جێگەی تاریک دەکوتێ } .**

# هەڵپەڕكێ :

هەڵپەركێ لە بەستێنی فۆلكلۆر ، كەلەپوور و داب و نـەریتی كوردیدا ، شوێنێكی زۆر گرنگی هەیە . هۆكەشی ئەمەیە ، كـە گەلی كورد گەلێكی شاد ، سـەر زینـدو و جـوامێرە و دژی خەم و گریان و پەژارەیە . هەر لەبەر ئەمـە ، لـە كوردسـتانی گەورە زۆر چەشنی هەڵپەڕكێ هەیە ، كە هێندێكیان ئەمانـەن : چۆپی ، رۆینە ، داغە ، سێ پێیی ، فەتاح پاشایی ، شێخانی و دەیان چەشنی دیكە . دەتوانین چەمـەریش ، كـە تایبـەتی شین و شینگێڕیە بە چەشنە هەڵپەڕكێیەک دابنێین . لەوانەیە بلێم لـە كوردسـتانی گـەورە ، زۆ ناوچـەی جیـاواز ، هەڵپەڕكێی تایبەتی خۆیان هەیە ، یا بە لای كەمـەوە نـاوی هەڵپەڕكێكان لە زۆر ناوچە دا ، جوێن .

بێجگە لەوەی كە چەشنگەلی جۆر بە جۆری هەڵپەڕكێی كوردی هەیە ، كوردان بە زۆر بۆنەشەوە ، هەڵدەپەڕن كە برێـک لـەم بۆنانە ئەمانەن :

- جەژنی نەورۆز .
- چوار شەممە سووری .
- سێزدە بەدەر .
- سەما كردن بۆ بووک .

- **شایی و ژن هێنان .**
- **شایی لە دایک بوون .**
- **شێلانی قوڕی دیزە و گۆزە .**
- **هێنانی قوڕی دیزە و گۆزە لە گڵەجان .**
- **چوونە سەر پیر و چاک .**
- **چەمەر چۆپی مردن و شیوەن .**
- **مەڕ دۆشین .**
- **مانگە شەوی هاوین .**
- **هێنانی گێلاخە ، کەنگر ، رێواس ، مەنێ ، قەزوان و ...لە کێو .**
- **دەتوانین زکری ئایننی دەروێشەکانیش بە چەشنە هەڵپەرکێیەکی عیرفانی دابنێن .**
- **مازوچنین .**
- **باغ رنین .**
- **خوری ، بەرگن شۆردن .**

- **شیو و کوڵ** { **شت شۆردن** } .
- **خەتەنە سووران** .
- **بووکە بارانێ** .
- **زۆر بۆنەی دیکەش** .

**تێبینی** : **لە زمانی کوردیدا ، وشەی** {**سەما**}**لەگەڵ وشەی** {**هەڵپەڕکێ** } **تۆفیریان هەیە . سەما بە** {**رەقس** } **ی ئارام دەڵێن و هەڵپەڕکێ بە مانای** { **پایکووبی** } **فارسیە**.

تێبینی : هەتا بڵێی کورد گۆرانی فۆکلۆریشێ هەیە ، کە دەتوانین چەندین کتێب سەبارەت بەوان بنووسین و نووسراویشە .

## کەڵک وەرگرتن لە فۆلکلۆر ، لە جێی بەردەنووس :

هەر وەک وتم ، نەیاران و داگیرکەرانی کوردستان ، نەیانهێشتوە بەو چەشنە مێژو و مەبەستی فەرهەنگی نووسراو و ... مان ببێ ، ئەگەر شتێکیش نووسرابێ ، زۆرتر لەبەین براوە و فەوتاوە . لە لایەکیشەوە ،کەس نازانێ لە هێرشی باووباپیرانی سەددام و مەددام دا ، چ شوێنەوارگەلێکی بەنرخ مان لە نێوچوون و لە تەم و مژی مێژودا ، نوقم و گوم بوون .

بەڵام بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە زلەیە ، دەتوانین لە زۆر لە فۆلکلۆرە کوردیەکان کەڵک وەربگرین ، و لە جێگەی بەڵگە ، بەردەنووس ، پێست نووس و شتی وا بەکاریان بهێنین ، کە یەکێک لەوانە { هۆنراوەی فۆلکلۆری } کوردیە .

ئێستا بۆ وێنە و وەک مشتێکی چکۆلە لە گشتێک ، هۆنراوەی فۆلکلۆری خوارەوە راڤە دەکەین ، تا بزانین چ شتێکی لێ وەدەست دەهێنین :

<u>ئەی لە شابەختی ریش کلکە مەیموون</u>

تۆپەکەی دابەست ، لە پشت قەیلەسوون

q شابەختی : لە سپای پەهلەوی دا ، ئەرتەشبود بوە .

q ریش کلکە مەیموون : وا دیارە شابەختیش ریشی بوە و لە کلکی مەیموون چوە . ئەمە شتێکی مێتافۆڕیکیشە و مەبەست لەوەیە کە ئەو کەسەی هۆنراوەکەی وتوە ، ئەوی لە گەڵ مەیموون دا شوبهاندوە ، یانی قینی لێی بوە ، چون لە فەرهەنگی کورد دا ، مەیموون بە ژینەوەرێکی پەست دەزانرێ .

q تۆپ : ئەوە دەگەیێنێ کە ئەویش بە تۆپ دژی کورد شەڕی کردوە .

q لەپشت قەیلەسوون : دەڵێ تۆپەکەی لە پشت قەیلەسوون دابەستوە ، کە قەسیلەسوون گوندێکە لە رۆژهەڵاتی شاری سەقز . واتە سپای شا تۆپ و چەکی دیکەی هێناوە و لە لەوێ دایبەستوە ، کە ئەمە دەگەیێنێ ،لەو کاتە دا ، لە کوردستان دژی شا راپەڕین بوە و دەوڵەتی پەهلەوی ، بۆ سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشە ، بە سەرپەرشتی ئەرتەشبود شابەختی ، بۆ کوردستان لەشکرکێشی کردوە - هەر وەک ساڵی 1968 بە سەرپەرشتی ئەرتەشبود ئوەیسی ، سپای نارده سەر کوردستان و خەباتگێڕانی قەلاچۆ کرد و هتد .

# مەڕەبێرە :

مەڕەبێرە لە دو وشەی { مەڕ } و { بێرە } ەوە هاتوە ، کە بە مانای {مەڕ هێنان } ە . لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی گەورە وشەی دیکەش بۆ ئەم کارە هەیە ، وەک { رانە بێرە } و شتی دیکە .

بۆیە بەم نەریتە دەڵێن { مەڕەبێرە } ، چون لە زۆر لە ناوچە کانی کوردستانی مەزن ، لە مانگی گوڵان { بانەمەڕ}ەوە ، کە لەوەڕ زۆر خۆش دەبێ و هەوا رو لە گەرم بوون دەکا ، کاتی خۆراوا ، رانی مەڕ و بزن و ئاژەڵی وردە، بە بێ بێچوەکانیان ، دەبەن بۆ کێو و شاخ بۆ لەوەڕگەکان ، کە لەوێ بلەوەڕێن و شیریان زۆر بێ . زۆرتر ، شوان ران دەبا بۆ کێو و شاخ ، بەڵام دەکرێ ، خاوە ئاژەڵ بۆخۆشی ئەم کارە بکا . کاتێ بۆ مەڕەبێرە ران دەخەنە کێو و شاخ ، شوان یا چاودێری ئاژەڵ ، دەبێ کەپەنک ، گۆچان ، رست ، زەنگ ، سەگ ، شمشاڵ و شتومەک ، نان و چێشتی پێویستی پێ بێ . کەپەنک سیپاڵی تایبەتی شوانە کە لە خوری= بەرگن دروست کراوە ، گۆچان داردەستی چەماوی شوانە ، رست سەگی پێ دەبەستنەوە ، زەنگ دەکەنە ملی پەز ، تا بە دەنگی زەنگ شوان بتوانی هەست لە ئاژەڵ رابگرێ و چاودێری بکا ، سەگ بۆ پاراستنی پەزە لە گورک ، دڕ و درنج و دز و شمشاڵ بۆ ئەوەیە کە پەز لەوەڕێن لێی بدا ، تا ران باشتر لەوەڕ بخوا و شیری پتر بێ .

کاتێ بە ئێوران ران دەبەنە مەڕەبێرە ، پەز دەبێ تەواوی شەو لە کێو بلەوڕێ و بەیانی نزیک قاوەلّتوون ، بیهێننەوە بو ئاوایی . کاتێ بۆ سبەینێ ران گەیشتەوە بە ئاوایی . زۆر لە پەزاکان مالّی خاوەنیان دەناسن و بۆ خۆیان دەچنەوە بۆ مالّی خۆیان ، بەلّام داب وایە لە هەر مالّێکەوە ، کەسێک بێ و پەزەکانی خۆیان بەرێتەوە و ئەگەر پەزێک دیار نەبو ، شوان ئاگادار بکا .

کاتێ پەز چوەوە مالّی خاوەنەکی ، ئافرەتانی ئەو مالّە دەیدۆشن یا بە وتەی کوردی لە بێری دەدەن . بە ئافرەتی مەڕدۆش دەلّێن { بێری } و بەو دەفرەی شیری تیدا دەدۆشن ، دەلّێن {مەڕدۆش } . کەسێکیش لە سەر بەردێک ، دارێک شتێکی وەها دادەنیشێ کە بەو شتە دەلّێن { بەردە بێر } و ملی پەزەکان دەگرێ تا راوەستن و بیاندۆشن . رەنگە کەسێکیش پەزە کان لێخۆڕێ بۆ لای بەردە بێرەکە ، کە بەم کارەِش دەلّێن {هاوێر کردن } ، یانی لێخوڕین بەرەوە بێری و بەردە بێر .

کاتی پەز دۆشین ، بێری تۆزێک شیر لە گوانیان دا دەهێلّێتەوە بۆ بێچوەکانیان . پاش ئەوەی دوشینی پەز تەواو بو ، بەرخ و کارژیلە ، لە نێو کۆزەوە ، بەردەدەنە لای دایکەکەنیان . بەم کارە دەلّێن {پەز تێ بەردان }. بەرخ ، کارژیلە و دایکەکانیان دەست دەکەن بە باقە باق و بێچوە کان

شیری گوانی دایکیان دەمژن . لە پاشان لە یەکیان جویێ دەکەنەوە ، کە بەم کارە دەڵێن {هەڵاواردن} .

لە گەرمای نیوەڕۆ دا ، مەڕ و بزن لە ئاوایی دەحەسێنەوە و دیسان کاتی خۆراوا دەیانبەنەوە بۆ کێو و چیا . ئەم کارە { مەڕەبێرە } هەتا نزیکی پایز کە هەوا دەزرنگێتەوە و شەو درێژ دەبێ ، درێژەی دەبێ .

زۆر جار بوە ، کە کچە بێری و کوڕە شوان ، بە ئەوینی خاوێنی کوردی هۆگری یەکتر بوون ، کە ئەم هۆنراوە فۆلکلۆریە دروشمی ئەوینێکی وەها رەسەن و رەبەنە :

کچە بێری :

شوانە هەی شوانە !

شوانەی رەنجە ڕۆ !

بستێ منداڵ بووم مەیلم دا بە تۆ .

کوڕەشوان :

مەڕوانە شوانم ، چۆغەم لەبەردا ،

لە بن ئەم چۆغە کانی گەوهەر دا .

حەو ساڵ شوانیم کرد ، تا قەدریان زانیم ،

کاوڕێکیان دا پێم ، بۆ شەرتە شوانیم ،

گورگی پەچەسوور لێم بو بە دوژمن ،

کاوڕەکەی خواردم ، چی بدەم بە ژن .

دەستی شکاوم بۆ چاوەکانی ،

بۆ زیتەزیتی نێو شاخەکانی ،

بۆ رانکوچۆغەی لای هەورامانی .

کاوڕەکەی خواردم چی بدەم بە ژن ؟؟؟

# شەماڵ :

بای شەماڵ بایەکە ، کە لە زۆر لە ناوچەگەلی کوردستانی گەورە دێ و رەنگە لە زۆر ناوچەش ناوی دیکەشی هەبێ . بای شەماڵی زوربەی هەرێم گەلی کوردستان ، لە گەڵ خۆر دەچرخێ ، واتە بەیانیان لە روژهەڵاتەوە دێ ، نیوەڕۆیان لە باشوورەوە و ئێواران و شەو لە رۆژاواوە . بای شەماڵ بە بایەکی مێدیتێڕانەیەیی { زەریای نێوەڕاست } دادەنرێ و بایەکی فێنکە ، نەک سارد و سڕ .

لە کەلەپووری کوردی دا ، بە شەماڵ دەڵێن {شەماڵە شێتە} ، یانی بایەکی بە گوڕ و بە رامالە ،چون زوربەی گێژەڵووکە کان بە دەم بای شەماڵەوەدێن و هەر ئەوە ، کە تەنوورەی گژەبا ساز دەکا .

شەماڵ لە ژیانی ئابووری و کشت و کاڵی کورد دا ، شوێنێکی هەرە گرنگی بوە و هەیە ، چون زوربەی خەرمانگەلی کوردستان بەم بایە شەن کراون .

بای شەماڵ دروشمی جوامێری ، خۆشی ، زەنوێری و فینکیشە . لەولای دیکەوە بای {زریان } ، کە بایەکی قوتبیە ، دروشمی سەرما و شەختەیە . بۆ وێنە ، هەر کات بە بای زریانەوە بەفر بباریێ ،دەڵێن بەفرێکی زۆری تێدەکا .

شەماڵی {وادە } یا بای وادە ، بای شەماڵێکە کە لە مانگی رەشەممە دا دێ و بەفر دەتاوێنێتەوە :

شەماڵی وادە قامکان دەگۆڕێ

هەوا ساز دەکا هەر یەک لە پۆڕێ

لە نێو بێشکەدا ، کۆرپەی خەو ڕەویو

ژیر دەکاتەوە وەک ماستی مەیو

پەنجێرەی لادێ لار و شەق و شڕ

بە گوڕمی شەماڵ دێنە زڕەزڕ

لە پەردەی فا دا دەکەن هاتوچۆ

گڕ و زیک دەبن وێنەی پیانو

بای وادەی شەماڵ موژدە پێدەرە

بەهار خەملێنە ، خەفەت لابەرە

جەژنە بۆ سۆران چون سەوداییە

هاورێی شەماڵە و خوی تەنیاییە .

لە نێو کوردەواری دا ، شەماڵ ناوی کوڕە و بە تازەیی زۆر لە کوڕەکان ناو دەنێن شەماڵ . ڕەنگە بتوانین بڵێین ، کە بە ناوبانگترین شەماڵ ناو لە کوردستان ، مامۆستا { شەماڵ سایب } ە ، کە یەکێک لە هونەرمەندانی مەزنی ئێمەیە و

**بۆ خۆی خاوەنی قوتابخانەیەکی تایبەتە لە گۆرانی کوردی دا .**

**وشەی شــەماڵ ، لــە کەلــەپووری نەتەوایــەتی کــوردا دا ، شوێنێکی هەرە تایبەتی هەیــە و ئەگــەر بڕوانینــە بــەیت ، هۆنراوە ، پەند و مەتەڵی کوردی ... ، رەنگە بە سەدان جــار ئەم وشەیە هاتوە . بۆ وێنە لە یەکێک لە گۆرانیە فۆلکلۆرە هەرە کۆنەکانی کوردی دا ، بە ناوی { تەیرەکەی گــەرمێن } دەڵێ : یا خودا بای شەماڵ بە خێر بێی ، هــەی ! هــەوری بــە پۆڕ هێناوە .**

**یان لەم گۆرانیە دا وتراوە :**

**کاغەز دەنووسم بە خوێنی دەستم**

**دەیدەم بە شەماڵ بیبا بۆ دۆستم .**

**نایدەم بە شەماڵ پێچ و پەنایە**

**بۆخۆم بۆی دەبەم دڵ موبتەلایە .**

**بە کورتی بای شەماڵ لە نێو کورد دا ، بە وشــەیەکی پــیرۆز زانراوە و دروشمی و <u>مزگێنی هێنەری</u> هیوا و سەرکەوتنە .**

# دروێنه :

کەلەپووری نەتەوایەتی کورد ، پڕیەتی لە مەبەستی جێگـەی سەرنج و دەبێ ئەم وتە کۆنەی خۆم دووپاتە بکەمەوە ، کـە " وەک بەردنووسی ژیانی کورد وایە" .

بۆ وێنــه ، هــەروەک دەزانـین ژیـانی گـەلی کـورد لــه بـاری ئابووریەوە دو پاکڵ { کۆڵــەکە) ی هــەرە گرنگـی بـوه ، کـه یەکێکیان کشت و کاڵە و ئەوی دیکە ئاژەڵداری .

کاتی زو ماشـینی کێڵــان ، تووچانـدن ، دروێنــه و خــەرمان کوتین نەبوه و تەواوی ئەو کارانە بە چەشـنی سـوننەتی و بـه هۆی دەست و بازوی فەلا ، پاڵە و دروێنــە وانی کـورد ئـەنجام دراون ، کە هەر کامیان ، تێکنیک و ڕێوشوێنی تایبەتی خۆیـان بوه .

من هومێدم دەست و بازوی پاڵەیی کوردە ، لە کوێ ،

تازە باسی داسی خاسی کاکە ئەستالسن ئەکەم .

ئێستا لێرە دا ، باسی یەکێک لەو کارانەی سەرەوەتان لە ناوچەی موکریانی باشووری بۆ دەکەم ، بەڵام لە هەر ناوچەیەکی کوردستانی گەورە ، دروێنە ، ناو و ڕێورەسمی

**تایبەتی خۆی بوە ، بۆ وێنە لە زۆر جێگە پێیان وتوە {درەو} .**
**پێویستە ئەمەش روون بکەمەوە ، کە هێشتا ئەمساڵ {ساڵی 2704 } ی کوردی ، دروێنە لە زۆر لە ناوچە لێژ و کێوپارەکان ، هەر هەیە و بە تەواوی ماشینی دروێنە ، یانی کۆمباین و ماشینە کشتوکاڵیەکانی دیکە ، لەوێ ناتوانن کار بکەن .**

**کەرەسەی دروێنە لە ناوچەی موکریانی باشووری پێیان وتوە { داس } . داس ، کە بە تەشکی نیو جەغز ( دایرە) بوە ، زۆرتر لە شاری زەنگان دروست کراوە . بۆ دوورینی گیا و وێنجە و ئاڵف ، لە { مەڵەغان } کەڵک وەرگیرراوە . مەڵەغان زۆر لە داس درێژ ترە و هەر لە شمشێری دەسکدار دەچێ .**

**بۆ تیژ کردنی داس لە هەسان کەڵک وەردەگرن . هەسان چەشنە بەردێکی تایبەتە ، کە زۆر تر لە ناوچەی هەوشار { حەوت شار } هێناویانە . بۆ ئەوەش باش تیژ ببێ ، رۆنی ئاژەڵیان لە هەسانەکە داوە . ئەو حاجەتەی کە ئەو رۆنەی تێ دا بوە ، پێیان وتوە {کەڵەشاخ }. کەڵە شاخ، لە شاخی گا یا ئاژەڵی دیکە دروست کراوە . مەڵەغانیشیان بە هۆی کوتین تیژ کردوە .**

**دروێنە وان ، بۆ دروێنە کردنی گەنم و دەغڵەکانی دیکە ، کەڵکی لە داس وەرگرتوە و بە دەستی چەپی لاسکی دەغڵەکەی لە بن دا گرتوە و بە دەستی راستی ، بە داسە کە بڕیویەتی .پاش ئەوەی**

چەند لزگی دەغڵی بە داس بڕیوە ، کردویەتی بە چەپکێک و پێیان وتوە { سواڵە } . لە چەند دانە سواڵەش ، باغە { باقە} دروست دەبو . چەندین باغەش دەبوە {قەڵاتە}یەک ، یا {تایە} یەک . ئەگەر بە مەڵەغان کاریان کردبێ ، بەم چەپکانەیان وتوە { مەڵۆ} .

دروێنە ، زۆر ئیشێکی قورس بوە و کاری تایبەتی پیاو . پیاوگەلی دروێنەوان دەبو وەک شایی ریز بگرن و بەرەو سەربەرەوژووری دروێنە بکەن . بۆیە سەربەرەوژوور دەوێستان، کە پشتیان زۆر نەیەشێ . ئەوەی کە رێبەری کۆڕەکە بوە ، ناوی { پاڵە } بوە . دەبو پاڵە لە لای چەپی ریزی دروێنەوان و لە لای بەری پڕی دەغڵەکەوە کار بکا . پاڵە وەک سەرچۆپی وا بو و دروێنەوانی ئاخری ریزەکەش، وەک گاوانی . ئەو نۆبە دروێنەیە ، کە دەستیان پێ دەکرد ، پێیان دەوت {بەر} و باو وا بو، هەتا ئەو بەرە تەواو نەکەن { دەرنەکەن } پشو نەگرن . دروێنە وانەکان بە پێی چالاکی و رادەی کارکردن، لەو ریزەدا دەوێستان ، یانی ئەوی هەرە ئازا، دەبوە پاڵە و ئەوانی دیکەش ، لە ئازاوە بۆ کەمکار ریزیان دەبەست .

دروێنەوان دەبو خۆر نەکەوتوی بەیانی بگاتە سەر دروێنە و تا هەوا تاریک دەبێ ، کار بکا . پشوی دروێنەوان زۆر کەم بو و نەدەبو نیوەرۆ بخەوێ ، دەنا عەیب بو . بە گشتی سێ دانە پشوی هەبو : قاوەڵتون { بەرلەنیوەڕۆ } ، {نیوەرۆژە } و

{عەسرانە} . قاوەڵتوون و عەسرانە ، ئاویان دخوارد و ئەگەر ببوایە چاییشیان دەخواردەوە . نیوەڕۆش ، نیوەرۆژەیان دەخوارد ، کە زۆر جار نانی رەق و دۆی ترش بو . جاری واش بو ، چون نانی گەنم نەبو ، کولێرەی جو و گەنمەشامیان بە دۆوە دەخوارد . کەم کسیش کە داراتر بوون ، رەنگە چێشت و چاییشیان بخواردایە .

دروێنە وان زۆر جار ، بۆ ئەوەی ماندویان بحەسێتەوە ، بە بەر دروێنەوە گۆرانیان دەوت ، بەڵام هەڵپەڕکێی تێ دا نەبو .

هەر بنەماڵەیەک ، لە هەر گوندێک ، زوتر دروێنەکەی تەواو ببوایە ، جێگی خۆڕانان و شانازی بو . ئەگەرکەسێکیش بەدوا بکەوتایە ، تەریق دەبوەوە و شەوانە لە نێو ئاوایی سەریان دەخستە سەری . بەڵام ، لە ئاخری دا ،وزەی جوامێری کوردی دە هات بە هانایەوە و { هەرەوەز } یان بۆ دەکرد و بە یک دو رۆژ ، تەواوی دروێنە وانەکانی گوند ، دروێنەکەیان بۆ تەواو دەکرد .

هەر کەس دروێنەی تەواو دەبو ، دوا رۆژی دروێنە ، پشوی دەگرت و بە قەولی کوردی { سەربڕانە}ی دەدا . سەربڕانە ئەوەبو ، کە ژەمێک چێشتی باشی دەدا بە دروێنەوانەکان ، کە چون ئەم چێشتە دەبو چەور و خۆش بێ ، پێیان دەوت{ خواردن}.

پاش درویێنەش ، نۆبەی کێشە ، گێرە ، خەرمان هەڵگرتن ، کاکێشان و ... بو .

داستانێکی فۆلکلۆری : دەڵێن کابرایەک هەمو ساڵێک دەغڵ و دانی باشی نەدەبو . ساڵێک وتی دەبێ ئەمساڵ لە گەڵ خوا گیاتن دا ببمە شەریک ، بەشکو دەغڵ و دانەکەم باش بێ . بەم چەشنە ، بە وتەی خۆی لە گەڵ خودا بوە شەریک . کە هاتە کاتی خەرمان هەڵگرتن ، هەورێکی زۆر رەش ئاسمانی داگرت ، بارانێک باری، کە بە دەم چەخماخە و زرق و برقەوە ، سێڵاو تەواوی دەغڵ و دانەکەی رفاند و بردی . کابرای وەرزێر ، کە زۆر خەفەتبار بو . وتی : خوا گیان ، بەلای کەمەوە بدە لە قاوچەخماخ ﴿ چەخماخە ﴾ کە ، تا پاڵتاوەکەم بدۆزمەوە ، خوا ئەو کەسە بگرێ ، شەریکی لە تەک تۆ دا ئەکا .

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ناسنامەی کتێب | 3 |
| پێشەکی | 4 |
| بەشی یەکەم : "زمان" | 6 |
| ئەلفوبێ | 7 |
| ڕێزمان | 11 |
| ناو | 16 |
| چلۆنایەتی { سیفەت } | 18 |
| نووسینی پیتی{ و } | 20 |
| خاڵێکی تایبەت لە زمانی کوردی دا | 24 |
| مۆرفۆلۆژی { گۆڕانکاری } | 26 |

| | |
|---|---|
| 29 | کوردی کرمانجی (کورمانجی )یا کوردی شکاکی |
| 31 | دروشمی حەوت {v} لە رێنووسی زمانی کوردی دا |
| 35 | خاڵبەندی { Punctuation } |
| 39 | تایبەتمەندی زۆر گرنگی رێنووسی زمانی کوردی |
| 42 | زماني يەكگرتوی "اس .گێ. کا ". |
| 46 | وشەی { گۆران} لە تەرازوی زماننـاسی ادا |
| 50 | لـهجه شناسی زبان کردی |
| 59 | پاشگر =پاشكۆی { نگ } |
| 61 | پیتی زیادی "حەرفی ئیزافە" { دا }لە زمانی کوردیدا |
| 63 | کەو |
| 66 | [ ص ] ی مەهاباد ، [ ط] ی سلێمانی و [ ر] ی هەولێر |
| 68 | **بەشی 2 – وێژە** |
| 69 | وێژەی کوردی |
| 72 | باسێک لە سەر ناكۆكی نێوان بەرەی کلاسیک و نوێ |
| 77 | هۆنراوەی دە بەش { هیجا } یی کوردی |

| | |
|---|---|
| 79 | غەزەل |
| 82 | پێنج خشتەكی |
| 85 | تۆفیری هۆنراوەی كلاسیك و هۆنراوەی نویٚ |
| 88 | راڤەی دانەیەك لە هۆنراوەكانی مامۆستا مەولەوی |
| 90 | هۆي بەدیهاتنی هۆنراوە ، لە زەینی هۆنەردا چیه |
| 94 | مەلا عەبدوڵلا , موفتی تووتنچی پێنجوێنی |
| 97 | سەمفۆنی هەتاو (تابلۆ مووزیكال) |
| 101 | مەلای چۆڕی |
| 103 | تایبەتمەندی هۆنراوەی كلاسیكی باش |
| 105 | بەكارهێنانی پێشگر =پێشكۆی { ئە} |
| 107 | كورتە چیرۆك |
| 110 | هۆنراوەی گاڵتە { ساتیر } ، لە زمانی كوردی ادا |
| 113 | وشەی مەمك |
| 116 | وشەی[ خاڵ ] لە ویژەی كوردی ادا |

| | |
|---|---|
| 120 | **بەشی 3 - فۆلکلۆر** |
| 121 | فۆلکلۆر چیە |
| 126 | هۆی دروست بوونی فۆلکلۆری کوردی |
| 128 | بەیت |
| 131 | هۆنراوەی فۆلکلۆری |
| 134 | لێکدانەوەی مانای تاقە هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری |
| 136 | پەندی پێشینان |
| 140 | قسەی نەستەق |
| 144 | {دەڵێی کاسەی قەرەچی ئاو بردویەتی} |
| 147 | مەتەڵ |
| 149 | ئەفسانە { MYTH } |
| 152 | کوردناسی |
| 155 | شەمشەمە کوێرە |
| 157 | هەڵپەڕکێ |

| | |
|---|---|
| 160 | **کەڵک وەرگرتن لە فۆلکلۆر ، لە جێی بەردەنووس** |
| 162 | **مەڕەبێرە** |
| 166 | **شەماڵ** |
| 169 | **درووێنە** |
| 174 | پێڕست |

# دوایی

# زمان ، وێژه

# و

# فولکلۆری کوردی



ح.س.سۆران

**2009**